نەوزاد عەلی ئەحمەد

# یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

## تاراوگە ١٩٧٥-٢٠٠٥

## بۆردی هۆشیاری

ئۆرگانێکی هۆشیاری و رۆشنبیریی سیاسییە، لە چوارچێوەی مەکتەبی راگەیاندن و هۆشیاری، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پێنجەمین کۆنگرەی (ی. ن. ک) لە ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە.

ئەرکەکانی بریتین لە: دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی و حزبی، لەبەر رۆشنایی بنەما فیکری و سیاسییەکانی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ئاشتی و مافی چارەی خۆنووسین، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی پرسەکانی بیری هاوچەرخ و رەوتە فیکرییە نوێیەکان، دابینکردنی ئەدەبیاتی رێکخراوەیی، ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرهەمەکانی سەرۆک مام جەلال، نووسینەوەی مێژووی (ی. ن. ک) و شۆڕشی نوێ و رۆڵی لە بوژاندنەوەو درێژەپێدانی گیانی خەبات و بەرگری.

نەوزاد عەلی ئەحمەد

# یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

تاراوگە ١٩٧٥-٢٠٠٥

» یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، تاراوگە ١٩٧٥-٢٠٠٥
» نووسین: نەوزاد عەلی ئەحمەد
» دیزاین: کەمال حامد
» تیراژ: 500 دانە
» ساڵی چاپ: 2026
» چاپ: چاپخانەی کارۆ
» زنجیرە: (560 - 103)

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە سپاردنی (2334) ی ساڵی 2026 پێدراوە

بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

www.hoshyary.com inf@puknow

# پێڕست


پێشەکی ........................................................ ٧

بەشی یەکەم

کوردی تاراوگە و تاراوگەنشین! ........................................................ ٩

بەشی دووەم

لە دیمەشق تەئلیفکرا و لە بەرلین ئیمزا کرا........................................................ ١٧

بەشی سێیەم

ڕێکخستن و ڕێکخراوبوون........................................................ ٣١

بەشی چوارەم

گەرمکردنی ماکینەی راگەیاندن ........................................................ ٦٣

بەشی پێنجەم

چالاکی لەپێناوی؛ هاودەنگی و هاوکاری........................................................ ١٠٧

بەشی شەشەم

چاپ و چاپخانە ........................................................ ١٣٠

بەشی حەوتەم

چەتر و سێبەرەکانی یەکێتیی........................................................ ١٤٩

پوختە و ئەنجام........................................................ ١٦١

سەرچاوەکان........................................................ ١٦٢

# پێشەکی

بە مەبەستی توێژینەوە، هەزاران لاپەڕە لە بەڵگەنامەی گرنگی مێژووییم پۆلێنکردووە، بەڵام هەیهو لە کوێ دەست پێ بکەم و خاڵی کۆتایی لە کوێ دابنێم! چل ساڵ لەمەوبەر بە کۆکردنەوەیان دەستم پێکرد، راپەڕین هات دەرفەتی ناسینیان هاتە پێشەوە. سۆراغ و کۆکردنەوە، وێستگەی سەرەتایین بۆ کارکردن لەگەڵ بەڵگەنامەدا، ئینجا پشکنین و توێژینەوە.

نەخشەی کۆتایی بۆ بەڵگەنامە نییە، نەخوازەڵڵا بەڵگەنامە حزبی و رێکخراوەییەکان، بە جۆرێک پەرت و فەوتاون، توێژەر زۆر ماندوو دەکەن، کە گومان لە ئەنجامی توێژینەوەکەی بکات! چونکە بەردەوام بەڵگەنامەی دیکە لە دەرگا دەدات و ئەنجامێکی دیکە بە توێژنەوەکان دەدەن.

بۆ هێزێکی وەک یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەگەر تەنیا یەکەم قۆناغی وەربگرین، کە بریتییە لە قۆناغی شاخ (١٩٧٥-١٩٩١)، بەڵگەنامەکانی ئەوەندە زۆرن، توێژەر ناتوانێت دوا بڕیار لەسەر کارەکەی بدات. با نموویەک باس بکەم، پار هاوڕێی بەڕێزم؛ د. مۆفەق دەرگەڵەیی بەشێکی زۆر لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفەکەی پێشکەشکردم، دیسان دەڵێم هەیهو لەکوێ دەست پێبکەم، خەباتی کورد و یەکێتیی لە سۆڤیەت و روسیا، یاخود لەو سەدان لەتە رۆژنامە عەرەبی و سویدی و روسی و ئینگلیزییانەی لەکاتی راپەڕین و کۆڕەوەکە پۆلێنکراون، یان ئەو سەدان بەیاننامە و راگەیاندن و نووسراوە حزبییانەی، کە ئەرشیفی کردوون، بە تایبەتیش چالاکییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سۆڤیەتی جاران و روسیای ئەمڕۆ.

نامەوێت مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەشێوە سواوەکە

بنووسمەوە و پانزدە ساڵەکە وەک یەک پێکهاتە وەربگرم، ئەو مێژووە پارچە پارچە دەکەم و لە هەر پارچەیەک لەتێک وەردەگرم، بەپشت بەستن بە بەڵگەنامەی بەڵگەنەویست قسەوباسی تازەی لەبارەوە دەکەم.

دەزانم هیچ بەرهەمێک بەبێ کەموکوڕی نابێت، ئەم کارەی منیش بەدەر نییە لە کەلێن، چونکە ئەگەر مێژووی خەباتی تەنیا یەک کۆمیتەی ڕێکخستنی یەکێتیی لە دەرەوە بنووسرێتەوە، بە کتێبێک تەواو نابێت، کەواتە با ئەم کتێبەش ببێت بە کۆد و کلیل بۆ باس و تویژینەوەی دیکە. ئەو بەڵگەنامانەی لەم کتێبەدا داندراون، درێژەپێدەر و تەواوکەری بابەتەکانن.

وڵاتانی سوریا و لوبنان و ئێران تاراوگەن، بەڵام ناچنە چوارچێوەی ئەم کتێبە و دەبن بە بەرهەمی داهاتووم.

**نەوزاد عەلی ئەحمەد**
**زستانی ٢٠٢٦**
**ستۆکهۆڵم– سوید**

# بابەتی یەکەم؛

# کوردی تاراوگە و تاراوگەنشین!

## هۆكارەكانی كۆچ!

له كۆنەوە بەهۆی ململانێ، سەختی ژیان، هەڕەشەی سروشت، گەڕان بەدوای شوێنێكی ئارام، بوونەتە هۆكار بۆئەوەی مرۆڤ بیر له كۆچكردن بكاتەوە. كۆچ بەشێكی هەرە گەورەی له مێژووی مرۆڤ بۆ خۆی بردووە، كوردیش لەو مێژووە دانەبڕاوە. ئەوەی ئێمە باسی دەكەین، كۆچی كوردە بۆ ئەوروپا و ئەمریكا. كورد دەمێكە ئاشنایە بە كۆچكردن، ئەمانە هۆكارە دیارەكانن:

– له سەرەتادا چەندان كەس، به مەبەستی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵا روویان له وڵاتانی ئەوروپا و چەند وڵاتێكی نزیك له كوردستان كردووە. هەندێك لەو كەسانە دوای تەواوكردنی خوێندن، بۆ كوردستان نەگەڕاونەتەوە و داوای مافی پەنابەرێتیان كردووە.

– بەهۆی سیاسەتی به تورككردن و به عەرەبكردن و چەوساندنەوە و پێشێلی مافی مرۆڤ، داگیركردنی خاك. بۆ رەتكردنەوەی ئەو سیاسەتە، دەستەیەك له خوێندەوار و دەستەبژێرەكانی كۆمەڵگە روویان له دەرەوەی كوردستان كردووە.

– دوای درووستكردنی دەوڵەتەكانی ئێران، سوریا، عێراق، توركیا. سیاسەتی قڕكردنی كورد و بوونی چەندان پێكدادان و شەڕ و خەباتی چەكداریی، ئەمانەش هۆكارن، كه كورد كۆچی بۆ ئەوروپا و ئەمریكا كردووە.

– هەژاری، وەك فاكتەری ئابووری بۆتە هۆكارێك بۆ كۆچی كورد و خەڵكی كوردستان بۆ دەرەوە.

– سیاسەتی راوەدوونان و دەستگیركردن و زیندانیكردن و كوشتن و رەشبگیری بەدەر له یاسا و بەها مرۆڤایەتییەكان. هۆكاری دیكەن بۆ كۆچی

کورد و داواکردنی مافی پەنابەریتی.
– جەنگی گەورە و شەڕ و هەڕەشە، هۆکاری بەرچاون بۆ کۆچی کورد.
– شەڕەکانی ناوخۆی هێزە کورد و کوردستانییەکان، ئەمەش هۆکارێکی دیکەن بۆ کۆچی کورد بە تایبەتیش کۆچی لاوان بۆ ئەوروپا و وڵاتانی تر.

**قۆناغەکان**

ئەمانە، قۆناغەکانی کۆچی کوردن بۆ ئەوروپا و ئەمریکا:
– چلەکان و پەنجاکانی سەدەی رابردوو؛ قۆناغی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرز و پسپۆڕیتی.
– قۆناغی خۆرێکخستن و دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا (١٩٥٦–١٩٧٥)، کە ژمارەی کورد وردە وردە زۆردەبن.
– قۆناغی دەستی کار و بازووی کرێکار، دوای پەنجاکانی سەدەی رابردوو، کە دووەمین جەنگی جیهانی تەواو دەبێت، بۆ بنیاتنانەوە و وێرانییەکانی جەنگ، وڵاتانی ئەوروپا پێویستیان بە هێز و دەستی کار و بازووی کرێکارانی بیانی دەبێت، بەتایبەتی وڵاتی ئەڵمانیا.
– لە ساڵی (١٩٧٥) دوای هەرەسی بزووتنەوەی چەکداری لە باشووری کوردستاندا، بە شێوەیەکی رەسمی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چەند وڵاتێکی ئەوروپی مافی پەنابەرێتیان بە سەدان کورددا، لە ئێرانەوە، بۆ ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا گواسترانەوە.
– قۆناغی شکست و کۆدەتا، شکستی خەباتی چەکداری لە کوردستانی رۆژهەڵات دوای هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ساڵی (١٩٨٠–١٩٨٢)، بووە هاندەر بۆ کۆچی هەزاران کوردی ئێران بۆ وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا، کە تا ئێستاش بەردەوامە، هەروەها کودەتای میلیتاریی لە تورکیا ساڵی (١٩٨٠) کاریگەریی بەسەر کۆچی سەدان خوێندەوار و سیاسەتوان و رۆشنبیری کورد هەبووە، لە کوردستانی باکوور بە تایبەتیش دوای

پێڕەوکردنی سیاسەتی دەستگیرکردن و کوشتن و ڕەشبگیریی لە لایەن کودەتاچییەکانەوە (Rohat alakom, Kurderna- Fyrtio år i Sverige ,Serkland 2007).

- قۆناغی ئەنفال، ساڵی (١٩٨٨-١٩٨٩) لە باشووری کوردستان خەباتی چەکداریی ڕووبەڕووی شکست بووە، پێشمەرگە لە گۆڕەپانی ڕاستەقینەی خەبات دوورکەوتەوە، ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگە بە ڕێگەی قاچاغ و بە نارەسمی لە ڕێگای ئێران، تورکیا، سوریا و پاکستان بۆ وڵاتانی ئەوروپا کۆچیان کرد و داوای مافی پەنابەریتیان کرد.

- کۆچڕەوی خەڵکی باشووری کوردستان لە ساڵی (١٩٩١)، بووە هۆکارێک، کە ژمارەیەک لە خەڵکی کوردستان بە قاچاغ بگەنە ئەوروپا.

- قۆناغی شەڕی ناوخۆ لە باشووری کورستان (١٩٩٤-١٩٩٩) و دواتردا، لەم قۆناغەدا ژمارەیەکی زۆر لە کورد بۆ ئەوروپا کۆچییان کرد، لەبەر دوورەدەستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، نەگەیشتۆتە ئەوێ، مەگەر حاڵەتی کۆچی تاک ڕوویدابێت.

- قۆناغێکی دیکەی کۆچی کورد، لە دوای (١٩٩٦/٨/٣١) بوو، کە ئەمریکا زیاتر لە (٥٠٠٠) کوردی باشووری بۆ نیمچە دوورگەی گوام گواستەوە و پاش ماوەیەک بەسەر ویلایەتەکان دابەشی کردن.

## ژمارەی کورد لە تاراوگە

بە هۆی ناتەواوی لە کەیسی کورد لە کاتی داوای مافی پەنابەرێتی و نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، ناتوانرێت بە وردی ژمارەی کورد لە تاراوگەدا دیاری بکرێت. ماڵپەڕی ئینستیوتی کورد لە پاریس بڵاویکردۆتەوە (WWW.INSTITUTKURDE.ORG/EN/KURDORAMA)، سەرژمێرییەکی ورد و باوەڕپێکراو سەبارەت بە بوونی کورد لە ئەوروپا و ئەمریکادا نییە، بەڵام زۆربەی بۆچوونەکان لەگەڵ ئەوەن، کە نزیکی

ملیۆنێک کورد لە ئەوروپا دەژین. وەک ماڵپەڕەکە نووسیویەتی تا ساڵی (١٩٩٥) ژمارەی کورد لە ئەوروپادا بەم شێوەیە بووە:

ئەڵمانیا ٦٠٠٠٠٠ تا ٦٥٠٠٠٠

فەڕەنسا ١٠٠٠٠٠ تا ١٢٠٠٠٠

هۆڵەندا ٧٠٠٠٠ تا ٨٠٠٠٠

سویسرا ٥٠٠٠٠ تا ٧٠٠٠٠

بەلجیکا ٥٠٠٠٠ تا ٦٠٠٠٠

نەمسا ٥٠٠٠٠ تا ٦٠٠٠٠

سوید ٢٥٠٠٠ تا ٣٠٠٠٠

بەریتانیا ٢٠٠٠٠ تا ٢٥٠٠٠

یۆنان ٢٠٠٠٠ تا ٢٥٠٠٠

دانیمارک ٨٠٠٠ تا ١٠٠٠٠

نەرویج ٤٠٠٠ تا ٥٠٠٠

ئیتاڵیا ٣٠٠٠ تا ٤٠٠٠

فینلەندا ٢٠٠٠ تا ٣٠٠٠

ئەمە و هەمان ئەنستیتو بە مێژووی (٢٠١٦/٥/٣١)، سەرژمێرییەکی دیکەی بڵاوکردۆتەوە، وەک دەردەکەوێت، ژمارەی کورد لە ئەوروپا زۆر زیادی کردووە، بۆ نموونە: (ئەڵمانیا ٨٥٠٠٠٠، فەرەنسا ٢٣٠٠٠٠، سویسرا ٨٥٠٠٠، بەلجیکا ٧٠٠٠٠، نەمسا ٨٠٠٠٠، سوید ٨٥٠٠٠، ... هتد) بۆ وردەکاریی دەکرێت، دیسان سەیری سایتی ئەنستیتوی کورد لە پاریس بکرێت (.WWW INSTITUTKURDE.ORG/EN/KURDORAMA). بەهەمان شێوە بوونی کورد لە ئەمریکا، کەنەدا، ئوستralia و نیوزلەندیش زیادی کردووە.

کۆمەڵێک بۆنە و ڕووداو دەبنە پێوەر بۆ پێگە و ژمارەی کورد لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکادا، بۆ نموونە هەندێک ئاهەنگ کراون، کە زیاتر لە سێ

هەزار کەس بەشداریان تێدا کردووە، هەروەها ڕێپێوان بەڕێوەچووە، کە زیاتر لە حەوت هەزار کەس بەشداریان تێدا کردووە.

**کارکردن**

زمان و کارکردن و ناسینی کولتوری بەرامبەر، پێوەرن بۆ تیکەڵاوبوون لەگەڵ ئەو کۆمەڵگە تازانەی، کە رووی تێدەکرێت.

لە مەیدانی زانستدا: ئەگەرچی کورد و هەندەران مێژوویێکی ئەوەندە دوور و درێژیان نییە، بەڵام وەک تاک تێدەکۆشن تا پێگەی خۆیان لە نێو ئەو کۆمەڵگەیانەدا بەهێزبکەن، ئێستا لە هەندەران نەوەیەک پێگەیشتووە بە ڕێژەیەکی دیار روو لە خوێندنی بەرز دەکەن، هەتا بەرزترین پلەی خوێندەواری و ئاستی زانستی ناوەستن.

لە مەیدانی کار و بەرهەمدا: لە هەندەران دوای وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی باشترین وانە، کە رووبەرووی تاکەکان دەبێتەوە داڕشتنی پلانە بۆ کارکردن و چۆنیەتی دۆزینەوەی کار. کوردی تاراوگەنشین لە واتا و نهێنی کار و کارکردن گەیشتوون، ئێستا خەریکە جێ دەستیان لە بواری بەرهەمهێناندا بەرەو باشتر دەچێت. لەو رووەوە دەکرێت سەیری ئەم کتێبە بکرێت: (نەوزاد عەلی ئەحمەد، دەنگدان لە دەرەوە، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان، هەولێر ٢٠١٥). ژمارەکان زۆرن، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا کورد نەبۆتە لۆبییەکی یەکگرتوو، هۆکاری سەرەکی بۆ ئەو شکستە، پەیوەندی خراپی نێوان حزبەکانە لە تەواوی کوردستاندا. رووداوگەلێکی زۆر لەمێژووی پەنابەریی کورددا هەن، کە دەکرا لۆبییەکی یەکگرتووی لێ بەرهەمبهێنرێت، نەبوونی لۆبی زیانێکی زۆری لە خەباتی نەتەوەیی داوە!

## بەشی دووەم؛

# لە دیمەشق تەئلیفکرا و
# لە بەرلین ئیمزا کرا!

**دەسپێک**

مام جەلال ساڵی (١٩٧٣) لە باشووری کوردستان دەردەپەڕێندرێت و ڕوو لە شام دەکات، لەنێوان شام، بەیروت، قاهیرە لە جولە دابووە، ئەو لەسەر تێزی هاپەیمانێتی هێزە عێراقییەکان کاری دەکرد، لەو باوەڕەدابووە، ئەگەر شۆرشی باشووری کوردستان ئەو هاوپەیمانێتییە مسۆگەر نەکات، ئەو شۆڕشە چارەنووسی دیار نابێت. ئەو و فوئاد مەعسوم لە کۆمیتەی پەیوەندییەکانی عەرەبیی پارتی دیموکراتی کوردستان کاریان دەکرد. ڕۆژی (١٩٧٥/٣/٦)، کارەساتە گەورەکە ڕوودەدات «بارودۆخێکی ئاڵۆز و نائاسایی و دژوار باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشا، ئەو بارودۆخەش نەک تەنیا کوردستانی عیراق، بەڵکو هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستانی گرتەوە، ئەمە لەکاتێکدا زۆربەی ئەو تێکۆشەرانەی، کە چووبوونە ریزی شۆڕشەوە سەربازییەکان چ سیاسییەکان ورەیان بەردابوو، تا ئەو رادەیەی قەناعەتی ئەوەیان لاچەسپابوو، کە ئیتر بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد ناکوژێتەوە و بەردەوام نابێ«. (چاوپێکەوتن لەگەڵ د. کەمال فوئاد، یەکەمجار بە زمانی عەرەبی لە هەفتەنامەی الاتحاد بڵاوبۆتەوە، پاشان بە زمانی کوردی لە گۆڤاری رێبازی نوێ، ژمارە ١٩ی مانگی حوزەیرانی ٢٠٠٠ بڵاوبۆتەوە). نەوشیروان مستەفا دەڵێت: «مامجەلال کە ئەودەم، لە قاهیرە ئەژیا، هەواڵی نزیک کەوتنەوەی عیراق و ئێرانی بۆ بارزانی و سەرکردایەتی شۆڕش نوسی بوو». (نەوشیروان مستەفا ئەمین، لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عیراق ١٩٧٥-١٩٧٨، بەرلین ١٩٩٩، ل٢٤). د. فوئاد مەعسوم لە دەفتەری یاداشتەکانی نووسیویەتی «رێککەوتن نامەی نێوان عراق و ایران لە جەزائر ئیمزا کرا لەنێوان شای ایران و صدام حسین». (دەفتەری یاداشتەکانی

د. فوئاد مەعسوم ١٩٧٥/٣/٦). پێش هەرەس د. فوئاد مەعسوم نوێنەری پارتی بووە لە قاهیرە، مام جەلال دەبینێت «مام جلالم دی بە تفصیل دانیشتین و قسەمان کرد»، (١٩٧٥/٤/١). مام جەلال هەر زوو دەست بە جەولەی وڵاتان دەکات «مام جەلالم دی کە لە لیبیا گەڕاوەتەوە بەدوای چەند سعاتێ گەڕایەوە دمشق». (١٩٧٥/٤/٢٦). تا ئەوکاتە د. فوئاد لە قاهیرە دەژیا، مام جەلال داوای لێدەکات بچێتە شام «مام جەلال تەلەفۆنی بۆ کردم بچمە شام». (١٩٧٥/٥/١٨). عادل موراد و عەبدولرەزاق فەیلی لە ئێرانەوە دەگەنە شام، لەگەڵ مام جەلال و د. فوئاد مەعسوم دەبن بە چوار کەس: «مام جەلالم دی هەروەها عادل مراد و عبدالرزاق فەیلی هێندێ باسی وەزع و بەرنامەی داهاتومان کرد». (١٩٧٥/٥/٢١). مام جەلال نەوەستاوە و ناوەستێت، لە نێوان (١٩٧٥/٣/٦) تا رۆژی (١٩٧٥/٥/٢٢)دا بەردەوام بووە لەسەر پەیوەندییەکانی. لە پەنجا و شەستەکانی سەدەی رابردوودا لەنێو بزاڤە شۆڕشگێڕ و دیموکراتیخوازەکانی دنیادا دۆستگەلێکی زۆری هەبووە، بەتایبەتیش لەگەڵ فەڵەستینیەکاندا، ئەمە و چەند دیپلۆماتێکی وڵاتانیشی دەناسی، ئەمانە بوون بە سامانێک بۆ زووتر بە پێوە وەستانی رەوتی کارەکانی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

### یەکێتیی بۆ شۆڕش

هەر چواریان (مام جەلال، د. فوئاد مەعسوم، عادل موراد، عەبدولرەزاق فەیلی)، رۆژی (١٩٧٥/٥/٢٢) کۆدەبنەوە. بۆ پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکان دیسان بۆ دەفتەری یاداشتەکانی د. فوئاد مەعسوم دەگەڕێینەوە: «اعلانی دامەزراندنی یەکگرتوی نیشتمانی کوردستانمان کرد هەر چوارمان لە ریستورانی طلیطلە دانیشتین موناقەشەی بەیانەکەمان کرد کە مام جەلال ئامادەی کردبوو. جا نازانین تا ساڵی داهاتوو چەند قۆناغ دەتوانین ببڕین». (دەفتەری یاداشتەکانی د. فوئاد مەعسوم ١٩٧٥/٥/٢٢). رۆژی دواتر

«بەیانەکە پاک نوس کرا و ماوە چاپکردنی بڕیاریش درا من بە ماڵەوە بێمە دمشق». (دەفتەری یاداشتەکانی د. فوئاد مەعسوم ١٩٧٥/٦/٢٣). لە پەنجا و شەستەکانی سەدەی رابردوودا، کۆمەڵێک کورد بە مەبەستی خوێندن روویان لە ئەوروپا کردبووە، کە زۆربەی هەرەزۆریان لە ریزەکانی «کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا KSSE“ چالاک بوون، یەکێک لەوانە کەمال فوئاد بوو، ئەویش دوای هەرەسی (١٩٧٥) دەست بە پەیوەندیکردن دەکات، رۆژی (١٩٧٥/٤/١٦) بە ناوی (دەستەی دامەزرێنەر) (چاوپێکەوتنی ستران عەبدوڵڵا لەگەڵ د.کەمال فوئاد، رۆژنامەی کوردستانی نوێ، رۆژی ١٩٩٦/٦/١٠)، نامەیەک بۆ کۆمەڵێک کەسایەتی و هاوڕێی خۆی دەنێرێت بەمەبەستی کۆبوونەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو دۆخە تازەیەی هاتۆتە پێشەوە، ئەمە دەقی نامەکەیە: «بێ گومان ئێوەش هەستان بەو بۆشاییە گەورەیە کردووە، کە لە ئەنجامی تێکچونی شۆڕش و بڵاوە لێکردنی پارتی درووست بووە. ئەم بارە نوێیە ئەرکێکی پیرۆز ئەخاتە سەرشانی هەموو کوردێکی دڵسۆز.. ئەرکی هەوڵدان بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، پێش ئەوەی دوشمن سوودی لێ وەربگرێت. لەبەرئەوە بە پێویستی ئەزانین، کە بە زوترین کات هەوڵ بدرێت بۆ سازکردنی کۆبوونەوەیەک لە ئەندامە پاک و دڵسۆزەکانی پێشووی پارتی، بۆ لێدوان لە بارەی ئەم بارە نوێیەوە و بڕیاردان لەسەر شێوەی خۆرێکخستن و کارکردن و تێکۆشان لەسەر بناغەیەکی راست لە پێناوی هێنانەدی ئاواتەکانی گەلە چەوساوە و زۆرلێکراوەکەمان شان بە شانی هەڤاڵە دڵسۆزە شۆڕشگێڕ و کۆڵنەدەرەکانمان لە وڵات.

بۆ ئەم مەبەستە داواتان لێ ئەکەین، کە بە زووترین کات وەڵامی ئەم نامەیەمان بدەنەوە و بیروڕای خۆتان دەربڕن لەبارەی کات و شوێنی ئەو کۆبوونەوەیە، پێش ئەوەش لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەدا کە لە بیروڕادا وەکو ئێوەن کۆببنەوە و پوختەی بیروڕا و پێشنیارەکانیان لەگەڵ خۆتان دابهێنن بۆ کۆبوونەوەکە، تا کەڵک و سوودیان لێ وەربگیرێ و لە دانی بڕیارەکاندا

ڕەچاو بکرێن.

پێشەکی ئێمە لە ڕۆژانی ١٦-١٩٧٥/٥/١٩ بە کاتێکی باش ئەزانین بۆ ئەو کۆبوونەوەیە لە بەرلینی ڕۆژئاوا. تکایە هەر بیروڕایەکی کەتان هەیە لە بارەی کات و شوێنی کۆبوونەوەکەوە بە زووترین کات ئاگادارمان بکەن.

بۆ کۆبوونەوەی یەکەم وا بە لامانەوە پەسەندە، کە لە هەر وڵاتەوە ١- ٢ هەڤاڵ ئامادەبن. پارەی ڕێگا و مانەوە لە شوێنی کۆبوونەوە لەسەر بەشدارانی کۆبوونەوەکە خۆیانە. لە لایەن ئێمەوە تا ئێستا توانای هیچ یارمەتییەکی مالی نییە.

ئەم نامەیە نادرێت بە کەس و ئەهێنرێتەوە بۆ کۆبوونەوەکە و تەنیا بۆ ئەو هەڤاڵانە ئەخوێندرێتەوە کە لە بیروڕادا لەگەڵتان دان و جێگای بڕواتانن، ئەویش بۆ وەرگرتنی بیروڕاو پێشنیارەکانیان و هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان بۆ کۆبوونەوەکە.

ئیتر بۆ پێشەوە بەرەو دامەزراندنی پارتی پێشڕەوی ڕاستەقینە و شۆڕشگێڕ بۆ کوردستان، کە سەرکردایەتیی خەباتی گەلەکەمان بکات لە پێناوی ئازادی و دیموکراسی و مافی نەتەوەییدا». (نەوزاد عەلی ئەحمەد، پشکۆیەک لە خۆڵەمێشدا، سوید ٢٠١١). د. کەمال فوئاد لەو چاوپێکەوتنەی لەگەڵ هەفتەنامەی «الاتحاد» کردوویەتی دان بەوەدا دەنێت، کە چەند جارێک کۆبوونەوەکەی بەرلین لەبەر دواکەوتنی چوونی مام جەلال بۆ بەرلین دواخراوە، د. فوئاد مەعسوم نووسیویەتی: «مام جەلال سەفەری کرد بۆ ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و لەوێوە بۆ ڕۆژاوا». (دەفتەری یاداشتەکانی د. فوئاد مەعسوم ١٩٧٥/٥/٢٨).

بەمە دەردەکەوێت مام جەلال بۆ هەمان مەبەست سەردانی ئەورووپای کردووە، پێش ئەو نامەیەی سەرەوە، کەمال فوئاد ڕۆژی (١٩٧٥/٤/٨)، نامەیەکی دیکەی، بۆ چەند کەسێک بەنیازی کۆبوونەوە ناردووە: «زنجیرە کۆبوونەوەیەک لەناوەوەی وڵات و چەند ناوچەیەکی جیاجیای خۆرهەڵاتی

ناوەڕاست و ئەوروپا بەسترا، کە لەسەرەتای مانگی نیسانەوە دەستیان پێکرا، تێیدا بەشداربووانی ئەم کۆبوونەوانە هەوڵیان دا بەدیلێکی سیاسی پێک بهێنن بۆ ئەوەی ئەو کاروبارە بگرێتە ئەستۆ کە ئەوێ ڕۆژێ بەرەو رووی تێکۆشەران ئەبۆوە. بەم نیازە نامەیەکمان لەرۆژی ١٩٧٥/٤/٨، بۆ کۆمەڵێک لەهەڤاڵانی جێگا متمانە و سووربوون لەسەر درێژەپێدانی خەبات نارد، داوامان لێکردن ئامادەی کۆبوونەوەیەک بن لەبەرلین لەرۆژی ١٩٧٥/٤/١٥دا، بەرلەوەی نامەکە بگاتە خاوەنەکانی، مام جەلال سەردانێکی ئەوروپای کرد». رۆژی( ١٩٧٥/٤/٨) لە بەرلین مام جەلال و د. کەمال فوئاد یەکتریان بینیووە. کۆبوونەوەکەی بەرلین رۆژانی (٢٧-١٩٧٥/٥/٣٠) بەڕێوەدەچێت. ئامادەبووانی کۆبوونەوەکەی بەرلین بریتی بوون لە: «مام جەلال، د. کەمال فوئاد، عومەر شێخمووس، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، د.ئەرجومەند سدیق، د. حەسەن حەمە عەلی، د. دڵشاد ئەحمەدی، د. جەبار شەریف، د. لاوچاک ئەحمەد فەهمی» لەبەر کێشەی پەساپۆرت نەوشیروان مستەفا نەیتوانیوە ئامادەبێت. ئەم چەند کەسە نوێنەرایەتی (١٠٠) کەسیان دەکرد، چونکە هەر یەکێک لەمانە پێشتر پەیوەندیان بە چەند کەسێکەوە کردبوو، پشتیوانی و پشتگیریان لە پڕۆژەکە کردبوو». (چاوپێکەوتنی ستران عەبدوڵڵا لەگەڵ د. کەمال فوئاد، رۆژنامەی کوردستانی نوێ، بەشی دووەم رۆژی ١٩٩٦/٦/١١، ل٣). مام جەلال بەیاننامەکە بۆ ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە دەخوێنێتەوە، دوای گفتوگۆ، سووکە دەستکارییەکی چەند وشە و بڕگەیەکی دەکرێت، ئینجا ئامادەبووان پشتگیریی خۆیان رادەگەیەنن. بەمە بەرلین دەبێت بە دووەم وێستگەی گرنگ و مێژوویی بۆ دەستپێکردنەوەی خەبات لە باشووی کوردستاندا. د.کەمال فوئاد لە چاوپێکەوتنەکەی رۆژنامەی الاتحاد ئەم زانیارییانەش دەخاتەڕوو «لەسەر پێشنیازی ئێمەش بڕگەیەک بۆ بەیاننامەکە زیادکرا کە ناوەڕۆکەکەی بەم جۆرە بوو ئەوەبوو «دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەڵامدانەوەی بڕیاری وازهێنان لەشۆڕشی

کوردە، بۆیە داوا لەهەموو خەباتگێڕانی گەلەکەمان دەکەین، کە پشتیوانی لەم ڕێکخراوە نوێیە بکەن و درێژە بەخەباتیان بدەن لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد. دوای ئەم سووکە دەستکارییە بەیاننامەکەی رۆژی ١٩٧٥/٥/٢٢ ئامادەکرابوو رۆژی ١٩٧٥/٦/١ راگەیەنرا، کە ئەمەش بوو بە رۆژی بەڕەسمی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەڵام حەزدەکەم سەرلەنوێ ئەوەش بڵێمەوە کە دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زادەی ساتەوەختێک نەبوو، بەڵکو بەرهەمی هەوڵ و کۆششێک، کە نزیکەی دوو مانگ و نیوی خایاند».

بۆ راگەیاندنەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، د. خدر مەعسوم ئەم زانیارییە دەنووسێت: «ڕۆژی ١٩٧٥/٥/٢٣ لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆی سوریا و ڕۆژنامەی (الثورة)ی سوری بەیانی یەکەمی یەکێتی بڵاوکرایەوە، بە ناوی (الاتحاد الوطنی الکردستانی) بۆ ڕۆژی دوایی لە ڕۆژنامەی (الشرق) و (السفیر)ی لوبنانی و میدیاکانی میسر بڵاوکرایەوە بە ناونیشانی دامەزراندنی (الاتحاد الوطنی الکردستانی)، کۆپیی هەندێک لە ڕۆژنامەکان لای هێرۆخان پارێزراوە». (د. خدر مەعسوم، دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، رۆژنامەی کوردستانی نوێ، رۆژی ٢٠٢٥/٥/٢٧). د. فوئاد مەعسوم سوورە لەسەر ئەوەی، کە ١٩٧٥/٥/٢٢ رۆژی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان–ە، بەڵام لەو زانیارییانەی پێشەوەدا دەردەکەوێت، ئەو مەبەستی لە یەکەمین رەشنووسە و پەلەی بووە لە راگەیاندنی ئەو بەیاننامەیەدا، کە مام جەلال رۆژی (١٩٧٥/٥/٢٢) لە شام بۆیانی خوێندۆتەوە، جا ئەگەر وەک ئەو دەڵێت، رۆژی ١٩٧٥/٥/٢٢ بکرێت بە رۆژی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کەواتە کۆبوونەوەکەی بەرلین هیچ بەهایەکی مێژوویی نابێت، ئەی ئەو دەستکارییانەی لە بەیاننامەکەدا لە بەرلین کران پێویست نەبوون!؟. مام جەلال لە دیداری تەمەندا دەڵێت: «ئەگەر راستت دەوێ، رۆژی دامەزراندنی راستەقینەی یەکێتی ٢٢ی مایسە، نەوەک ١ی حوزەیران... بەیانەکەم نوسی

و من دوایی بەیانەکەم لەگەڵ خۆم برد بۆ ئەوروپا و هەندێک تەعدیلاتی بچوکی لەلایەن برادەرانەوە تێیداکرا» (سەلاح رەشید «ئامادەکردن»، مام جەلال دیداری تەمەن لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ٢٠١٧، ل٣٢). فوئاد مەعسوم لە دەفتەری یاداشتەکانیدا بۆ ناوی یەکێتیی ئەم سەرنجەی نووسیوە: «لە کۆبوونەوەی رۆژی ١٩٧٦/٣/٣٠ی دەستەی دامەزرێنەر بڕایریدا ناوی ی. ن. ک بە ئینگلیزی بەم شێوەیە بنووسرێت «PUK Patriotic Union Kurdistan“. هەروەها کوردییەکەش لە یەکگرتووی نیشتمانی کوردستان بۆ یەکێتیی نیشتمانی کوردستان گۆڕاوە، دەڵێن ئەم گۆڕانە لەسەر پێشنیاری ئیبراهیم ئەحمەد بووە. پێشتر لە جیاتی بنووسرێت یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەنووسرا یەکگرتووی نیشتمانیی کوردستان، مام جەلال دەڵێت دەقی عەرەبی بەیاننامەکەم بە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد پیشاندا، ئەو لە جیاتی وشەی یەکگرتوو، یەکێتیی پێ راستتربوو، ئەوەی د. فوئاد تۆماری کردووە، کە ئەو ناوە لە کۆبوونەوەی رۆژی (١٩٧٦/٣/٣٠) بڕیاری لێدراوە، بەڵام رۆژی (١٩٧٥/٧/١٤) لە پاریس بەیاننامەیەکی هاوبەشی بەرەی قوتابیانی کوردستانیی پێشکەوتوو لە ئەوروپا بڵاوبۆتەوە و ئەم لایەنانە ئیمزیان کردووە: (پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا- ئەوروپا) و (رێکخراوی رووناکبیرانی کوردی ئێران) و (بەرەی پێشکەوتووی کوردەکانی سوریا لە ئەوروپا) و (دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەوروپا)، کەواتە بەکارهێنانی وشەی "یەکگرتوو" تەنیا ماوەیەکی زۆر کورت بەکارهاتووە، وەک ئەوەنییە، کە د. فوئاد مەعسوم باسی دەکات.

بۆ رۆژی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جیاوازییەکە تەنیا (١٠) رۆژە، ئەمەش نەبۆتە کێشە. لە ئەدەبیاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دا، رۆژی (١٩٧٥/٦/١)بە رەسمی قەید کراوە و با ئەمەش بچێتە سەر دەفتەری ئەحواڵی بەشیر مشیری رەحمەتی، گرنگ ئەوەیە ئەو بەیاننامەیە

له شام مام جەلال تەئلیفی کرد و له بەرلین به کوللی ئیمزایان کرد، پیرۆزە. وەک زۆربەمان دەیناسین، بەڵام بۆ ئەولای ئەم عەسرە پێویستە بیناسینەوە، بەشیر مشیر[1] بەرگدرووویەکی بەناوبانگ و ناوێکی ناوداری مەشرەب خۆش بووە له بەغدا، دەیان نووسەر و ئەدیب و سیاسی کورد سەردانی دوکانەکەیان دەکرد، بابەتیان بەناوی ئەو دەنووسی، ئەویش هەمیشه ئەم قسەیەی دووبارە دەکردەوە؛ تۆ تألیف-ی بکە و ئەمنیش ئیمضای دەکەم. با ئەوەشمان لەبیر نەچێت، مام جەلال و د.کەمال فوئاد زۆر سەرسام بوون بەو پیاوە! هەردووکیان بەشیریست بوون.

ئەم بەشە، بەم نامەیەی د. کەمال فوئاد کۆتایی پێدێنم، کە بۆ حەلەوی[2] دەنێرێت: «کاک مەقصودی براتان نامەیەکی بەشیرانەی بۆ نوسیوم، وا هەر لەگەڵ ئەم نامەیەدا وەڵامی ئەدەمەوە، بێ گومان ئەوی بۆمان بکرێت بۆی ئەکەین. سەرەڕای شێوەی نوسینی نامەکەی، ناوەکەشی هەر بەشیرانەیە، ئینجا چۆن کارێک بە ئێمە و مانان بکرێت بۆی جێ بە جێ ناکەین!». (نامەی رۆژی ١٩٨٥/٨/١٧)، دیارە کاروباری رێکخستن و ماندووبوونی رۆژانە، لەم شێوازە نامانەش بەدەر نەبووە!

---

١ بەشیر موشیر (١٨٩٠- ١٩٦٣)

٢- د. فوئاد مەعسوم



" بيان الاتحاد الوطني الكردستاني "

...بات اتفاقية ٦ آذار ١٩٧٥ الخيانية بين الحكومتين العراقية والايرانية ، وبـ...

...برهنا على عجز البرجوازية البيروقراطية العراقية - الشوفينية بطبيعتها - عن حل القضية

القومية الكردية حلاً ديمقراطياً عادلاً ، مثلما أكدت الأحداث التي أعقبتها عجز القيادة

والبورجوازية الكردية اليمينية السائدة

...رتها وفشلها في قيادة الحركة القومية التحررية للشعب الكردي ، وأثبتت مجدداً...

الاقطاعية وعلى رأسها الامبريالية الامريكية و

...ن الدوائر الرجعية الطامعة لأرض كردستان ، ومن مقدمتها الحكومة الايرانية ... ليست

...أعداء ألداء للشعب الكردي ، ولسائر شعوب المنطقة ، لا تريد لها الا الاستعباد والحرمان

...جميع الحقوق القومية والديمقراطية ، ولا تضمر لها سوى الغدر والشر ، مهما تفننت في

...داع والتضليل ، وبرعت في حبك الدسائس ، وتدبير اللعب الدبلوماسية ، ومهما

...تزت بالبراقع المزركشة .

...لقد سطعت من جديد في سماء كردستان - كنجمة هادية - الحقيقة التاريخية التي

طالما بشر بها التيار التقدمي الكردستاني ، حقيقة : أن تحرير الشعب الكردي من الظلم

...الاستعمارية ، والاضطهاد القومي ، والاستغلال الطبقي لا يتم مطلقاً دون الاستناد

...الى النضال الجماهيري الثوري المتلاحم مع نضال الجماهير الشعبية العربية في جبهة

وطنية متحدة ، ضد الاستعمار والصهيونية والدكتاتورية .

...كما برز من خلال الوقائع والأحداث أنه لابد من أن تتلاقى القوى الثورية الكردستانية

مع سائر القوى التقدمية والقومية اليسارية في العراق ، لانجاز مهام الثورة

سەرچاوە: د.خدر مەعسوم، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ٢٠٢٥/٥/٢٧

عومەر

هەڤاڵی بەڕێز گیان ..................

سڵاوێکی گەرمی تێکۆشان -

بێ گومان ئێوەش هەستتان بەو بۆشاییە گەورەیە کردووە کە لە ئەنجامی تێکچوونی شۆڕش و بڵاوە لێکردنی پارتی دروست بووە . ئەم بارە نوێیە ئەرکێکی پیرۆز ئەخاتە سەرشانی هەموو کوردێکی دڵسۆز - ئەرکی هەوڵدان بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە پێش ئەوەی دوژمن سوودی لێ وەربگرێت . لەبەر ئەوە بە پێویستی ئەزانین کە بە زووترین کات هەوڵ بدرێت بۆ سازکردنی کۆبوونەوەیەک لە ئەندامە پاک و دڵسۆزەکانی پێشووی پارتی بۆ لێدووان لە باری ئەم بارە نوێیەوە و بڕیاردان لە سەر شێوەی خۆڕێکخستن و کارکردن و تێکۆشان لە سەر بناغەیەکی ڕاست لە پێناوی هێنانەدی ئاواتەکانی گەلە چەوساوە و زۆرلێکراوەکەمان شان بە شانی هەڤاڵە دڵسۆزە شۆڕشگێڕ و کۆڵنەدەرەکانمان لە وڵات .

بۆ ئەم مەبەستە داواتان لێ ئەکەین کە بە زووترین کات وەڵامی ئەم نامەیەمان بدەنەوە و بیرو ڕای خۆتان دەرببڕن لەبارەی کات و شوێنی ئەو کۆبوونەوەیە، پێش ئەوەش لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەدا کە لە بیروڕادا وەکو ئێوەن کۆببنەوە و پوختەی بیروڕا و پێشنیارەکانیان لەگەڵ خۆتاندا بهێنن بۆ کۆبوونەوەکە ، تا کەڵک و سوودیان لێ وەربگیرێ و لە دانی بڕیارەکاندا ڕەچاو بکرێن . پێشنیاری ئێمە ڕۆژانی ١٦ - ١٩ / ٥ / ١٩٧٥ بە کاتێکی باش ئەزانین بۆ ئەو کۆبوونەوەیە لە بەرلینی ڕۆژئاوا . تکایە هەر بیروڕایەکی کەتان هەیە لە بارەی کات و شوێنی کۆبوونەوەکەوە بە زووترین کات ئاگادارمان بکەن .

بۆ کۆبوونەوەی یەکەم ڕا بە لامانەوە پەسەندە کە لە هەر وڵاتێکەوە ١ - ٢ هەڤاڵ ئامادە بن . پارەی ڕێگا و مانەوە لە شوێنی کۆبوونەوە لە سەر بەشدارانی کۆبوونەوەکە خۆیانە . لە لایەن ئێمەوە تا ئێستا توانای هیچ یارمەتییەکی ماڵی نییە .

ئەم نامەیە نادرێت بە کەس و ئەمێنرێتەوە بۆ کۆبوونەوەکە و تەنیا بۆ ئەو هەڤاڵانە ئەنوێنرێتەوە کە لە بیروڕادا لەگەڵتاندان و جێگای بڕواتانن، ئەویش بۆ وەرگرتنی بیروڕا و پێشنیارەکانیان و هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان بۆ کۆبوونەوەکە .

ئیتر بۆ پێشەوە بەرەو دامەزراندنی پارتییەکی پێشڕەوی ڕاستەقینە و شۆڕشگێڕ بۆ کوردستان، کە سەرکردایەتی خەباتی گەلەکەمان بکات لە پێناوی ئازادی و دیموکراسی و مافی نەتەوەیی دا .

( دەستەی دامەزرێنەر )

١٦ / ٤ / ١٩٧٥

یەکێک لەنامەکان بۆ کۆبوونەوە لە بەرلین

## بەیانی

### بەرەی قوتابیانی کوردستانیی پێشکەوتوو لە ئەوروپا

ئێمە، نوێنەری ئەو ڕێکخراوانەی ئەم بەیانەیان ئیمزا کردووە -

لە بڕوامانەوە بە پێویستیی هاوکاری لە نێوان هێزە کوردستانییە پێشکەوتووەکاندا و پێویستیی کۆبوونەوەیان لە بەرەیەکی تێکۆشانی یەکگرتوودا بۆ بەرەنگاریی پیلانەکانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و شۆڤێنیزم دژی گەلەکەمان لە تورکیاو لە ئێران و لە عیراق وە لە پێناوی لابردنی سیاسەتی شۆڤێنی بەرامبەر بە کوردەکانی سووریا وە بۆ بەرپەرچدانەوەی ڕێکەوتنە خیانەتکارییەکەی نێوان کاربەدەستانی تاران و بەغدا کە ڕاستەوخۆ دژی گەلەکەمان ئاراستە کرا وە بۆ ئەوەی بتوانین دەوری خۆمان بە جۆرێکی کاریگەرو بەهێز ببینین لە خزمەتکردنی مەسەلەی ڕەوای گەلەکەمان داو بتوانین ( کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ) بخەینەوە سەر ڕێبازی پڕ لە شانازیو خەباتو تێکۆشانی جارانی لە پێناوی چاکەو سوودی گەلی کوردو مەسەلە نیشتمانییەکەیدا و یەکێتیی ڕیزەکانی بپارێزین لە خراپکاریی گێرەشێوێنان و نۆکەرانو بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیی دۆستانە لە نێوانی کۆمەڵەو ڕێکخراوە پێشکەوتووەکانی جیهاندا وە لەبەر بڕوای بەهێزمان بە پێویستیی یەکخستنی تێکۆشان لە نێوانی هێزە کوردستانییە پێشڕەوەکاندا لە هەموو بەشەکانی کوردستان ... بڕیارماندا بە دامەزراندنی :

( بەرەی قوتابیانی کوردستانیی پێشکەوتوو لە ئەوروپا )

بەم بۆنەیەوە بانگی هەموو ئەندامە تێکۆشەرو دڵسۆزەکانی ( کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ) ئەکەین، ئەوانەی بڕوایان بە ڕێبازی کوردستانیی پێشکەوتووانە هەیە لە تێکۆشاندا، بۆ ئەوەی لە دەوری ئەم بەرەیە کۆببنەوە و پشتگیریی خەباتی بکەن و لە پێناوی جێبەجێکردنی ئامانجەکانیدا تێبکۆشن و هەوڵ بدەن بۆ بەستنی کۆنگرەی حەڤدەهەمی کۆمەڵە و لە ئێستاوە خۆیان ئامادە بکەن بۆ بەشداریی یەکی چالاکانە لە کارو بارەکانیدا لە پێناوی گۆڕینی ئەو ڕێبازە کۆنەپەرستانەو نادیموکراتییانەی سەرکردەکانی کۆمەڵە لە ساڵانی ڕابووردوودا سەپاندبوویان بە سەریا، ئەو ڕێبازە چەوتو هەڵەیەی کۆمەڵەیدا بڕیبوو لە هێزە پێشکەوتووەکانی قوتابیان لە جیهاندا و گیانی خەباتو داهێنانی تیا تاساندبوو و چالاکییەکانی لە ناسکترین کاتا کە گەلەکەمانی پیا تێئەپەڕی وەستاندبوو ... وە تا بۆ هەموو جیهانی ئاشکرا بکەین کە مەسەلەی کورد بە هەڵاتنی سەرکردە عەشایەریو بورجوازییە ڕاسترەوەکەو سەرشۆڕکردنی بۆ خواستو ئارەزووی دوشمنانی کوردو کوردستان کۆتایی نەهاتووە، بەڵکو تێکۆشانی گەلەکەمان لە پێناوی مافە زەوتکراوەکانیدا لەمەولا لە هەموو بەشەکانی کوردستان زیاتر لە جاران گڕو تین و کڵپە ئەسێنێ، بە شێوەیەکی وا کە بتوانێت بەرهەڵستیی گەلەکۆمەکێی هێزە ئیمپریالی و کۆنەپەرستو شۆڤێنییەکان دژی مەسەلە ڕەواکەی بکاتو شان بە شانی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی گەلان لە جیهاندا و بە پشتیوانیی هێزە سۆسیالیستەکان درێژە بە خەباتی بدات لە پێناوی مافی نەتەوەیی و دیموکراسیدا .

پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا
( لقی ئەوروپا )
پاریس ١٤ ی تەمموز ١٩٧٥

ڕێکخراوی ڕوناکبیرانی کوردی ئێران
بەرەی پێشکەوتوی کوردەکانی سووریا
لە ئەوروپا

دەستەی دامەزرێنەری
یەکێتیی نیشتمانیی
کوردستانی لە ئەوروپا

بەیاننامەیەکی ١٩٧٥

١٩٨٥ / ٨ / ١٧

برای خۆشەویست و بەرێز کاک حەلەوی ،

هەمو کاتێکتان باش و زور سوپاس بو نامەکانتان کە زور سودیان هەبو ،هیوادارین لەسەر نوسینیان بەردەوام بن . لەو نامەیەدا کە بو م.س نوسراوە ئەوی پێویستە رون کراوەتەوە. لەم نامەیەدا هەر وەلامی نامەکانی خوت ئەدەمەوە ،هەروەك لەو نامە تەلەفونییەدا کە بە هادی دا بومان ناردن بەلێنمان دابو .

ئێوە هەر ئەنوسن لە ریگای ئەمریکەوە ئەتوانن بێنەوە ،ئەم ریگایە تا ئێستا بو ئێمە رون نییە . ئەگەر ریگاکەی جاران بێت ئەوا خوتان باشتر ئەزانن کە ئەو ریگایە جێگای بروا نییە . من تازە لەو ناوانە هاتومەوە ، لە هەڤالانی سەرو زور پرسیارم کرد، وتیان دەرچونلەو ریگایەوە زور دژوارە . جا نازانین مالی ئەمریکن مەبەستیان لەچ ریگایەکە؟ تکایە بومان رون بکەنەوە . خو ئەگەر مەبەستیان لە ریگای بەغدا بێت ئەوا من "بشمکەوی نامتەوی"، باوەر ناکەم کاکمان و هومەریش بتوانن لەو ریگایەوە بێنەوە چونکە ڤیزەیان نادەنی !... لەبەر ئەوە ئەگەر ریگایەکی تر هەیە و ئێمە نایزانین تکایە ئاگادارمان بکەن. ئێرانیش جاری ریگامان پێ نادەن وەك بە قەولی هەریح پێیان وتین .

هەر کات کاك د.خدر تەشریف ئەهێنیت بەخێر بێت - پێش هاتن پێویستە ئەم راستییانە بزانێت : ئەگەر ئێمە ڤیزەی بو وەربگرین ئەوا پێویستە پاش تەواوبونی ڤیزەکە ئەو ولاتە بەجێ بهێلێت . ماوەی ڤیزەش ئەویەرەکەی ٣ مانگە . ئەگەر ئەو ئەیەوێت بێت بو ئەم ناوانەو بمێنێتەوە تەنیا یەك ریگا هەیە ئەویش ئەوەیە کە خوی بکات بەو ولاتەدا کە ئەیەوێت ،بی ڤیزە، ئەمجا هەر لە فروکەخانە داوای پەنابەری بکات . بو ئەوەی لەم بارەیەوە زانیاریی باشتری بدەینی پێویستە پێش سەفەر کردن لە یەکێك لە شارەکانەوە تەلەفونێکمان بو بکات ،ئەو کاتە لەوەی پێویست بێت ئاگاداری ئەکەین. دیارە لە هەمو رویەکەوە ئنگلستان بو ئەو باشترە لە هەر شوێنێکی تر. بو ریکەوتن لەگەلیدا لەم بارەیەوە چاوەریی تەلەفونی ئەکەین ،واتە پاش ئەوەی لای ئێوە بەجێ ئەهێلێت و پێش ئەوەی بەری بکەوێت بەرەو لای ئێمە ،مال و منال باش ،هەر ئێستا قسەم لەگەل دا کردن، بە تەمای هاتنن بو لەندەن ،چونکە کاك مەسعود ئەوی بەجێ ئەهێلێت ،کاکمان خەریکی خانوگرتنە بویان ،هێشتا ئیقامەیان بو دەرنەچووە ،هیوادارین ماوەیەکی تر کاریان جێ بەجێ ببێت . بە کورتی لەم بارەیەوە مەراق مەکەن،ئینشاللا فەراموشیان ناکەین .

لەو نامانەی لەم دوایییەدا بومان هاتبون ،ئەوانەی ئێوەو فەرەیدون واقیعی حالیان پیشان ئەدا ،بە پێچەوانەی ئەوانەی ئێرەوە ،نامەکانی مەجولی و ئەتەحی هیچ لەگەل تەمەن و شوێنی مەسئولییەتیان دا ناگونجێت ،زورتر لە نامەی هەرزەکاریك ئەچێت کە تازە دەستی دابێتە سیاسەت . لەو بارەیەوە خوم نامەیەك بو مەجولی ئەنوسم ،بە راستی زور بە گلەییم لێی . هیوام وایە چاوتان بە وینەی نامەکە بکەوێت،بویە لێرەدا بە پێویستی نازانم درێژە بەم باسە بدەم.

کاك مەقصودی براتان نامەیەکی بەئێرانەی بو نوسیوم ،وا هەر لەگەل ئەم نامەیەدا وەلامی ئەدەمەوە . بێ گومان ئەوی بومان بکرێت بوی ئەکەین، سەبارەت ئێوەی نوسینی نامەکەی، ناوەکەشی هەر بەئێرانەیە ،ئنجا ئیتر چون کاریك بە ئێمەو مانان بکرێت بوی جێبەجێ ناکەین !

نامەی د. کەمال فوئاد بۆ فوئاد مەعسوم ١٩٨٥

# بەشی سێیەم؛

# ڕێکخستن و ڕێکخراوبوون

## دەسپێک

ڕێکخستن بریتییە لە پێکهاتەیەکی بەڕێوەبردن و یاسایی و دارایی و کاری حزبایەتی، کە پرانسیپ و دیسپلینەکانی لە پەیڕەو و پرۆگرامدا جێگیر دەکرێت. ئەو دەستەیەی، کە لە سەرەتادا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان بەڕێوەدەبرد، پێشتر ئەزموونی کاری حزبایەتیان هەبوو، هەربۆیە درکیان بە قەبارەی گەورەی هەرەس و چۆنیەتی ئیستعابکردنی خەڵک دەکرد. سەرەتا دەستیان بە وەرگێرانی بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی کرد بۆ سەر زمانەکانی ئینگلیزی، فارسی، تورکی، هۆڵەندی، ئیتاڵی، ڕووسی، ئەڵمانی و سویدی... تا، بە تیراژێکی زۆر بڵاویانکردەوە، بە تایبەتیش ناردنی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهان. لەسەر بنەمای بوونی ڕێکخستن بۆ ڕێکخراوێکی سیاسی، هەر سێ ئەندامەکەی دەستەی دامەزرێنەر، کە ئەوسا لە ئەورووپا بوون دەستیان بە سەردانی وڵاتانی ئەورووپا کرد، نەوشیروان مستەفا دەڵێت: «ئێمەش: کەمال فوئاد و عومەر شێخمووس و من لە ئەورووپا کەوتینە دروست کردنی ڕێکخستنی ئەورووپا، لە ئەورووپاش کۆمیتەیەکمان پێک هێنا بەناوی (دەستەی دامەزرێنەر) بۆ سەرپەشتی دامەزراندن و چالاکی یەکێتی». (نەوشیروان مستەفا ئەمین، لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عیراق ١٩٧٥-١٩٧٨، بەرلین ١٩٩٩، ل٤٣)، لەگەڵ دەستپێکدا خەڵکێکی زۆر پشتیوانیان لە بانگەواز و داخوازییەکانی ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر کرد.

تەنیا مانگێک و شەش ڕۆژە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، بە ڕەسمی ڕێنوێنی حزبی بۆ دەستەی بەڕێوەبەر بەرز دەکرێتەوە، ئەمە دەبێت بە یەکەمین نووسراوی ڕەسمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، نووسراوەکە بە ژمارە (١) ڕۆژی ١٩٧٥/٧/٧ دەرچووە: «بۆ هەڤاڵانی

لیژنەی بەڕێوەبەری. سەلاوێکی شۆڕشگێرانە. ١- هەڤاڵ عادل مراد کە گەڕایەوە، لە هەواڵی ئێوە ئاگاداری کردین و نامەکەشتانی پێ ڕاگەیاندن. دامەزراندنی لیژنەکەتان و هەنگاوەکانی ناوتانن بەلامانەوە پەسندن. هیوامان وایە بەزوترین کات بکەونە جۆش و خرۆش لە خەباتی پیرۆزدا بۆ بڵاوکردنەوەی بیر و ڕەئیەکانی ڕێکخراوەکەمان و پەرەسەندن و گەشە پێ کردنی. پاڵاوتن و وەرگرتنی ڕۆڵە دڵسۆزەکانی گەلەکەمان لە ریزەکانتاندا پەسندە، بەڵام پێویستە خەبات بکەین بۆ ئیقناع کردن و ڕاکێشانیان بۆ ڕێگەی ڕاستی خەباتی جەماوەری شۆڕشگێڕ. ٢- پەیوەندیتان لەمەودوا یەکسەر لەگەڵ کۆمیتەی ئەوروپا ئەبێت بەهۆی هەڤاڵ دکتۆر کەمال فوئادەوە کە لە خوارەوە ئەدرێسەکەیتان بۆ ئەنێرین. تکایە ئەدرێسەکەی ئەڵمانیای ڕۆژئاوای بەکاربهێنن بۆ هەموو شتێکی نهێنی و ئەوەی ناوی تیابێت، بەڵام بۆ شتی بەپەلە ئەتوانن تەلەفۆنەکەی بەرلینی دیموکراتیشی بەکاربهێنن. ئێمە خۆشمان هەڤال کەمال فوئاد ئاگادار ئەکەین. ٣- بۆ مەسەلەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد، پوختەی ڕەئی ئێمە ئەوەیە کە لە خوارەوەوە بۆتان ئەنووسین، بەڵام بۆ جۆری جێبەجێکردن و هەموو جۆرە گۆڕانێکی پێویست تیا، ئەبێ پەیوەندی بە کۆمیتەی ئەوروپاوە بکەن: پاراستنی یەکێتی کۆمەڵە شتێکی زۆر پێویستە بۆیە ئەبێ زۆر هەوڵدەین تاکو کۆمەڵە پارچە پارچە نەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش، وە بۆ ئەوەی کۆمەڵە بێتەوە سەر باری ڕاستی خۆی پێویستە ببێتە کۆمەڵەیەکی کوردستانی واتە نوێنەرانی قوتابیانی هەموو پارچەکانی نەتەوەی کوردی تیابێت. بۆیە پێویستە هاوکاری لەگەڵ کوردەکانی پێشکەوتوی بەشەکانی تری کوردستان بکەین، هەروەها پێویستە کۆمەڵە باری قوتابیانە و خوێندەوارییانەی سیاسی نیشتمانی گشتی خۆی وەرگرێت. بۆ ئەمە ئەبێ هەوڵدەین قوتابیە شیوعیەکانی ئەحزاب و ڕێکخراوە شیوعیەکان لەناو کۆمەڵەی یەکگرتوودا بمێننەوە و ماوەی جیابونەوەیان نەدەین. هەروەها ئەبێ هەوڵدەین رایان

کێشین بۆ هەڵوێستی راست و دروست لەناو کۆمەڵەدا. بۆ پاراستن و گەشەپێدانی کۆمەڵە و هێنانەوەی بۆ سەر خەتی راست ئەبێ زۆر کۆشش بکەین، ئێمەش بۆ هەموو یارمەتیەک ئامادەین. دوپاتی ئەکەینەوە، کە پێویستە هەر بە گەیشتنی نامەکەمان پەیوەندی بە کۆمیتەی ئەوروپاوە بکەن و بکەونە چالاکی بۆ پالاوتن و رێکخستنی رۆڵە دڵسۆزەکانی گەلەکەمان بۆ رێکخراوەکەمان. ئیتر بۆ پێشەوە بە رێبازی جەماوەری شۆڕشگێڕانەدا روە و هێنانەدی دیموکراسی بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان».

ئەم نامەیە وێنەیەکی بۆ کۆمیتەی ئەوروپا ناردراوە بۆ ئاگادرکردنەوە. مۆری یەکگرتنی نیشتمانی کوردستان–ی لێدراوە. واتە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. بەدەستخەتەکەی دەناسرێتەوە، ئەو نامەیە د. فوئاد مەعسوم نووسیویەتی و ئاڕاستەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کردووە.

## کۆمیتەی لق و رێکخراو

لە دەستپێکدا پێکهاتەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بریتی بوو لە کۆمیتەی لقی ئەوروپا و بۆ وڵاتەکانیشیان رێکخراو. رۆژی (١٩٧٦/٥/٢٥) کۆمیتەی لقی ئەوروپا نووسراوێک بۆ هەموو لقەکان دەنێرێت و تەئکید لەو پێکهاتەیە دەکاتەوە، کە «لەمەولا بۆ یەکێتی لە ئەوروپا (لق) بەکارئەهێنین و بۆ هەر وڵاتێکیش (رێکخراو)، بەم جۆرە: یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان/ لقی ئەوروپا/ رێکخراوی سوید، ئینگلستان، هۆڵەندا... هتد». تەنیا چوار مانگ و پێنج رۆژە یەکێتی دامەزراوە، رۆژی (١٩٧٥/١٠/١١) د. کەمال فوئاد نامەیەکی لە وڵاتی رۆمانیاوە پێدەگات، ئەو نامەیە راپۆرتی رێکخراوی رۆمانیایە سەبارەت بە دابەشکردنی ئیشوکارەکان و داوای رێنمایی حزبیی دەکەن بۆ چۆنیەتی پەیوەندیکردن بە حزب و لایەنەکانی دیکە، هەروەها چەند هەواڵێکیشیان نووسیوە سەبارەت بە باڵیۆزخانەی عێراق لە رۆمانیا و کردنی زەمالەی خوێندکارانی عێراق بە حکومی. ئینجا ناونیشانی خۆیان

نووسیوە بۆ پەیوەندی بەردەوامیان بە کۆمیتەی لقی ئەوروپای یەکێتیی.

کۆمیتەی لق سەرەڕای وەرگرتنی راپۆرتی رێکخراوەکان، بەردەوامیش وەڵامی داونەتەوە. رۆژانی (١٩٧٦/٥/٢، ١٩٧٦/٥/٥، ١٩٧٦/٩/١) رێکخراوی هۆڵەندا سێ راپۆرتی بۆ لقی ئەوروپا ناردووە. لق بە وردی وەڵامی داونەتەوە، ئەمە پەرەگرافێکە؛ «هەموو ئەو نوقتانەی کە لە راپۆرتەکانی پێشوتان دا هاتوە ئەوانەی پەیوەندیان بەدابەش کردنی کاروباری دارایی رێکخراوەکەتانەوە هەیە بەلامانەوە باش و پەسەندن، هەروەها سوپاستان ئەکەین بۆ ئەو زانیارییانەی ناردبوتان لەسەر پارتییە سیاسییەکانی هۆڵەندا و ئەو رۆژنامانەی لەوێ دەردەچن... پڕۆژەی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی دانراوە و بەم نزیکانە ئەخرێتە ژێر چاپەوە، لەوێ رێباز و سیاسەتی گشتی یەکێتی و چۆنیەتیی رێکخستن روون کراونەتەوە... کۆمیتەی لق بڕیاری داوە، کە لەگەڵ بەردەوام بون لەسەر دەرکردنی دەنگی یەکێتی و صوت الاتحاد لەمەولا ناوبەناو لەبارەی رێکخستنەوە رونکردنەوە بڵاوبکاتەوە، هەروەها لەبارەی رۆشنبیری یەوە لەمەولا بڵاوکراوەمان ئەبێت».

دوای هەرەسی (١٩٧٥) کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، دەستی بە پەیوەندیکردن بە ئەمریکا و وڵاتی ئەوروپا کرد بە مەبەستی وەرگرتنی ژمارەیەکی زۆر لەو پەنابەرانەی لە کەمپەکانی ئێران و بڕیاریان داوە بۆ عێراق نەگەڕێنەوە، تەنیا سوید و هۆڵەندا و ئەمریکا بە ئەرێنی هاتنە سەر خەت، زۆرترین ژمارەی پەنابەر، ئەمریکا وەریگرت، چونکە وەک دڵنەواییەک بۆ ئەو هەڵوێستە شەرمەزارییەی بەرامبەر شۆڕشی خەڵکی کوردستان نواندی و پشتی تێکرد. وردە وردە ژمارەی پەنابەرانی کورد لە ئەمریکا زیاد دەبوو، بۆیە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڕیار دەدا، عومەر شێخمووس بچێتە ئەمریکا و لەوێ لە دوو ئاستدا کاربکات، پەیوەندی بە پەنابەرانی کورد بکات، هەروەها هەوڵبدات لە ناوەندی بڕیاری وڵاتەکەدا

دۆست بۆ کێشەی کورد پەیدا بکات. ڕۆژی (١٩٧٧/٤/٣) ڕێکخراوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەمریکای باکوور بانگەوازێکی بۆ پەنابەرانی کورد بڵاوکردۆتەوە و داوا دەکات بەشداری و پشتیوانی لە شۆڕشی نوێدا بکەن، ئەرکەکانیشتان لەو دۆخەدا بریتیین لە «دابەشکردن و فرۆشتنی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەشێوەیەکی بەرفراوان لەنێو پەنابەران و خوێندکارانی کورد و ڕێکخراوی پێشکەوتنخوازی بێگانەکان لە ئەمریکای باکووردا... کۆکردنەوەی کۆمەک و یارمەتی بۆ ڕێکخراوە شۆڕشگێڕە پێشکەوتنخوازە کوردستانییەکان... پەیوەندیکردن بەڕێکخراوە پێشکەوتنخوازە بێگانەکان و ڕاڤەکردنی بارودۆخی خەباتی گەلی کورد بۆیان تا پشتگیر و پشتیوانی شۆڕش بن... سازکردنی کۆبوونەوەی فراوان... سازکردنی کەمپین بەشێوەی خۆپیشاندان، کۆکردنەوەی ئیمزا دژ بە سیاسەتی داپلۆسین و تیرۆری فاشییەکان، کە کۆنترۆڵی عێراقییان کردووە». (نەوزاد عەلی ئەحمەد، سەرەتای کاروانەکە، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوک ٢٠١١، ل٧٤)، هەمان ڕێکخراو ڕۆژی (١٩٧٧/٦/٢٥) لە نووسراوێکدا کۆمەڵێک زانیاری بۆ ئەو پەنابەرە کوردانەی تازە گەیشتبوونە ئەمریکا بڵاوکردۆتەوە.

بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆری کورد لە هەردوو دیوی ئەڵمانیادا، دەبینین، خۆسازدان و چالاکی لە ئەڵمانیادا گەرم بوو، ئەمە دەقی نامەیەکی ڕێکخراوی یەکێتی یە لە بەرلینی ڕۆژئاوادا «بەبۆنەی تێ پەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر دامەزراندنی (یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان)دا ڕێکخراوی یەکێتی لە بەرلینی ڕۆژئاوا خۆی بە بەختیار ئەزانێت بانگتان بکات بۆ کوبونەوەیەکی تایبەتی کە بەم بۆنەیەوە ڕۆژی یەک شەمە ١٩٧٧/٦/٢٦ کاتی ١٦،٠٠ ئەبەسترێت.. بەهاتنتان پێ خۆشحاڵ ئەبین، ئیتر هەر بژین... تکایە ئەم نامەیە لەگەڵ خۆتان دا بهێنن تا ڕێگای هاتنە ژوورەوەتان بدرێت». ئەم نامەیە ڕۆژی ١٩٧٧/٦/٢٢ ناردراوە. ئەمەش نامەی کۆمیتەی لقی ئەوروپایە

بۆ ئەندامانی کۆمیتەی لق، کە کۆبوونەوەی داهاتوویان لە شاری ئوپسالایە لە سوید «بەم نامەیە ئاگادارتان ئەکەین، کە کۆبونەوەی کۆمیتەی لقی ئەوروپامان لە رۆژانی ١١ و ١٩٧٨/٢/١٢ ئەکرێت لە شاری ئوپسالا لە سوید. بۆ ئەم مەبەستە تکایە کە هەموو هەڤاڵانی کۆمیتە ئێوارەی رۆژی هەینی ١٩٧٨/٢/١٠ بگەنە شوێنی ناوبراو. لەکاتی گەیشتنتان لەسەر ژمارەی ئەم تەلەفۆنانەی خوارەوە ئاگادارمان بکەن:

هەڤاڵ عمر شیخموس ٠٨/٥٤٨٦٧٦ ستۆکهۆلم

هەڤاڵ محمد صابر ٠١٨/٤٦٠٧٥١ ئوپسالا

هەڤاڵ فاضل رەش ٠١٨/٤٦٠٦٩٤ ئوپسالا

بەرنامەی کاری کۆبونەوەکەمان بەگشتی بریتی ئەبێت لەم خاڵانەی خوارەوە: دەستپێک رونکردنەوەی باری سیاسی و دەنگ و باس.

یەکەم: راپۆرتی کۆمیتەی کارگێڕ

دووەم: راپۆرت دەربارەی رێکخراوەکانی ی. ن. ک لە ئەوروپا، پێویستە بەرپرسیاری هەر رێکخراوێک راپۆرتی خۆی ئامادەکردبێت دەربارەی باری رێکخستن و پەیوەندی، چالاکیەکان، گیروگرفتەکان، باری دارایی.

سێیەم: لێکۆڵینەوە لە پەیڕە و پرۆگرامی ی. ن. ک، وتوێژی نێوان ی. ن. ک و میری، هەڵسەنگاندن و ناردنی و راگەیاندنی بیروڕای کۆمیتەی لقی ئەوروپا لەسەر ئەو مەسەلانە بە سەرکردایەتی ی. ن. ک لە وڵات.

چوارەم: کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات.

پێنجەم: هەڵسەنگاندنی چالاکی و ئیش و کارمان و کەم و کوڕیمان لە هەموو روویەکەوە.

شەشەم: باری دارایی

حەوتەم: رەخنە و رەخنە لەخۆگرتن.

هەشتەم: دانانی پلانێک بۆ ئیش و کاری داهاتومان». ئەو کۆبوونەوەیە، دەرخەری ئەوەیە، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەر لە سەرەتاوە کاری لەسەر دیسپلینی حزبی کردووە. کۆمیتەی لقی ئەوروپا لە بەرنامەی دابووە، ساڵانە کۆنفرەنسی خۆی ببەستێت و هەڵسەنگاندن بۆ کار و چالاکییەکانیان بکات، ساڵانی (١٩٧٦ و ١٩٧٧ و ١٩٧٨) سێ کۆنفرانسی سازکردووە و دوای کۆتایی هەر کۆنفرانسێک بەیانی کۆتایی دەرکردووە، بۆ نموونە بەیاننامەی سێیەم کۆنفرانس مانگی ئەیلولی (١٩٧٨) بڵاوبۆتەوە. هەروەها لە ناوەڕاستی مانگی ئابی (١٩٨٢) کۆمیتەی لقی ئەوروپا بەیانی کۆتایی کۆنفرانسی حەوتەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لقی ئەوروپای بڵاوکردۆتەوە، کە بریتییە لە چوار لاپەڕەی ئەی فۆڕ و چەندان وردەکاریی سەبارەت بە دۆخی ڕێکخستن و شۆڕشی نوێی تێدایە. لە بەیاننامەکەدا زانیارییەکی زۆر گرنگی بۆ ئەم کتێبەی ئێمە تێدایە، وەک دەردەکەوێت تا ساڵی (١٩٨٢) یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لقی لە ئەمریکا و لەم وڵاتە ئەوروپییانە هەبووە و نوێنەریان لە کۆنفرەنسەکەدا ئامادەبوونە: «ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، ئیتاڵیا، ئینگلتەرا، بەرلینی ڕۆژئاوا، بولگاریا، یەکێتی سۆڤیەت، یوگسلاڤیا، سوید، نەمسا، فەرەنسا، هەنگاریا، هۆڵەندا، ڕۆمانیا»، سەرەڕای ئامادەبوونی نوێنەرانی یەکێتیی لە چەند وڵاتێکی دیکەدا.

بەگوێرەی ئەم بەڵگەنامەیە بێت، تا یەکەمین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی، کە لە ناوچەی برادۆست سازکرا (نەوزاد عەلی ئەحمەد، مانیفێستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەناوچەی برادۆست، سلێمانی ٢٠٢٥) یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دوو کۆمیتەی سەرکردایەتی هەبووە، کۆمیتەی سەرکردایەتی دەرەوە بریتی بووە لە «هێمن[٣]، هاوار[٤]، هوشیار[٥]،

---

٣- فوئاد مەعسوم
٤- عومەر دەبابە
٥- کەمال خۆشناو

هۆمەر[6]، شێرۆ[7]، فەرید[8]». ئەو کۆمیتەی سەرکردایەتییە لە رۆژانی (١٢-١٩٧٨/٧/١٥) کۆبۆتەوە و پاش باسکردن و هەڵسەنگاندنی باری ئەوسای وڵات و لێکۆڵینەوە لە رووداوەکانی ئەوێ رۆژێ کۆمەڵێک بڕیاریان داوە»، راپۆرتەکە بریتییە لە سێ لاپەرە و چەندان زانیاری وردی تێدایە پەیوەستن بە کاروبارەکانی رێکخستن.

لەدەفتەری یاداشتەکانی د. فوئاد مەعسوم ئەم زانیارییانە سەبارەت بە کۆنفرانس و کۆبوونەوەکانی یەکێتیی لە ئەوروپا تۆمارکراون: لە ئەڵمانیا «ئیمڕۆ ١٩٧٧/٨/٢١ بەیانی کۆنفرانسی یەکێتی لە سعات ٩ی بەیانی دەستی پێکرد تا سعات ١٢. سعات ٢ دەستی پێکردەوە تا ٦ وە لە ٢ وە تا ١٠ی شەو، ٢٢ ئەندام بەشداربوون. مناقەشەکان زۆر لەسەر رێککەوتنەکەی یەکێتی و قیادە موقتە بوو، ٨/٢٢ ئیمڕۆش کۆنفرانس بەردەوام بووە وەک دوێنێ، ٨/٢٣ لە کۆبونەوەی شەو کۆنفرانس کۆتایی هات، هەڤاڵانی کۆمیتەی لقی ئەوروپا هەڵبژێردران و کاک عمر شێخموس، کە هێشتا نەگەیشتبوو بەرێگاوە بوو، ئەویش هەڵبژێردرا. د. کمال فوادیش مشرفی کۆمیتە بێ». (دەفتەری یاداشتەکانی د. فوئاد مەعسوم). ئەمەش لە دەفتەرەکەدا تۆمار کراوە: «ئیمڕۆ کۆبونەوەی کۆمیتەی لقی ئەوروپای یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بوو، هەڤاڵ عمر شیخموس کرا بە لێپرسراوی یەکەم». (دەفتەری یاداشتەکانی د. فوئاد مەعسوم ١٩٧٧/٨/٢٩).

رۆژی (١٩٧٨/٣/١٠) رێکخراوی سوید نامەیەکی بۆ ئەندامانی ناردووە، داوایان لێ دەکات گرنگی بە بڵاوکردنەوەی چاپکراوەکانی یەکێتی بدەن و بەشداری لە کڕینیان بکەن «لای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان باوەڕی پشت بەخۆو بە جەماوەر بەستن شتی سەرەکییە. جا بۆیە بۆ چاپ کردن و چاپ کردنەوە و بڵاوکردنەوەی هەموو چاپەمەنی و رۆژنامە و چالاکی

---

٦- عومەر شێخمووس
٧- عەبدولرەزاق فەیلی
٨- کەمال فوئاد

و پارەیەکی زۆری ئەویت هەتا ئەگاتە دەست هەموان، بۆیە داواتان لیٚ ئەکەین بۆئەوەی بتوانین هەموو چاپکراوەکانتان بەڕیک و پیکی بۆ بنیرن وەک یارمەتی نرخی ئەو چاپکراوانەمان بۆ بنیرن وەکو هاوکاری یەکی دڵسۆزانەشتانە بۆ هەڵسوڕاندنی کار و بار و چالاکییەکانی ی. ن. ک. بەشداری بۆ گەیشتنی هەموو چاپەمەنیەکانی ی. ن. ک لە ماوەی ٦ مانگدا نزیکی ٥٠ پەنجا کرۆنی سویدی یە». لە خوارەوەی نامەکەدا ژمارەی کۆنتۆ «حیساب»یک نووسراوە، تا پارەکان بۆ ئەو ژمارەیە بنیردریت.

سەرەتا یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان لە سیٚ باڵ پیکهاتبوو، بەڵام لە ساڵی (١٩٨٢) بوو بە دووباڵ. کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان «کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان» خاوەنی ریکخستنی خۆی بوو، لە کۆتاییەکانی (١٩٧٧) ئۆرگانی رۆژنامەگەریی تایبەت بە خۆی بەناوی «راپەڕین» دەرکرد، کۆنفرانسی خۆشیان گریداوە، یەکەمین کۆنفرانسی ریکخراوی دەرەوەی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لە کۆتاییەکانی مانگی تەمووزی ساڵی (١٩٨٤) بەڕیوەچووە، دوای تەواوبوونی کاروبارەکان بەیاننامەی کۆتایی کۆنفرانس چاپ و بڵاوکراوەتەوە. لەبۆنە حزبییەکاندا بەیاننامە و لیدوانی خۆیان هەبووە، ئاماژە بەم چەند بەیاننامەیە دەدەم:

- بیرەوەری پینج ساڵەی شەهیدبوونی هاوڕێ ئارام ١٩٨٣/١/٣١. - بەیان بەبۆنەی شەهیدبوونی هاوڕیی تیکۆشەر مامۆستا جەمال تاهیر ١٩٨٣/٧/٢٦.

- هیرش و پەلاماری دڕندانەی رژیمی دکتاتۆری بەغدا بۆسەر شاری هەولیر و سلیمانی و شارەکانی تری کوردستان چۆک بە خەباتی رەوای گەلەکەمان دانادات سەرەتای تشرینی دووەمی ١٩٨٥.

- لەبیرەوەری نۆ ساڵەی شەهیدبوونی شەهاب و هاوڕیکانیدا ١٩٨٥/١١/٢١.

تا ساڵی (١٩٨٧) ریکخستنەکانی کۆمەڵە لە ئەرک و چالاکیی ریکخراوەیی

بەردەوام بووە، دوای ئەوەی لە کۆنگرەی یەکەمینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دا، کە لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٩١) و سەرەتای (١٩٩٢)، کە لە هەولێر و سلێمانی بەسترا، یەکێک لە بڕیارەکان، حەلکردنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان و کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بووە لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دا، ئیتر شتێک نەما بەناوی رێکخستنەکانی کۆمەڵە لە تاراوگەدا. ساڵی (١٩٨٢) خەتی گشتی و بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان یەکیان گرت و یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان پێکهات، هەوڵیاندا لە دەرەوە ئۆرگانی رێکخستنیان هەبێت، بەڵام وەک کۆمەڵە پێگەیان بەهێز نەبوو.

رۆژی (١٩٨٣/٢/٢١) کۆمیتەی لقی ئەوروپای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەم ئاگادرینامەیەی ناردووە: وەک ئاگادارن لە مانگەکانی رابوردودا رێکخراوەکانی سەر بە هێڵی گشتی و بزوتنەوەی سۆسیالیست تێکەڵ بەیەک بوون و لە ئەنجامی ئەمەدا رێکخراوێکی نوێ پێک هات بەناوی (یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان)ەوە ئەمەش وا پێویست ئەکات، کە لە دەرەوەی وڵاتیش دەست بکرێت بە دامەزراندنی رێکخراوی تایبەتی لەناو چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دا بۆ ئەم رێکخراوە نوێیە». رۆژی ١٩٨٣/٢/١٣ لە میونیخ (عومەر شێخمووس، عومەر مستەفا، کەمال فوئاد، فوئاد مەعسوم) نووسراوێکیان بۆ لیژنەی رێکخستنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان ناردووە و پشتیوانیان لە دامەزراندنی ئەو رێکخراوە کردووە و خۆیان بەئەندامی ئەو یەکێتییە زانیوە: «زۆر بەگەرمی هەواڵتان ئەپرسین و پیرۆزبایی گەرمتان لێ ئەکەین بەبۆنەی یەکبوونەوەی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان و خەتی گشتی و دامەزراندنی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان... ئەمانەوێ بەم نوسراوەمان ئاگادارتان بکەین کەوا ئێمە هەر چوارمان، کە ناومان لەخوارەوە نوسراوە بەتوندی پشتیوانی لەو هەنگاوە پیرۆزەتان ئەکەین و خۆمان بەئەندامێکی

دڵسۆزی ئەم ڕێکخراوە نوێیە ئەزانین و ئامادەین بۆ جێبەجێکردنی هەموو فەرمانێکتان، هەروەها داواتان لێ ئەکەین کە هەرچی مەعلوماتێک هەیە لەبارەی ئەم ڕێکخراوە نوێیەوە لەهەموو ڕوویەکەوە بەپوختی بۆمان بنێرن و پێشتریش هەمان داخوازیمان لەهەڤاڵ مام جەلال کردبوو، هەروەها بە پێویستی ئەزانین لەمەودووا بەڕێکوپێکی پەیوەندیمان لەگەڵ یەکتری هەبێت و لەکاروباری خۆتان ئاگادارمان بکەن و بێگومان ئێمەش لەم ڕووەوە درێغی ناکەین و حەزیش ئەکەین بزانین کەوا هەڤاڵ سکرتێری گشتی[٩] کە جاران لەخەتی گشتی بوو، ئایا ئێستەش لەگەڵ ئەم ڕێکخراوە نوێیەمان ئیش ئەکات یان نا؟ هەروەها ئەو ڕێکخراو و مەسئوولانەی کە پێشان لەگەڵ هەر دوو ڕێکخراوە کۆنەکان بوون ئایا ئێستە لەگەڵ ئەمەیە یان نا؟ وەزعمان لەڕووی ژمارەی پێشمەرگە و کادر و جەماهیرییەوە چۆنە؟». لەم نامەیەدا ئاماژە بە دروستکردنی ڕێکخستنی شۆڕشگێڕان لە تاراوگە دەدرێت، ئەم نووسراوە زانیاری وردی بۆ توێژەران سەبارەت هەڵوێستی مام جەلال، هەروەها بە چوار ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر و یەکێتیی شۆڕشگێڕان، بەتایبەتی د. فوئاد مەعسوم تێدایە، کە دوایی دەکرێت بە سکرتێری یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان.

ئەم نووسراوەی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بانگەواز دەکات بۆ دامەزراندنەوەی ڕێکخستنەکانی یەکێتی لە تاراوگەدا: «بەم نامەیە ئەمانەوێت ئاگادارتان بکەین لەوەی کە کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکێتیی شۆڕشگێڕان لە کۆنفرانسەکانی دوایی خۆیاندا کە هاوینی ئەمساڵ بەستران، بڕیاریاندا ڕێکخراوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەهەموو ئەو وڵاتانەدا دابمەزرێننەوە، کە ئەندامانی یەکێتیی نیشتمانی یان لێ هەیە، پاشان بەستنی کۆنفرانسێک لە نوێنەرانی ڕیکخراوەکان بۆ دامەزراندنەوەی لقی ئەوروپا». (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان/ کۆمیتەی

---

٩- مام جەلال

دەرەوە ١٩٨٧/٨/٣١). هێرشی ئەنفالەکان کاریگەریی لەسەر ڕێکخستنەکانی یەکێتیی لە تاراوگەدا هەبوو، کۆمیتەی ئەورووپای یەکێتیی لە ڕێگەی دەرکردنی بڵاوکراوەی ناوخۆ ڕێکخستنەکانی لە گۆڕانکاریی و ڕووداوەکانی سەر گۆڕەپانی خەبات لە کوردستان ئاگادار دەکاتەوە، لەسەر بڵاوکراوەکە نووسراوە: «نهێنی تایبەت بۆ بەئەندامان»، مانگ هەبوو، دوو ژمارە، یاخود زیاتر لەو بڵاوکراوە ناوخۆییە چاپکراوە و ناردراوە.

(١٩٧٥-١٩٩١) ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەسەر چەند وێستگەیەک دابەشدەکرێت؛ دەسپێک ڕێکخستن، بەربەستەکانی قیادەی موقەتەی پارتی دیموکراتی کوردستان، خۆسازدان بۆ چالاکییەکان، کارەساتی هەکاری، شەڕی ناوخۆی نێوان حزبەکان، گفتوگۆی بەعس و یەکێتیی، ئاشتبوونەوەی گشتی، بەرەی کوردستانی، خۆ ئامادەکردن بۆ ڕاپەڕین. بۆ هەر یەکێک لەم وێستگانە ئەرکی ڕێکخستنەکان بووە، بە هەستیاری کاریان لەسەر بکەن. بۆ هەر یەکێک لەو وێستگانە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خاوەنی گەنجینەیەکی دەوڵەمەندە لە بەڵگەنامەدا، لە کتێبێکی لەمجۆرەدا ناکرێت و ناتوانرێت کار لەسەر ناوەڕۆکی زۆربەی هەرە زۆری ئەو بەڵگەنامانە بکرێت. تا ڕاپەرینی (١٩٩١) گەورەترین و کاریگەرترین ڕێکخستن لە ئەورووپا و ئەمریکادا ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە.

## مەڵبەند و کۆمیتە

پێکهاتەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تا شاڵاوی ئەنفالەکان کۆمیتەی لق و ڕێکخراو بوو، بەڵام دواتر بوو بە کۆمیتەی ئەورووپا و دائیرەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، دوای کۆنگرەی یەکەمینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە ساڵی (١٩٩١-١٩٩٢) سازکرا، دەرەوە بوو بە مەڵبەند و وڵاتەکانیش بوون بە کۆمیتە، لە هەندێک وڵاتدا شارەکانیش کران بە کەرتی

ڕێکخستن، تا ئەو سنوورەی بۆ ئەم کتێبەم داناوە، واتە (٢٠٠٥)، لەسەر ئەو پێکهاتە حزبییە کار و چالاکییەکان بەردەوام بووە. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە بەیاننامە و بانگەواز و لێدوانەکانیدا گرنگی بە زمانی عەرەبی، ئینگلیزی و فارسی و تورکی و زۆربەی زمانە ئەوروپاییەکان داوە، لە کوردیشدا بە هەردوو ئەلفابێیەکەدا ئەدەبیاتەکانی بڵاوکردۆتەوە.

ژیانی حزبایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە تاراوگە، بەسەر ئەم دوو قۆناغەدا دابەشدەکرێت، پێش (ڕاپەڕینی ١٩٩١ و دوای ڕاپەڕین). شێواز و هۆکارەکانی حزبایەتی گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. بۆ قۆناغی یەکەم کۆمەڵێک وردەکاریمان خستەڕوو. لە قۆناغی دووەمدا ئەگەرچی خەباتەکە جۆر و شێوەکی دیکە وەردەگرێت، بەڵام هەڕەشەکانی عێراق و تورکیا لەسەر باشووری کوردستان، شەڕی ناوخۆ، دوولەتبوونی حکومەتی هەرێم و لە دەرەوەش نوێنەرایەتییەکانی حکومەت دوو لەت دەبن، ئاشتبوونەوە و تێکەڵاوکردنەوەی ڕووکەشی هەردوو حکومەتەکە، ڕووخانی سەدام، کێشەکانی ناوەند و باشوور، ئەمانە هەر هەموویان کاریگەرییان لەسەر ڕێکخستنەکانی یەکێتیی لە دەرەوە دانا و باری مەڵبەندی دەرەوەی لە ناردنی هەواڵ، بەیاننامە، لێدوان، وەڵام و وەڵامکاریی قورسترکرد. لە مەڵبەند، سەرەتا لەڕێگەی تەلەفۆن، پۆست، فاکس، هەواڵ و ئەدەبیاتەکانیان بۆ ڕێکخستن و حزب و ناوەندەکانی بڕیار لە وڵاتان دەنارد، لەساڵی (١٩٩٨)ەوە دەستیان بە بەکارهێنانی ئیمیل ئەدرێس کرد، لە ساڵی (٢٠٠٠)ەوە سوودیان لە هێڵەکانی ئینتەرنێت و دەسپێکی سەرەتایی سۆشیالمیدیا بینی، لەگەڵ پێشکەوتنە خێراییەکانی تەکنۆلۆجیادا مەڵبەندی دەرەوە بۆ بڵاوکردنەوە و ڕێنماییە حزبییەکانی لەگەڵ ئەو ڕەوتە تازەیەدا ڕێیکرد. سەرەتا لە ڕێگەی ڕۆژنامەگەریی کاغەزیی دەستیان پێکرد «هەواڵنامە»یان وەک بڵاوکراوەیەک دەرکرد، پاشان بڵاوکراوەی «بڵاوکراوەی ڕێکخستن» و ئینجا «تیشک»یان دەرکرد. لەیەکێک لە بەشەکانی ئەم کتێبەدا

وردەکارییەکانی رۆژنامەگەریی یەکێتیی لەو ماوەیەدا لە تاراوگە باسکراون.
بۆ درێژەدان بەو بەڵگەنامانەی، کە لەم کتێبەدا پشتیان پێ بەستراوە، چەند بەڵگەنامەیەکی دیکە دەخەینەڕوو، کە بەشێکن لە مێژووی خەباتی رێکخراوەیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە (١٩٩١- ٢٠٠٥) لە تاراوگەدا.
وا پێویستی دەکرد، کە کاری حزبایەتی دوای راپەڕین لە ژینگەیەکی، هێمن و باشتر لە قۆناغی شاخ بەڕێوەبچێت، بەداخەوە ئەو ئومێدە هەر زوو لەبارچوو، باشووری کوردستان رووبەڕووی شەڕێکی سەختی ناوخۆ بوو، بەتایبەتیش لەو کاتانەی، کە رژێمەکانی بەغدا و ئەنقەرە پشتیوانیان لە سەرکردایەتی و هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد، لە هەمووی کارەساتتر هێنانی سوپای عێراق بۆ کوردستان و داگیرکردنی پایتەختی هەرێم بوو، ئەو رووداوە، تا ئێستاش برینەکانی لەسەر دڵ و جەستەی کورد ماوە. ئەم رووداوانە و چەندان رووداوی دیکە ئەرکی مەڵبەندی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان قورستتر دەکەن، وێستگە هەبووە، وای پێویست دەکرد، بیست و چوار کاتژمێر کار بکرێت، بۆ ناردنی پەیام و رێنمایی و وەڵامدانەوەی بەرامبەر، وایدەخواست بەیاننامە و راگەیاندنەکان هەر تەنیا بە زمانی کوردی نەبن، بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و چەند زمانێکی دیکەش بن، باشتر مەکینەی کاری رێکخراوەیی و راگەیاندن گەرم بکرێت.
دوای یەکەمین کۆنگرەی گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، یەکێتیی دەبێت بە یەک ئۆرگانی رێکخستن. دوای ئەو کۆنگرەیە شتێک بەناوی رێکخستنەکانی کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان نەما. لە دەرەوە پێکهاتەکە بەم شێوەیەی لێهات؛ (مەڵبەند، کۆمیتە، کەرت)، لەو وڵاتانەش، کە ژمارەی کورد و یەکێتیی زۆر نەبوون، ناویان لێنان رێکخستن، بۆ نموونە رێکخستنی فلان وڵات. ئۆفیسی مەڵبەند یەکەمجار لە بەریتانیا بوو، دوایی بۆ هۆڵەندا گوازرایەوە.
مەڵبەندی رێکخستنی دەرەوە بە ژمارە (١١)، رۆژی (١٩٩٢/٧/٢٥) نووسراوێکی بۆ گشت رێکخستنەکانی سەر بە سنووری مەڵبەند کردووە،

بۆ بەشداربوون لە کۆنفرانسدا؛ «کۆنفرانسی مەڵبەند لەشاری لەندەن دەبەسترێ لە رۆژانی ١و٢و٣ی مانگی ٩. شوێنی نوستن بۆ نوێنەران دابین کراوە». ئەندامانی مەڵبەندی دەرەوە، لە کوردستان دەستنیشان دەکران، نەک لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە، لەسەر پشک پشکێنە دادەندران، ئەوکاتەی مەڵبەند لە لەندەن بوو سەرپەرشتی دەرچوونی هەردوو رۆژنامەی «المنار الكردي» و «کوردستانی نوێ- چاپی دەرەوە»ی دەکرد.

تەنیا چەند رۆژێک بوو مەڵبەندی دەرەوە یەکەمین کۆنفرانسی خۆی بەڕێوەبردبوو، دکتۆر سەعید شەرەفکەندی سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و هاورێکانی شەهید دەکرێن، رۆژی (١٩٩٢/٩/١٨) مەڵبەندی دەرەوە ئەم بەیاننامەیەی دەرکردووە: «رۆژی ١٧ی ٩ی ١٩٩٢ دەستەیەکی تیرۆریستی تاوانبار، لە شاری بەرلین (ئەڵمانیا)دا، بەشێوەیەکی زۆر ناجوامێرانە، تاوانێکی گەورەیان دەرهەق بە گەلی کورد ئەنجامدا ئەویش شەهیدکردنی هاورێیان: ١- دکتۆر سەعید (سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران). ٢- کاک فەتاحی عەبدولی (نوێنەری حزب لە ئەوروپا). ٣- کاک هەمایونی ئەردەلانی (نوێنەری حزب لە ئەڵمانیا). ٤-کاک حسەین نوری (نووسەر و دۆستی حزب) بوو. شەهید کردنی دکتۆر سەعید و هاورێیانی، زیانێکی مەزن بوو هەم لە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و جولانەوەی گەلەکەمان لە کوردستانی ئێران، هەم لە تێکڕای جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی دیموکراتی گەلەکەمان کەوت، لە راستی دا، هەر هەمان دەست بوو پێش سێ ساڵ دکتۆر قاسملو و هاوڕێیانی لە شاری ڤیەنادا شەهید کردبوو».

مەڵبەندی دەرەوە، لە راگەیاندنێکی دوو لاپەڕەیدا، کە رۆژی (١٩٩٢/١٠/٢٦) دەریکردووە، باس لە شەڕی پ.ک.ک[١٠] و هێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات؛ «هەروەکو هەموو لایەک دەزانن، کە هەمیشە هێزەکانی

---

١٠- پارتی کرێکارانی کوردستان

بەرەی کوردستانی عیراق بەگشتی و یەکێتیمان بە تایبەتی هەر لە سەرەتاوە هەوڵێکی زۆریان داوە بۆئەوەی پەیوەندی دۆستانەی پڕ لە هاوکاری لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی سەرتاسەری کوردستان پەیدا بکەن، هەر بەو شێوەیەش هەوڵ دراوە پەیوەندی دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ پ.ک.ک بکرێت»، شەڕ لەنێوان گەریلاکانی پ.ک.ک و هێزی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان روویدا، تا دواجار وەک لە راگەیاندنەکەی مەڵبەند هاتووە: «لەگەڵ ئەو رووداوە دڵگرانانە خۆشبەختانە رۆژی یەکشەمەی ١٩٩٢/١٠/٢٥ نوێنەری پکک پەیوەندی بە لێپرسراوانی هێزی پێشمەرگەی حکومەتی فیدرالەوە بگرن، وە خۆشحاڵانە دەزگاکانی حکومەتیش بڕیاری راگرتنی شەڕیان داوە تا روون بوونەوەی بارودۆخەکە و بە ئومێدی گەیشتنە چارەیەکی بە جێ بۆی».

مەڵبەند بۆ ئاگادارکردنەوەی رێکخستنەکانی، لە رێگەی دەرکردنی «بڵاوکراوەی ناوخۆ» پەیام و رێنماییەکانی دەنارد، رۆژی (١٩٩٣/٣/٣) داوا لە رێکخستنەکانی دەکات بۆ کۆبوونەوەی گشتی ئامادەبن: «مەڵبەندی رێکخستنی دەرەوەی وڵات بڕیاریدا، کە رۆژانی شەمە و یەک شەمەی رێکەوتی ٢٧ و ٢٨/ ئازار/ ١٩٩٣ یەکەم کۆبونەوەی گشتی خۆی بکات، دوای کۆنفرانسی ایلولی/١٩٩٢وە لە لەندەن. لەبەرئەوە داوا لە هەموو لێپرسراوی رێکخستنەکان و لێپرسراوی پەیوەندییەکانی دەرەوەی وڵاتان ئەکەین کە لە کات و شوێنی دیاری کراودا ئامادەبن».

ساڵی (١٩٩٤) کارەساتی شەڕی ناوخۆ روو لە باشووری کوردستان دەکات، ئەو دۆخە لە دەرەوەش رەنگدەداتەوە، تا ساڵی (١٩٩٨)، مەڵبەند هەزاران لاپەڕەی چاپ و بڵاوکردۆتەوە، کە بریتین لە هەواڵەکانی شەڕ و رێنمایی حزبی و وەڵامی لێدوانەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق، حاڵەت هەبووە، لە رۆژێکدا زیاتر لە پێنج بەیاننامە و هەواڵنامە بۆ رێکخستنەکان و رای گشتی ناردووە و بڵاوکردۆتەوە. رۆژی (١٩٩٤/٦/٧)

دوو بڵاوکراوەی بۆ ڕێکخستەکان ناردووە. دوای هاوکاری و پشتیوانی ئێران لە هێزەکانی پارتی، مەڵبەند داوا لە ڕێکخستنەکانی دەکات، کە: «هەستن بە حەملەیەکی دیبلۆماسی فراوان بۆ روون کردنەوەی راستیەکان و تێگەیاندنی دەوڵەتەکان لە راستیەکان. هەستن بە حەملەیەکی فراوان بۆ تێگەیاندنی پارتەکان و پەرلەمانی وڵاتان و ڕێکخراوە خێرخوازەکان و دام و دەستگای راگەیاندنی وڵاتەکانیان سەبارەت بە رووداوەکانی کوردستان».

هەر لە قۆناغی شاخەوە، ئێستگەی رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان شەپۆلێکی ئاراستەکراوی بۆ ئەوروپا هەبووە، ڕێکخستنەکان گوێیان لێدەگرت، بەرنامەکانیان تۆمار دەکرد و هەندێک لە بابەتەکانیان چاپ و بڵاودەکردەوە. دوای چوار ساڵ لە راپەڕین، جارێکی دیکە، یەکێتیی لە ڕێگەی هەواڵنامەیەکی مەڵبەندی دەرەوە داوا لە ڕێکخستنەکان دەکات، گوێ لە بەرنامەکانی رادیۆ بگرن: «پێمان خۆشە ئاگاداری بەڕێزتان بکەین، کە لە رۆژی ١٩٩٥/١/٢ەوە هەموو رۆژێک (ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان) لە کاتژمێری (٥)ی پاش نیوەڕۆ تا کاتژمێر (٩) بەکاتی عیراق بەرنامەی تایبەت پەخش دەکات بۆ ئەوروپا. ئەمەش لەسەر شەپۆلی (١٩) متر بەرامبەر بە (١٥٠٦٠) کیلۆهرتز. ئومێدەوارین بەم هەنگاوە مەزنە کەلێنیکی گەورە پڕ بکرێتەوە و کۆمەڵگای کورد لە ئەوروپا بە بەردەوامی ئاگاداری بارودۆخ و هەواڵەکانی وڵات بێت».

سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق، لە ڕێگەی نامەیەکی نووسراودا داوا لە سەدام حوسێن سەرۆکی عێراق دەکات، هاوکارییان بکەن بۆ هێرشکردنە سەر هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەولێری پایتەخت، سەدام رازی دەبێت و بەربەیانی (١٩٩٦/٨/٣١) هەردوولا بەعس و پارتی دەست بە هێرش دەکەن، هێزەکانی یەکێتیی هەولێر لە دەست دەدەن. بەرامبەر بەو هێرشە ئەمریکا، کە هێزەکانیان لە بنکەی ئینجەرلیک بوو هیچ کاردانەوەیەکیان نابێت، دوای دوو رۆژ لە رووداوەکە، ئینجا لە خوارووی

عێراقدا، ئەمریکا بۆردومانی هێزێکی عیراق دەکات، مام جەلال رۆژی (١٩٩٦/٩/٣)، لە قەلاچوالان نامەیەکی سوپاسنامە بۆ سەرۆکی ئەمریکا بیل کلینتۆن دەنێرێت: «بەناوی گەلی کورد و عێراقەوە، بەتایبەتی دانیشتوانی شاری هەولێر، کە بونەتە قوربانی دەست درێژیەکانی صەدام، سلاوتان لێ دەکەم بۆ هەڵوێستی مەردانەتان بەرامبەر بەم دەست درێژی و هێرشانە. گەلی ئێمە بێ گومان ئەم هەڵوێستە مەردانەیەی ئێوەیان لەیاد ناچێت دژ بەم هێرشانەی صەدام، کەوا بەم شێوەیە خۆی دووبارە دەکاتەوە جارێکی تر، وە ئێمەش باوەڕی تەواومان هەیە، کە ئێوە سوورن لەسەر یارمەتیدانی گەلی عێراق بۆ رزگاربونیان لە دیکتاتۆریەتی صەدام، کە بۆ ماوەیەکی زۆرە باڵی بەسەر عێراقدا کێشاوە، وە ئێستەش کاتی ئاشتی و عێراقێکی دیموکراتی هاتوە لەگەڵ گەلەکەی و دراوسێکانی».

شەڕ و پێکدانەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەشێکی زۆری لە کاروباری رۆژانەی مەڵبەندی دەرەوە و کۆمیتەکانی بۆ خۆی بردووە، لەو ماوەیەدا سەدان رێنمایی تایبەت و نهێنی بۆ کۆمیتەکان ناردراوە. مێزی کۆبوونەوەکانی ئاشتی گەرم دەبن، بەهەمان شێوە مەڵبەند ئاگادارینامەی بۆ رێکخستنەکان ناردووە. سەرەڕای هاتنی وەفدی وڵاتان بۆ لای مام جەلال و سەرکردایەتی یەکێتیی. لە هەواڵنامەی ژمارە (١٠٥)ی رۆژی (١٩٩٨/٧/٢١) باس لە سەردانی وەفدێکی ئەمریکی دەکات بە سەرۆکایەتی دێڤید وێلش جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوە، بۆ لای مام جەلال، وێلش رۆڵێکی دیاری بینی لە پرۆسەی ئاشتیدا. وەک چۆن دۆخی کوردستان بەرەو ئاساییبوونەوە و ئارامی چوو، بەهەمان شێوە، لە دەرەوەش کاروبارەکانی مەڵبەند و کۆمیتەکان وردە وردە باری سەرشانیان سووکتربوو، زیاتر خۆیان تەرخانکرد بۆ چوارچێوە حزبی و پەیوەندییەکان.

سالانە لە زۆربەی هەرەزۆری وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا بە شکۆوە

لەنێو ئاپۆڕەیەکی گەورەی جەماوەریی، یادی یەکێتیی بەرز رادەگیرا، لە سوید و هۆڵەندا و ئەمریکا و ئەڵمانیا و چەند وڵاتێکی دیکەدا، هۆڵی یادکردنەوەکان زۆر قەڵەباڵغ دەبوون، کە ساڵ هەبووە لە سەرووی سێ هەزار کەس تا درەنگانی شەو بەشدارییان لە شەو ئاهەنگی یادکردنەوەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان کردووە.

سەدام حوسێن ساڵی (٢٠٠٣) دەڕوخێت، هەردوو ساڵی (٢٠٠٤ و ٢٠٠٥) رێکخستنەکانی یەکێتیی، بە حەماسەتەوە بەشداریان لە راپرسی دەستووری عێراق و یەکەمین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کرد. خوێنی یەکێتیی و پارتی لە لق و مەڵبەندی هەولێر، لە ساڵی (٢٠٠٤) تێکەڵاو بەیەک دەبن. لە دەرەوە پرسە و چلەی هاوبەش بۆ شەهیدەکان بەڕێوەدەچێت، نوێنەری زۆربەی حزب و حکومەتەکانی ئەورووپا لە ماتەمینەکەدا بەشداردەبن. مام جەلال دەبێت بە یەکەمین سەرککۆماری هەڵبژێردراو لە عێراقدا، ئەم رووداوەش، یەکێتیی و پارتی و حزبەکانی دیکە کۆدەکاتەوە.

دەکرێت خوێنەران ئەم پرسیارە بکەن، سنووری بابەتەکەت ساڵی (٢٠٠٥) دەوەستێت. ئایا دوای ئەو مێژووە، لە تاراوگەدا شتێک نەماوە بەناوی رێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان؟ رێکخستن و کاروبارەکان دەمێننن، بەڵام بەهۆی خێرایی لە پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆجیادا، پەیوەندییەکان مەودایان کورت و کورتتر دەبێتەوە، تەکنۆلۆجیا هێزی رێکخستن لە ئامێرێکی تەلەفۆنی زیرەک کۆدەکاتەوە، دەست گەیشتن بە زانیاری و ئۆرگانەکانی حزب، شوێن ناناسێت. مۆدێلی رێکخستن و رێکخراوبوونی دوێنێ، هێزی جارانی نامێنێت، پێویستی بە خۆگونجانە لەگەڵ ئەو رەوتە تازەیەی تەکنۆلۆجیای گەیاندندا، ئەمە پەیوەندی حزبەکانیش دەگرێتەوە بە ناوەندەکانی بڕیار لە جیهاندا.

یەکێتیی نیشتمانیی
کوردستان

ژمارە: ١
مێژوو: ٩٧٥/٧/٧

بۆ هەڤاڵانی لیژنەی بەڕێوەبەری

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

١- هەڤاڵ عادل مراد کە گەڕایەوە، لە هەواڵی ئێوە ئاگاداری کردین و نامەکەشتانی پێ ڕاگەیاندین. دامەزراندنی لیژنەکەتان و هەنگاوەکانی ئاوەدانیتان بە لامانەوە جێی پەسەندە. هیوامان وایە بە زۆرترین هێز بکەونە جۆش و خرۆشی خەباتی پیرۆز و بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ... و بەرەوپێشبردن و گەشەپێکردن. بڵاوکردن و وەرگرتنی ڕۆحی دڵسۆزەکانی ... لە ڕیزەکانتان دا جێی پەسەندە، بەڵام پێویستە خەبات بکەین بۆ ئینقازی کوردان و ڕاکێشانیان بۆ ڕێگەی ڕاستی خەباتی جەماوەری شۆڕشگێڕی.

٢- بە پێویستمان زانی ئەوە دووپات بکەینەوە کە دەگەڵ کۆمیتەی ئەوروپا ئەبێ بە هۆی هەڤاڵ دکتۆر کەمال خۆشناو کە لە خوارەوە ئەدرێسەکەیمان بۆ ئەنێرین. تکایە ئەم ئەدرێسەی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بەکار بهێنن بۆ هەموو شتێکی نهێنی و ئەوەی تیا بێت، بەڵام بۆ شتی بە پەلە ئەتوانن تەلەفۆنەکەی بەرلینی دیموکراتیش بەکار بهێنن. ئێمە خۆمان هەڤاڵ کەمال فوئاد ئاگادار ئەکەین.

٣- بۆ مەسەلەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد، پوختەی ڕاوبۆچوونی ئێمە ئەوەیە کە لە خوارەوە بۆتان ئەنووسین، بەڵام بۆ جۆری جێبەجێکردن و هەموو جۆرە گۆڕانێکی پێویستی تیا، ئەبێ بە پێی ئەزموونی کۆمیتەکەی ئەوروپا بڕیار بدەن:—

پاراستنی یەکێتیی کۆمەڵە شتێکی زۆر پێویستە بۆیە ئەبێ زۆر هەوڵدەین تا کۆمەڵە پارچە پارچە نەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش وە بۆ ئەوەی کۆمەڵە بتوانێ ... سەربەخۆیی ڕاستی خۆی پێویستە ببێتە کۆمەڵەیەکی کوردستانی واتە نوێنەرانی قوتابیانی هەموو پارچەکانی نەتەوەی کوردی تیا بێت. بۆیە پێویستە هاوکاری لەگەڵ کوردەکانی بەشەکانی تری کوردستان بکەین هەروەها پێویستە کۆمەڵە لە باری قوتابیان و خوێندەواری یانەی

یەکەمین نووسراوی یەکێتیی بۆ ریزەکانی رێکخستن ١٩٧٥/٧/٧

# بەیانی کوتایی کونفرانسی
# حەوتەمی
# یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
## « لقی ئەوروپا »

لە ژێر دروشمی ( یەکیتی و هاوکاری هیزە نیشتمان پەروەرەکانی کوردستان و عیراق مەرجێکی سەرەکی یە بـو رووخاندنی ریژیمی دکتاتوری دژبەگەلانی عیراق و هینانە سەرکایەی حکومەتیکی ئیتلافی نیشتمانی کە دیموکراسی بـو عیراق و ئوتونومـی راستـەقینە بو کوردستان دابین بکات وە کـو سەرەتایەک بـو گەیشتن بە مافی چارە نووس ( باخەباتمان لە دەرەوەی وولات لە ئاستی قوربانی و فیداکاری گەلەکەمان دابی لە کوردستان ) کونفرانسی حەوتەمی لقی یەکیتیمان لە ئەورووپا لە سەرەتای مانگی شاباتی ئەمساڵدا بەسترا .

نوینـەری ریکخراوەکانمان لە وولاتانی ( ئەلمانیای روژئاوا ،ئیتالیا ،ئنگلترا ،بەرلینی روژئاوا ،بولگاریا ،یەکیتی سـوفیـەت، یوگوسلافیا ،سـوید ،نەمسـا ،فەرەنسا ،هەنگاریا ،هولەندا ،رومانیا ) هەروەها نوێنەری لقی ئەمریکای باکوورو هەڤالانمان لە چەند وولاتیکی ترەوە ئـامـادە بوون .

کونفرانـس بە دە قیقە یەک ماتەمینی بو گیانی پاکی شەهیدانی یەکیتیمان و شەهیدانی ریگای رزگاری کوردسـتان و بزووتنەوەی نیشـتمانی عیراقی کرایـەوە .

لە سـەرەتادا نوێنەری سەرکردایەتی ووتاری هەڤالانی مەکتەبی سیاسی بە ڕێزیان پیشکەش کرد کە بە گشتی باسێکی فراوان و زانستیانە و قوول بوو دەربارەی یەکیتیمان و شـورش و بزووتنەوەی نیشتمانی عیراقی و کوردستانی و باری ئیستای ناوچـەی ناوەراسـت و جهـان . لە دوای ووتاری نوینەری سەرکردایەتی هەڤالی لێپرسراوی لق راپۆرتی سـیاسـی خوی خویندەوە کە زیاتـر متوربە کردن و فراوان کردن و تاکید کردن بوو لە سەر ووتارەکەی سـەرکردایەتی .

لە پاش خویندنەوەی راپورتی سیاسی لق لیژنەیەک هەلبژیردرا بو سەرپەرشتی کردنی کوبوونەوەکان و بەڕێوە بـردنی کارووباری کـونفرانـس. هەڤالانی کونفرانس زور بە گیانیکی لەخو بوردەو شورشگیرانەوە و لە جەویکی دیموکراسیانەدا دەستیان کرد بە لێ دوان و لێکولینەوە لە ووتاری نوینەری سەرکردایەتی و راپورتی سـیاسی لق وە لە ئەنجامدا راپورتەکـە بـە گشـتی دەنگ وەرگیـرا .

ووتاری نوینەری سەرکردایەتی و راپورتی سیاسی لق بریتی بوون لە و گوران و رووداوە گرنگانەی کە لە سالی رابوردووەوە تاکو گرتنی کونفرانس بە سەر روەزعی یەکیتی و شورش و عیراق و کوردستان و ناوچەی ناوەراست و جیهانیدا هـاتووە .

کونفرانس لەو باوەرە دابوو کە یەکیتیمان لە ماوەی ئەم ساڵەدا گەلیک سەرکەوتنی بە دەست هیناوە وە لە رووی سیاسی و ریکخراوی و سەربازییەوە . چەماوەری کوردستان زیاتر لە دەوری یەکیتیمان و شورشی کوردستان کو ئەبنەوە. خـەبـاتی چەکداری و رابەرینـە جەماوەریەکانی شـار و شاروچکەکانی کوردستان ریژیمی خستوتە لەرزین و ناتوانن بەرەنگـاری لبـەی شورشگیرانە یان ببنەوە بویە زوربەی شاروچکەو دیهاتەکان لە شەودا بە دەست پیشمەرگەوە یەوە ریکخسـتنی و شارەکان توانیویانە دەوری سـەرەکی لە هان دان و ریکخسـتنی ئـەو رابـەرینانـە دا ببینـن .

هەروەها یەکیتیمان توانیویەتی چەندایەتی و چونایەتی هیزی پیشمەرگەی بەرەو پیشەوە بەری و گەشەی پی بکـات و پەیوەندی نیوان بالەکانی بتـەو ترو بە هیـز تر بکات . یەکیتیی هەولی تەواوی خوی داوە بو پتەو کردنی پەیوەندی

بەیاننامەی حەوتەم کۆنفرانسی یەکێتیی لە تاراوگە

## البلاغ الختامي
## للكونفرنس الاول لعصبة شغيلة كردستان - خارج الوطن -

عقدت منظمة عصبة شغيلة كردستان - خارج الوطن - كونفرنسها الاول خلال النصف الثاني من شهر تموز وبحضور اعضاء وممثلي التنظيمات المرتبطة بمنظمة عصبتنا خارج الوطن وذلك تحت شعار :

" من اجل ترسيخ وتقوية تنظيمات عصبة شغيلة كردستان في الخارج
وجعلها المرآة الحقيقية لثورتنا والامتداد الطبيعي لنضال پيشمرگتنا "

وقد افتتح الكونفرنس بالوقوف دقيقة صمت تكريماً واجلالاً لارواح شهداء عصبتنا واعادنا والحركة الوطنية الكردستانية والعراقية والشعوب المناضلة كافة . ثم انتخب الكونفرنس الهيئة المشرفة على اعماله ، وبعد اقرار البرنامج الذي احتوى على النقاط والمواضيع التي سيتناولها بالبحث والدراسة ، قدمت هيئة منظمة العصبة في خارج الوطن تقريراً سياسياً مسهباً تناول الاوضاع الدولية الراهنة .. شارحاً الظروف الدقيقة التي تمر بها الحركات العمالية الثورية وحركات التحرر للشعوب المناضلة الرامية الى التحرر السياسي والاجتماعي والاقتصادي .. وبين كيف ان الدول الامبريالية والاستعمارية بقيادة الولايات المتحدة ، تكثف من مساعيها وتنهمك في حبك المؤامرات والدسائس لقهر المد الجماهيري الثوري والحركات العمالية والجماهيرية ولتطويق النظم الاشتراكية وعرقلة مسيرتها .. وذلك بتوسيع الاحلاف والقواعد العسكرية وترسانات الاسلحة الفتاكة ونشر الصواريخ النووية .. بهدف الوصول الى غايتها النهائية في السيطرة على العالم وفرض نظامها الاستغلالي لنهب واستعباد الشعوب كافة .. وفي مقابل ذلك وسعت الحركات العمالية وبروليتاريا الدول الرأسمالية وحركات التحرر للشعوب المكافحة والبلدان الاشتراكية من نضالاتها للوقوف ضد هذا الخطر وبهدف الحد من التسلح النووي وايقاف سباق التسلح ومن ثم نزع السلاح .. لايجاد عالم خال من اسلحة الدمار ولتحقيق سلم عادل ودائم ، ولتصفية مواقع الاحتكارات ومصادر العدوان .. ولتشديد النضال الثوري ضد الامبريالية والرجعية والدكتاتورية .. وللسير قدماً الى الامام لانجاز مهام مرحلة التحرر الوطني والديمقراطي ولبناء الاشتراكية والقضاء نهائياً على استغلال الانسان للانسان .

كما وتطرق التقرير الى الاوضاع الدقيقة والخطرة التي تمر بها منطقتنا وسط تلك المخططات الرهيبة واشتداد الهجمة الامبريالية الشرسة على شعوب المنطقة والنظم الوطنية الواقفة ضدها ، وخاصة بعد اشتعال الحرب العراقية - الايرانية بدأت الدوائر الامبريالية والرجعية العميلة بتنفيذ مخططاتها وكشف نواياها العدوانية .. فكان غزو لبنان وضرب

بەیاننامەی یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات

YEKÊTÎY NIŞTIMANÎY KURDÎSTAN
UNION PATRIOTIQUE DU KURDISTAN
PATRIOTISCHE UNION KURDISTANS
PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN

١٩٨٣ / ٢ / ٢١

یەکیتی نیشتمانیی کوردستان
الاتحاد الوطني الكردستاني
ـ کومیتەی لقی ئەوروپا ـ

بو هەموئەندامانی یەکیتی / لقی ئەوروپا بینکەشە

هەڤالانی بەریز ـ سلاویکی گەرمی تیکوشان

وەك ئاگادارن لە مانگەکانی رابوردودا ریکخراوەکانی سەر بە هیلی گشتی و بزوتنەوەی سوسیالیست تیکەل بەیەك بون و لە ئەنجامی ئەمەدا ریکخراویکی نوی بیك هات بە ناوی ( یەکیتیی شورشگیرانی کوردستان ) ەوە. ئەمەش وا پیویست ئەکات کە لە دەرەوەی ولاتیش دەست بکریت بە دامەزراندنی ریکخراوی تایبەتی لەناو جواجیوەی یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان دا بو ئەم ریکخراوە نوییە. لەم بارەیەوە کومیتەی لقی ئەوروپا لەکاتیك دا پیروزبایی لە هەموئـ ـامانی یەکیتی ئەکات بە بونەی یەکگرتنی هەردو هیلی گشتی و بزوتنەوە و دامەزراندنی یەکیتیی شورشگیرانەوە داوا لەو ئەندامانەی یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان ئەکات کە ئەیانەویت لە ریزەکانی ئەم ریکخراوە نوییەدا کار بکەن بەشی ریکخستن لە کومیتەی لقی ئەوروپا ئاگادار بکەن تا لەو بارەیەوە ئەوی پیویستە بویان بنوسریت.

لیرەدا بە پیویستی ئەزانین کە هەمو ئەندامانی یەکیتی لەوە ئاگادار بکەین کە ئەم ریکخستنە نوییە نابیت بە هیچ جوریك کار بکاتە سەر ئەو چالاکییانەی تا ئیستا بە ناوی یەکیتیی نیشتمانیەوە کراون. ئەندامانی یەکیتیی شورشگیران شان بە شانی هاوریکانیان لە ( کومەلەی رەنجدەرانی کوردستان ) دا پیویستە زیاتر لە پیشان لە ناو جوارجیوەی یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان دا دریژە بە خەباتی خویان بدەن لە پیناوی هینانەدیی ئامانجەکانی یەکیتی دا و لە پیناوی حاکو سودی گەلە چەوساوەکەمان کە لە هەمو کاتیکی پیشان زیاتر پیویستی بە خەباتی یەکگرتوی هیزە شورشگیرەکانی هەیە.

بەرنامەو پەیرەوی یەکیتیی شورشگیران لە جوار جیوە گشتییەکەیدا هەر هەمان بەرنامەو پەیرەوی ناوخوی یەکیتیی نیشتمانیی کوردستانە لەگەل هەندیك دەستکاریی پیویست دا کە پاشگە یشتنیان لە ولاتەوە لیی ئاگادار ئەکرین. لە ناو ریزەکانی یەکیتیی شورشگیران دا ئازادیی بیروباوەر ( ئایدیولوژی ) هەیە بە مەرجیك لەگەل بەرنامەی یەکیتی دا بگونجیت.

جاریکی تر داوا لە هەمو ئەندامانی لق ئەکەین کە ئەیانەویت لەناو ریزەکانی یەکیتیی شورشگیران دا کار بکەن بە زوترین کات بەشی ریکخستن لە بریاری خویان ئاگادار بکەن.

ئیتر بو پیشەوە لە پیناوی پتەوکردنی ریزەکانی ریکخستن و هینانەدیی ئامانجەکانی یەکیتی دا ....

کومیتەی لقی ئەوروپا

١٩٨٣ / ٢ / ٢١

تکایە تەنها بو ئەندامانە

**نووسراوی کۆمیتەی لقی ئەوروپا ١٩٨٣**

١

ی . ن . ک

کومیتەی ئەوروپا

ژمارە: ٢

رۆژ : ١٩٨٨/٧/٢٣

(( بلاوکراوەی ناوخو تەنها بو ریزەکانی ریکخستنە ))

بو/ هەموو ریکخراوە تیکوشەرەکانی ی . ن . ک لەئەوروپا

سلاویکی شورشگیرانە

کومیتەی ی . ن . ک لەئەوروپا لەروژانی ١٦- ١٩٨٨/٧/١٩ کوبوەوە بەبەشدار-بوونی هەفالی تیکوشەر مام جلال سکرتیری گشتی یەکیتیمان و ئامادەبوونی هەموو ئەندامانی کومیتە.

لیدوان و باسی کوبوونەوەکە بریتی بوو لە : باری ریکخستن ، راگەیاندن ، چاپەمەنی ، پەیوەندی ... دارای ، ئەکسا ، سەفەری هەفال مام جلال بو دەرەوە- لەگەل باری ئیستای کوردستان و وەستاندنی شەری نیوان عیراق و ئیران.

لەسەر هەر یەک لەم خالانەی سەرەوە بەدوورو دریژی باسی لەسەر کراو کومەلی بریارو پیشنیار کرا . وا لەخوارەوە لەسەر هەر یەکەیان بوختەیەکتان ئەخەینە بەر دەست :

١- دەربارەی ریکخستن : باری ریکخراوەکانی ی . ن .ک لەئەوروپا و ریکخستن بەدوورو دریژی وولات بەوولات لیدوان و لیکولینەوەی لەسەرکرا . پەنجە خرایە سەر خالە لاوازەکان و هەموو لایەنەکانی هەلسەنگینرا .. لای کوبوونەوە وا بوو کەریکخستن لەهەندی شوین گەشەی کردوەو بەرەو -پیشەوە چووە . لەهەندی ریکخراویش گیرو گرفت ولاوازی بەدی ئەکری. هوی لاوازیەکانیش ئەگەریتەوە بو ئەمانەی خوارەوە:

آ- نەبوونی مەرکەزیەت لەریکخستنی ریکخراوەکانی یەکیتدا لەدەرەوە لەم سالانەی دووایدا .

ب- نەبوونی بلاوکراوەیەکی ناوخوی بەردەوام بو ریزەکانی ریکخستن .

ج - سەرنەدانی هەفالانی کومیتە بو ئەو ریکخراوانەی کەگیروگرفت ولاوازن .

د - دوواکەوتنی بلاوکراوەکانی یەکیتی. کەهوکەشی ئەگەریتەوە بەپلەی یەکەم بو درەنگ گەیشتنی ئەو بلاو کراوانە بەدەست بەشی چاپەمەنی لە وولاتەوە. لەکاتی گەیشتنیشدا ماوەیەکی ئەوی بو چاپکردنەوە و گەیشتنی بەدەست ریکخراوەکان.

**بڵاوکراوەی ناوخۆی کۆمیتەی ئەوروپا ١٩٨٨**

**یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان**
- مەلبەندی ریکخستنی دەرەوە -

P.O. BOX 680 , CENTERVILLE , VA 22020 , U.S.A.
Tel. 1 - 703 - 354 3056 - Fax. 1 - 703 - 354 7159

ژمارە: ۱۱
بەروار: ۱۹۹۲.۷.۲۵

بابەت: کونفرانسی مەلبەندی دەرەوە

بو گشت ریکخستنەکانی سەر بە سنووری مەلبەندی دەرەوە:
هەفالانی بەریز،
سلاویکی گەرم،

پیشەکی داوای لیبووردن دەکەین سەبارەت بە دوواخستنی کونفرانس لە مانگی رابووردوو بە هوی هەندی کاروباری چاوەروان نەکراو کە هاتنە پیش دووابەدووای کونگرەی ئوپوزیسیونی عیراق لە فینا.

کونفرانسی مەلبەند لە شاری لەندەن دەبەستری لە روژانی ۱ و ۲ و ۳ مانگی ۹. شوینی نوستن بو نوینەران دابین کراوە لە کاتی کونفرانس.

تکایە نوینەرانی کونفرانس پەیوەندی بەم هەفالانەی خوارەوە بکەن پیش یا کاتی گەیشتنیان بو لەندەن:

سەربەست حسین - تەلەفون: 5175 281-081 یا رزگار خالد - 1251 661-081

سەبارەت بەو هەفالانەی پیویستیان بە فیزە دەبیت بو سەردانی بەریتانیا، پیویستە دەستبەجی داوای فیزە بکەن لە سەفارەتی بەریتانیا. هەروەها دەتوانن داوای نامەیەکی پشتگیری بکەن لە هەفال سەربەست.

هیوامان زورە کونفرانسەکەمان بە سەرکەوتوویی کارەکانی ئەنجام بدات و کیشەکانی ریکخستنی ی.ن.ک. لە دەرەوە چارەسەر بکات و لەم قوناغە ناسکەی خەباتمان ریکخستنەکانمان ئامادەبکات تا کاریگەرانە بە دەنگ کارەساتی گەلەکەمانەوە بچن. بو ئەم مەبەستەش تکامان وایە ریکخستنەکان و نوینەران پیشنیار و لیکدانەوەی پوخت و گونجاو دابریژن و پیش کاتی بەستنی کونفرانس رەوانەی مەلبەندی بکەن تا بتوانری زەمینەیان بو خوش بکریت و لە لیدوانەکانی کونفراس رەنگدانەوەیان هەبیت. هەروەها چاوەروانین ریکخستنەکان هەر یەکە راپورتی نووسراوی خویان پیشکەش بە کونفرانس بکەن.

بە هیوای دیدەنیتان لە کونفرانس،

مەلبەندی دەرەوە.

کۆنفرانسی مەڵبەندی دەرەوە ١٩٩٢

## بەیاننامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (مەڵبەندی دەرەوەی وڵات)
## بە بۆنەی شەهید کردنی دکتۆر سەعید و هاوڕێکانی لە بەرلین

«دوژمنانی کورد لە سەر کارە تیرۆریستیەکانی خۆیان هەر بەردەوامن»

ڕۆژی ١٧ی ٩ی ١٩٩٢ دەستەیەکی تیرۆریستی تاوانبار، لە شاری بەرلین (ئەڵمانیا)دا، بە شێوەیەکی زۆر ناجوامێرانە، تاوانێکی گەورەیان دەرهەق بە گەلی کورد ئەنجام دا کە ئەویش شەهید کردنی هاوڕێیان:

١- دکتۆر سەعید (سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران)
٢- کاک فەتاحی عەبدولی (نوێنەری حزب لە ئەورووپا)
٣- کاک هومایونی ئەردەلانی (نوێنەری حزب لە ئەڵمانیا)
٤- کاک حسێن نوری (نووسەرو دۆستی حزب) بوو.

شەهید کردنی دکتۆر سەعید و هاوڕێیانی، زیانێکی مەزن بوو هەم لە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و جوڵانەوەی گەلەکەمان لە کوردستانی ئێران، هەم لە تێکڕای جوڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی دیموکراتی گەلەکەمان کەوت. لە ڕاستی دا، هەر هەمان دەست بوو پێش سێ ساڵ دکتۆر قاسملو و هاوڕێیانی لە شاری ڤیێنا دا شەهید کرد بوو.

ئێمە لە کاتێکدا، بە توندترین شێوە، ئەو کارە تیرۆریستیە تاوانبار دەکەین، دڵنیاین لەوەی کە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، وەک چۆن دوای شەهید کردنی دکتۆر عبد الرحمن قاسملو و هاوڕێیانی، سەرکردەیەکی لێوەشاوەو بە توانای وەک دکتۆر سەعید لە کوردستانی ئێران پێشکەش بە گەلەکەمان بکات، ئاوهەاش دەتوانێ سەرکردەیەکی لێهاتوو و بە وەفای تری وەک دکتۆر قاسملو و دکتۆر سەعید پێ بگەیەنێ و لە سەر هەمان ڕێبازی سەرکردە شەهیدەکانیان درێژە بە خەباتی ڕەوای خۆیان بدەن.

سەربەرزی و نەمری بۆ شەهیدان دکتۆر سەعید و هاوڕێیانی
سەربەرزی و نەمری بۆ تێکڕای شەهیدانی جوڵانەوەی ڕزگاری گەلەکەمان.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
مەڵبەندی دەرەوە

١٩٩٢/٩/١٨

بەیاننامەی مەڵبەند بەبۆنەی شەهیدکردنی شەرەفکەندی ١٩٩٢

## یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان

- مەلبەندی ریکخستنی دەرەوە .

P.O. BOX 680 , CENTERVILLE , VA 22020 , U.S.A.
Tel. 1 - 703 - 354 3056 - Fax. 1 - 703 - 354 7159

**بابەت: بلاوکراوەی ناوخو**

بەروار: ۱۹۹۳/۳/۳

بۆ گشت ریکخستنەکانی سەر بە سنوری مەلبەندی دەرەوە

هەڤالانی بەرێز
سلاویکی گەرم

١ - مەلبەندی ریکخستنی دەرەوەی ولات بریاری دا کە رۆژانی شەمە و یەك شەمەی ریکەوتی ۲۷ و ۲۸ /ادار/ ۱۹۹۳ یەکەم کۆبونەوەی گشتی خۆی بکات دوای کۆنفرانسی ایلولی/۱۹۹۲ وە لە لەندەن. لەبەرئەوە داوا لە هەموو لیپرسراوی ریکخستنەکان و لیپرسراوی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ولاتان ئەکەین کە لە کات و شوینی دیاری کراودا ئامادەبن.

۲ - بۆ پرسیار کردن لەم بارەیەوە تکایە پەیوەندی بکەن بە :
کاك بەرهەم لە امریکا ژمارەی تەلەفون : 1 - 703 - 354 3056
ژمارەی Fax . 1 - 703 - 354 7159

کاك سەربەست بامەرنی لە المانیا
ژمارەی تەلەفون : 49 - 761473827

ئیتر بۆ پیشەوە لەژیر ئالای یەکیتیماندا و
بە هیوای یەکتر بینین لە لەندەن لە رۆژانی
شەمە و یەك شەمەی ۲۷ و ۲۸ / ادار/ ۱۹۹۳ بۆ
زیاتر گەشە پیدانی کاری ریکخستن و لیدوان
لەسەر بارودۆخی گەلەکەمان و یەکیتیکەمان.

مەلبەندی ریکخستنی دەرەوە

بڵاوکراوەی مەڵبەندی دەرەوە ١٩٩٣



# یەکیتی ی نیشتمانی ی کوردستان

مەلبەندی ریکخستنی دەرەوە

## هەوالنامە

پیمان خوشە ئاگاداری بەریزتان بکە ین کە لە روژی ۱۹۹۵/۱/۲ وە هەموو روژیك (ئیزگە ی دەنگی گە لی کوردستان) لە کات ژمیری ٥ ی پاش نیوەرو تا کات ژمیری ۹ ی شەو بە کاتی عیراقی بە رنامەی تایبە ت پە خش دە کات بو ئەوروپا . ئەمەش لە سەر شە پولی ۱۹ متر بەرامبەر بە ۱٥۰٦۰ کیلوهرتز .

ئومیدەوارین بەم هە نگاوە مەزنە کە لینیکی گەورە پربکریتەوە وکومەلگای کورد لە ئەوروپا بە بەردە وامی ئاگاداری بارودوخ و هەوالە کانی وولات بیت .

مەلبە ندی دەرە وە ـ کومیتەی کارگیر

۱۹۹۵ / ۱/۲

هەواڵنامەیەکی مەڵبەندی دەرەوە ۱۹۹٥

دەقی نامەی بەڕێز جەلال تاڵەبانی بۆ سەرۆک بیل کلینتۆن

سەرۆک بیل کلینتۆن
کۆشکی سپی
واشنتۆن د.س

قەڵا چوالان ١٩٩٦/٩/٣

بەڕێز سەرۆک کۆمار

بە ناوی گەلی کورد و عێراقەوە، بە تایبەتی دانیشتوانی شاری هەولێر کە بونەتە قوربانی دەستدرێژیەکانی صەدام، سڵاوتان لێ دەکەم بۆ هەڵوێستی مەردانەتان بەرامبەر بەم دەستدرێژی و هێرشانە. گەلی ئێمە بێ گومان ئەم هەڵوێستە مەردانەیەی ئێوەیان لە یاد ناچێت دژ بەم هێرشانەی صەدام، کە وا بەم شێوەیە خۆی دووبارە دەکاتەوە جارێکی تر. وە ئێمەش باوەڕی تەواومان هەیە کە ئێوە سوورن لەسەر یارمەتی دانی گەلی عێراق بۆ ڕزگار بونیان لە دیکتاتۆریەتی صەدام کە بۆ ماوەیەکی زۆرە باڵی بە سەر عێراق دا کێشاوە. وە ئێستەش کاتی ئاشتی و عێراقێکی دیموکراتی هاتوە لەگەڵ گەلەکەی و دراوسێکانی.

لەگەڵ ڕێز و سڵاو

**جەلال تاڵەبانی**

---

سەرنج: بۆ زیاتر زانیاری پەیوەندی بکە بەم ژمارەیەوە: 1-703-354 3056

**نامەی مام جەلال بۆ بیل کلینتۆن ١٩٩٦/٩/٣**

# بابەتی چوارەم؛

# گەرمکردنی ماکینەی راگەیاندن

## دەسپێک

مێژووی رۆژنامەگەریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەسەر چەند وێستگەیەکدا دابەش بووە؛ وڵاتانی دراوسێ، ناوەوەی کوردستان، ئەورووپا و ئەمریکا. ئەمانە وەک بەشێک لە رۆژنامەگەریی نهێنی "پێشمەرگە" پۆلێن دەکرێن، واتە لە ساڵی (١٩٧٥) تا (١٩٩١)، کە خاوەنی چەندان بڵاوکراوە، رۆژنامە و گۆڤارە (نەوزاد عەلی ئەحمەد، بیبلیۆگرافیای رۆژنامەگەریی نهێنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ١٩٧٥-١٩٩١، لە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ، کەرکوک ٢٠١٤). لە ساڵی (١٩٧٩) دەستی بە پەخشی رۆژنامەی بیستراویش (ئێستگەی رادیۆ) کردووە. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سوودی لە دۆخی ئازادی و دیموکراتی ئەورووپا و ئەمریکا بینیووە، لەوێ دەستی بە چالاکییە رۆژنامەوانی و کاروبارە جەماوەری و حزبییەکانی خۆی کرد. یەکەمین بڵاوکراوەی خۆی لە ساڵی ١٩٧٦ لە ئەورووپا دەرکردووە.

## رابەریی ماکینەی رۆژنامەگەریی

سنووری بابەتەکەی ئێمە (١٩٧٥) تا (٢٠٠٥) و لەو ماوەیەدا رۆژنامەگەریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دابەشی ئەم دوو قۆناغە دەکرێت: (قۆناغی یەکەم ١٩٧٥- ١٩٩١) و (قۆناغی دووەم ١٩٩٢- ٢٠٠٥). ئەمەی دادێ رابەرێکە بۆ مێژووی رۆژنامەگەریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەردوو قۆناغەکەدا:

### – صوت الاتحاد

بڵاوكراوەيەكی ناوبەناو بووە، يەكێتيی نيشتمانيی كوردستان- لقی ئەوروپا بە زمانی عەرەبی دەريكردووە. يەكەمين بڵاوكراوەی رۆژنامەگەريی يەكێتيی يە، كە لە ئەوروپا دەرچووە. بەگوێرەی كات و شوێن، قەبارە و ديزاين و ژمارەكانی لاپەڕەكانی گۆڕانكاريی تێداكراوە. د.كەمال فوئاد و د.جەميل شەڕەف بەهاوكاری چەند كادرێك دەريانكردووە. تەنيا ئەم ژمارانەم لێ بينيووە:

ژمارە ١، حوزەيرانی ١٩٧٦، ٤ لاپەڕە

ژمارە ٢، تشرينی يەكەمی ١٩٧٦، ٤ لاپەڕە

ژمارە ٣، مارتی ١٩٧٩، ١٢ لاپەڕە

ژمارە ٤، تشرينی يەكەمی ١٩٧٩، ١٢ لاپەڕە

ژمارە ٣، مارتی ١٩٨٢، ٨ لاپەڕە

ژمارە ٤، كۆتاييەكانی ١٩٨٢، ١٢ لاپەڕە

ژمارە ٥، تشرينی يەكەمی ١٩٨٢، ١٠ لاپەڕە

ژمارە ٦، كانوونی دووەمی ١٩٨٣، ١٢ لاپەڕە

### – دەنگی يەكێتی

يەكێتيی نيشتمانيی كوردستان- لقی ئەوروپا بە زمانی كوردی دەريكردووە. د. كەمال فوئاد بەهاوكاری چەند كادرێك دەريكردووە. (٥) ژمارەی لێدەرچووە و ژمارە (٧)يش وەك پاشكۆی يەكێك لە ژمارەكانی (صوت الاتحاد) بەكوردی دەرچووە، لەباری ديزاين و قەبارەوە ژمارەكان جياوازن:

ژماره ١، تەممووزی ١٩٧٦، ٤ لاپەڕە
ژمارە ٢، کانونی دووەمی ١٩٧٧، ٦ لاپەڕە
ژمارە ٣، کانونی دووەمی ١٩٧٨، ٦ لاپەڕە
ژمارە ٤، تشرینی دووەمی ١٩٧٨، ١٨ لاپەڕە
ژمارە ٥، کانونی یەکەمی ١٩٧٨، ٨ لاپەڕە
ژمارە ٧، ساڵی ١٩٨٣، ٣٢ لاپەڕە

## The Spark-

ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە زمانی ئینگلیزییە، سەرەتا لە ئەمریکا دەرچووە، پاشان بۆ ئەوروپا گواستراوەتەوە، یەک ژمارەش لە شاخ دەرچووە. ئەم رۆژنامەیە، نزیکەی (٣٠) ژمارەی لێ چاپ و بڵاوکراوەتەوە. عومەر شێخمووس بە هاوکاری ئەگنێتا-ی هاوسەری دەریکردووە. بەتایپی ئاسایی بابەتەکان تایپکراون و بە ئامێری فۆتۆکۆپی دانەی لەبەرگیراوەتەوە. ژمارەکان:

ژمارە ١، خولی ١، شوباتی ١٩٧٧، ٤ لاپەڕە
ژمارە، ٢، خولی ١، مارسی ١٩٧٧، ٥ لاپەڕە
ژمارە ٣، خولی ١، نیسانی ١٩٧٧، ٤ لاپەڕە
ژمارە ٤، خولی ١، مایسی ١٩٧٧، ٤ لاپەڕە
ژمارە ٥، خولی ١، ناوەڕاستی مایسی ١٩٧٧، ٤ لاپەڕە
ژمارە ٦ و ٧، خوولی ١، حوزەیران و تەمووزی ١٩٧٧، ٦ لاپەڕە
ژمارە ٨، خولی ١، ئابی ١٩٧٧، ٤ لاپەڕە
ژمارە ٩، خولی ١، ئەیلولی ١٩٧٧، ٨ لاپەڕە
ژمارە ١٠، خولی ١، تشرینی یەکەمی ١٩٧٧، ٤ لاپەڕە
ژمارە ١١، خولی ١، تشرینی دووەمی ١٩٧٧، ٤ لاپەڕە
ژمارە ١٢، خولی ١، کانوونی یەکەمی ١٩٧٧، ٤ لاپەڕە

ژماره ١ و ٢، خولی ٢، کانوونی ٢ و شوباتی ١٩٧٨، ٤ لاپەڕە
ژمارە ٣، خولی٢ ، مارسی ١٩٧٨، ٤ لاپەڕە
ژمارە ٤، خولی ٢، نیسانی ١٩٧٨، ٤ لاپەڕە
ژمارە ٥، خولی ٢، مایسی ١٩٧٨، ٩ لاپەڕە
ژمارە ٦، خولی ٢، حوزەیرانی ١٩٧٨، ٨ لاپەڕە
ژمارە ٧، خولی ٢، تەمووزی ١٩٧٨، ٨ لاپەڕە
ژمارە ٨، خولی ٢، ئابی ١٩٧٨، ٨ لاپەڕە
ژمارە ٩، خولی ٢، ئەیلوولی ١٩٧٨، ٨ لاپەڕە
ژمارە ١٠، خولی ٢، تشرینی یەکەمی ١٩٧٨، ٨ لاپەڕە
ژمارە ١١، خولی ٢، تشرینی دووەمی ١٩٧٨، ١٢ لاپەڕە
ژمارە ١٢، خولی ٢، کانوونی یەکەمی ١٩٧٨، ٨ لاپەڕە
ژمارە١، خولی ٣، ئەیلوولی ١٩٧٩، ٨ لاپەڕە
ژمارە ٢، خولی ٣، تشرینی دووەمی ١٩٧٩، ٦ لاپەڕە
ژمارە ٣، خولی ٣، کانوونی یەکەمی ١٩٧٩، ٨ لاپەڕە
ژمارە ١، خولی ٤، مارسی ١٩٨٠، ٨ لاپەڕە
ژمارە ١، تشرینی دووەمی ١٩٨٢، ٦ لاپەڕە
ژمارە ١، خولی ٥، مارسی ١٩٨٣، ٨ لاپەڕە
ژمارە ٢، خولی٥، ناوەڕاستی مایسی ١٩٨٣، ١٢ لاپەڕە

## L’ETINCELLE-

ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە زمانی فەڕەنسییە، لە فەڕەنسا دەرچووە، ئەحمەد بامەڕنی سەرپەرشتی دەرچوونی کردووە. ئەوەندەی دیارە زیاتر لە (٢٠) ژمارەی لێدەرچووە لە (١٢) بەرگدا:

ژمارە ١، ساڵی ١٩٧٧، ١٩ لاپەڕە
ژمارە ٢، ساڵی ١٩٧٧

ژماره ٣، ئەیلولی ١٩٧٧، ٥ لاپەڕە
ژماره (٤، ٥، ٦) تشرینی یەکەم، تشرینی٢، کانوونی یەکەم ١٩٧٧، ٢٣ لاپەڕە
ژماره ٧، کانوونی دووەمی ١٩٧٨، ٧ لاپەڕە
ژماره (٨، ٩، ١٠، ١١)، شوبات تا مایسی ١٩٧٨، ١٢ لاپەڕە
ژماره (١٢، ١٣)، حوزەیران و تەممووزی ١٩٧٨، ١٤ لاپەڕە
ژماره (١٤، ١٥)، ئەیلول و تشرینی یەکەمی ١٩٧٨، ١٦ لاپەڕە
ژماره (١٦، ١٧) تشرینی ٢ و کانوونی یەکەمی ١٩٧٨، ٨ لاپەڕە
ژماره ١٨، کانوونی دووەمی ١٩٧٩، ٨ لاپەڕە
ژماره ١٩، ئەیلولی ١٩٧٩، ٦ لاپەڕە
ژماره ٢٠، تشرینی یەکەمی ١٩٧٩، ٦ لاپەڕە.
ژماره ٢١، تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ١٩٧٩
ژمارەی تایبەت ١، مارتی ١٩٨٣

**- راپەڕین**

ئۆرگانی کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان/ لقی ئەورووپا بووە، تەنیا دوو ژمارەیە، لە سوید دەرچووە. د. محەمەد سابیر ئیسماعیل بەهاوکاری چەند کادرێکی کۆمەڵە دەریکردووە.
ژماره١، ساڵی ١٩٧٨، ٨ لاپەڕەیە. ئەم ژمارەیە لەسەری نووسراوە: گۆڤاری کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان لە لایەن لقی ئەورووپاوە دەردەچێت. ژماره ٢، ساڵی ١٩٧٨، ٨ لاپەڕە. لەم ژمارەیەدا زاراوەی گۆڤار کراوەتە ئۆرگان.

## DER FUNKE-

ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە زمانی ئەڵمانییە، لە ئەڵمانیا دەرچووە، د. کەمال فوئاد سەرپەرشتی دەرچوونی کردووە. ئەو ژمارانەی بینیوومە، بریتین لە:

ژمارە ٢، تشرینی دووەمی ١٩٧٩، ٨ لاپەڕە

ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٠، ٨ لاپەڕە

ژمارە ١، ساڵی ٥، ئازاری ١٩٨٣، ٨ لاپەڕە

ژمارە ٢، ساڵی ٥، ناوەڕاستی مایسی ١٩٨٣، ١٢ لاپەڕە

## – ئالا

بڵاوکراوەیەکی ناو بە ناو بووە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان/ لقی ئەمریکا دەریکردووە، بە زمانی کوردی و عەرەبییە:

ژمارە ١، ئابی ١٩٧٩، ٨ لاپەڕە.

ژمارە ١، حوزەیرانی ١٩٨٠، ٢٠ لاپەڕە. لەم ژمارەیەوە لە جیاتی "لقی ئەمریکا" نووسراوە لقی ئەمریکای باکوور. جارێکی تر لە ژمارە (١) دەستی بە دەرچوون کردۆتەوە.

ژمارە ٢، کانوونی دووەمی ١٩٨٠، ١٥ لاپەڕە

ژمارە ٣، مایسی ١٩٨١، ١٢ لاپەڕە

ژمارە ٥، مارتی ١٩٨٢، ١٦ لاپەڕە

ژمارە ٦، تەمموزی ١٩٨٢، ٨ لاپەڕە

ژمارە ٧، ئابی ١٩٨٢، ١٦ لاپەڕە

ژمارە ٨، ئازاری ١٩٨٣، ٣٠ لاپەڕە

ژمارە ٩، حوزەیرانی ١٩٨٣، ٢٤ لاپەڕە

ژماره ۱۰، تەمموزی ۱۹۸۳، ٢٤ لاپەڕە
ژماره ۱۱، تشرینی یەکەمی ۱۹۸۳، ۳۲ لاپەڕە

**– الخليج**

ئەم بڵاوکراوەیە بریتییە لە هەڵبژاردەیەک لە هەواڵی ڕۆژنامەکانی کەنداو و جیهان. تەڵعەت گلی "ئاشتی" لە وڵاتی کوێت لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا بەهاوکاری هاوسەرەکەی دەریکردووە. چەند ژمارەیەک:

ژماره ۱–۲ ، ساڵی ۱۹۸۰
ژماره ۳، ساڵی ۱۹۸۱
ژماره ٤، ساڵی ۱۹۸۱
ژماره ۱، ساڵی ۱۹۸۲
ژماره ۲، ساڵی ۱۹۸۲
ژماره ۳، ساڵی ۱۹۸۲
ژماره ٤، ساڵی ۱۹۸۲
ژماره ٥، ساڵی ۱۹۸۲
ژماره ۱، ساڵی ۱۹۸۳
ژماره ۲، ساڵی ۱۹۸۳
ژماره ۳، ساڵی ۳، ۱۹۸۳
ژماره ٤، ساڵی ۱۹۸۳
ژماره ٦، ساڵی ۳، ۱۹۸۳
ژماره ٥ و ٦، ساڵی ۳، ۱۹۸۳
ژماره ۷، ساڵی ۳، ۱۹۸۳
ژماره۱، ساڵی ٤، ۱۹۸٤

ژماره ۱، ساڵی ٥، ۱۹۸٥، ٦ لاپەڕە. لەم ژمارەیە تەنیا ئەم بەیاننامەیە بڵاوکراوەتەوە؛ "بيان الاتحاد الوطني الكردستاني حول قطع المفاوضات مع الحكومة العراقية"، بەیاننامەی وەستانی گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراق.

- هەواڵنامەی کوردستان لە رۆژنامەکانی ئەوروپا

ئەم گۆڤارە کۆمەڵێک هەواڵی سەبارەت بە کوردستان لەخۆگرتووە، کە لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی چەند وڵاتێکی ئەوروپی بڵاوبوونەتەوە. من تەنیا ئەم ژمارەیەم لێ بینیوە و دەڵێن هەر ئەم ژمارەیەشی لێدەرچووە:
ژمارە ١، تشرینی دووەمی ١٩٨٠، ٢٦ لاپەڕە

- De VONK UIT KOREDISTAN

ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە زمانی هۆڵەندیە، لە سەرەتادا زاهیر حسێن دەریکردووە. من تەنیا ئەم دوو ژمارەیەم لێ بینیوە:
ژمارە ٢، کانوونی یەکەمی ١٩٨١، ٩ لاپەڕە
ژمارە ٣، تەمموزی ١٩٨٦، ٦ لاپەڕە

- الاتحاد

کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریکردووە، بە زمانی عەرەبییە (١٢) ژمارەی لێدەرچووە، لەباری چاپ و دیزاینەوە پێشکەوتووە:
ژمارە ١، کانوونی یەکەمی ١٩٨٢، ٨ لاپەڕە، پاشکۆی تایبەت بە چالاکییەکانی پێشمەرگە، ٤ لاپەڕە
ژمارە ٢، کانوونی دووەمی ١٩٨٣، ٨ لاپەڕە، پاشکۆی تایبەت بە چالاکییەکانی پێشمەرگە، ٤ لاپەڕە
ژمارە ٣ و ٤، شوبات/ ئازاری ١٩٨٣، ١٠ لاپەڕە، پاشکۆی تایبەت بە چالاکییەکانی پێشمەرگە، ٨ لاپەڕە.
ژمارە ٥، نیسانی ١٩٨٣، ٨ لاپەڕە، پاشکۆی تایبەت بە چالاکییەکانی

پێشمەرگە، ٤ لاپەڕە

ژمارە ٦، ئایاری ١٩٨٣، ٨ لاپەڕە، پاشکۆی تایبەت بە چالاکییەکانی پێشمەرگە، ٤ لاپەڕە

ژمارە ٧، حوزەیرانی ١٩٨٣، ١٢ لاپەڕە، ڤۆلدەرێک وەک پاشکۆ بۆ شەهیدە سەرکردەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ژمارە ٨، تەمووزی ١٩٨٣، ٨ لاپەڕە، پاشکۆیەکی تایبەت بە بۆنەی شەهیدبوونی جەمال تاهیر، ٤ لاپەڕە.

ژمارە ٩ و ١٠، ئاب/ ئەیلولی ١٩٨٣، ١٤ لاپەڕە

ژمارە ١١، تشرینی یەکەمی ١٩٨٣، ٨ لاپەڕە

ژمارە ١٢، تشرینی دووەمی ١٩٨٣، ٨ لاپەڕە

**– كفاح الانصار**

کۆمیتەی راگەیاندنی دەرەوە لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریکردووە، بە زمانی عەرەبییە. تایبەت بووە بە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، دیزاین و چاپەکەی پێشکەوتووە. تەنیا (٣) ژمارەی لێدەرچووە بەم شێوەیە:

ژمارە ١، ئابی ١٩٨٣، ٨ لاپەڕە

ژمارە ٢، ئەیلولی ١٩٨٣، ٨ لاپەڕە

ژمارە ٣، تشرینی یەکەمی ١٩٨٣، ٨ لاپەڕە

**THE TORCH-**

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەمریکای باکوور دەریکردووە. بە زمانی ئینگلیزییە. تایپ و دیزاین و چاپەکەی رێکەوپێکە. لە ماوەی چوار ساڵدا (١٠) ژمارەی لێدەرچووە:

ژمارە ١، تەممووزی ١٩٨٤، ٦ لاپەڕە

ژماره ٢، ئەیلولی ١٩٨٤، ١٠ لاپەڕە
ژماره ٣، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، ١٢ لاپەڕە
ژماره ٤، شوباتی ١٩٨٦، ١٨ لاپەڕە
ژماره ٥، تشرینی یەکەمی ١٩٨٦، ١٨ لاپەڕە
ژماره ٦، مارتی ١٩٨٧، ١٢ لاپەڕە
ژماره ٧، ئەیلولی ١٩٨٧، ٨ لاپەڕە
ژماره ٩، ئەیلولی ١٩٨٨، ٢٤ لاپەڕە
ژماره ١٠، تشرینی دووەمی ١٩٨٨

**– ئەرکی نوێ**

بڵاوکراوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، مەحمود مەلا عززەت و شێرکۆ بێکەس و ڕێکەوت عوسمان لە شاری ئوپسالا–ی وڵاتی سوید دەریانکردووە، دیزاین و چاپەکەی ڕێکوپێکە. بە زمانی کوردییە، (٦) ژمارەی لێدەرچووە:

ژماره ١، ساڵی ١، تشرینی یەکەمی ١٩٨٧، ٢٠ لاپەڕە

ژماره ٢، ساڵی ١، کانوونی یەکەمی ١٩٨٧، ٢٠ لاپەڕە، لەگەڵ پاشکۆیەکی دوولاپەڕەیی، کە بریتییە لەو وتارەی شێرکۆ بێکەس، کە خەڵاتی توخولیسکی وەردەگرێت.

ژماره ٣، ئازاری ١٩٨٨، ٢٢ لاپەڕە
ژماره ٤، ساڵی ١، تەمموزی ١٩٨٨، ١٤ لاپەڕە
ژماره ٥، ئابی ١٩٨٨، ١٢ لاپەڕە
ژماره ٦، تشرینی یەکەمی ١٩٨٨، ١٢ لاپەڕە

## THE Kurdish Focus-

گۆڤاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. بە زمانی ئینگلیزییە. لە باری چاپ و دیزاینەوە یەکێکە لە گۆڤارە هەرە رێک و پێکەکان، ئەدرێسی شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیای لەسەرە. من دوو ژمارەم لێ بینووە:

ژمارە ١، کانوونی دووەمی ١٩٨٩، ١٦ لاپەڕە.

ژمارە ٢، ساڵی ١٩٨٩

## – المنار الكردي

رۆژنامەیەکی مانگانەیە، مەڵبەندی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە لەندەن- ی پایتەختی بەریتانیا بە زمانی عەرەبی دەریکردووە، لە سەرەتادا ناوی سەرنووسەر و بەڕێوەبەری نووسینی بەسەرەوە نییە، بەڵام لە ژمارە چوارەوە ناوی سامی شۆڕش وەک بەرپرسی نووسین کەوتۆتە سەر رۆژنامەکە، دوای ماوەیەکی کورت وازدەهێنێت. لەوکاتەوە ناوی کەس لەسەر رۆژنامەکە نابینرێت. لە باری چاپ و دیزاینەوە پێشکەوتووە، بە ئامێری پێشکەوتوو دیزاین کراوە و بە ئۆفسێت چاپکراوە. ئەوەندەی زانیاریم هەبێت (٦٩) ژمارەی لێدەرچووە، هەموو ژمارەکان لە قەبارەی تابلۆید دایە. ئەمەش چەند ژمارەیەکە:

ژمارە ١، تشرینی دووەمی ١٩٩٢، ٨ لاپەڕە

ژمارە ٣، کانوونی دووەمی ١٩٩٣، ٨ لاپەڕە

ژمارە ٤، مایسی ١٩٩٣، ٨ لاپەڕە

ژمارە ٧، تەمووز- ئابی ١٩٩٣، ٨ لاپەڕە

ژمارە ٢١، تشرینی دووەمی ١٩٩٤، ٨ لاپەڕە

ژمارە ٣٠، تەمووزی ١٩٩٧، ٨ لاپەڕە

ژماره ٣٢، ئابی ١٩٩٧، ٨ لاپەڕە
ژمارە ٤٢، کانوونی دووەم ١٩٩٨، ٨ لاپەڕە
ژمارە ٥٢، تەمووزی ١٩٩٨، ٨ لاپەڕە
ژمارە ٥٤، ئەیلولی ١٩٩٨، ٨ لاپەڕە
ژمارە ٥٥، تشرینی یەکەمی ١٩٩٨، ٨ لاپەڕە
ژمارە ٥٦، تشرینی دووەمی ١٩٩٨، ٨ لاپەرە
ژمارە ٥٨، کانوونی یەکەمی ١٩٩٨، ٨ لاپەڕە
ژمارە ٦١، رۆژی ١٩٩٩/٤/١٥، ٨ لاپەڕە
ژمارە ٦٩،  رۆژی ٢٠٠٠/٦/٧، ١٢ لاپەرە

**– کوردستانی نوێ چاپی دەولی "شێوەگۆڤار"**

بژاردەیەکە لە بابەتەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ، مەڵبەندی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریکردووە. دوای ئەوەی رۆژانە، یاخود هەفتانە رۆژنامەی کوردستانی نوێ لە رێگای هێڵەکانی ئینتەرنێت بۆ ئۆرگانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەرەوە دەناردرا، سەرەتا وەک کارێکی سەرەتایی بابەتێک، یاخود زیاتر چاپ دەکرا، دانەی بە ئامێری کۆپی لەبەر دەگیرایەوە و دابەشدەکرا. بەڵام لە ساڵی (١٩٩٤)ەوە بژاردەیەک لە بابەتەکان کۆدەکرایەوە و لە شێوەی گۆڤاردا، لە قەبارەی ئەی فۆڕ دیزاین دەکراو بە ئامێری کۆپی دانەی لەبەر دەگیرایەوە، لە رێگای پۆست دابەش دەکرا. من ژمارە (١)م نەبینووە، ژمارە (٢) رۆژی ١٩٩٤/٨/٢ دەرچووە، ٣٢ لاپەڕەیە.

– کوردستانی نوێ– چاپی دەولی "رۆژنامە"

لەسەر سنگی لاپەڕە (١)ی ئەم رۆژنامەیەدا نووسراوە: مەڵبەندی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دوو هەفتە جارێ دەریدەکات. لە سەرەتادا وەک ستافی نووسین ناوی هەمان ستافی نووسینی چاپەکەی کوردستان لەسەر رۆژنامەکە داندراوە، لەگەڵ ناوی سامی شۆڕش بە سیفەتی سەرپەرشتکاری چاپی دەولی، بەڵام دوای دەرچوونی چەندان ژمارە، ناوی ستافی نووسینی چاپی کوردستانی رۆژنامەکە لادراوە ئەم دوو ناوە خراونەتە سەر رۆژنامەکە، سەرنووسەر؛ سامی شۆڕش. سکرتێری نووسین؛ حەمید بلّباس. بەڵام لە ژمارەکانی کۆتایدا ناوی هیچ کەسێک وەک ستافی نووسین بەسەر رۆژنامەکەوە نەماوە. بەهەمان قەبارە و دیزاینی المنار الكردي دەرچووە. زیاتر بابەتەکانی چاپی کوردستانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ–ی بڵاوکردۆتەوە. وەک زانیاریم هەبێت، ژمارە (٦٧) دوا ژمارەیە. ئەوکاتە مەڵبەندی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە لەندەن بووە، ئەو رۆژنامەیەش لەوێ دەرچووە، ئەمە چەند ژمارەیەکە:

ژمارە ٥، ١٩٩٤/١٠/٢٩، ٨ لاپەڕە

ژمارە ٧، ١٩٩٤/١١/٢٦، ٨ لاپەڕە

ژمارە ١٨، ١٩٩٥/٧/٨، ١٢ لاپەڕە

ژمارە ٢٥، ١٩٩٥/١٠/١٣، ١٢ لاپەڕە

ژمارە ٢٨، ١٩٩٥/١١/٢٤، ١٢ لاپەڕە

ژمارە ٣٢، ١٩٩٦/٢/٢، ١٢ لاپەڕە

ژمارە ٣٣، ١٩٩٦/٣/١٩، ١٢ لاپەڕە

ژمارە ٤٣، ١٢/ ٩/ ١٩٩٧، ٨ لاپەڕە

ژمارە ٤٧، ١٩٩٨/٢/٢٠، ٨ لاپەڕە

ژمارە ٤٩، ١٩٩٨/٣/٢٠، ٨ لاپەڕە

ژمارە ٥١، ١٩٩٨/٣/٢٤، ٨ لاپەڕە
ژمارە ٥٢، ١٩٩٨/٥/٢٢، ٨ لاپەڕە
ژمارە ٥٧، ١٩٩٨/١٠/٦، ٨ لاپەڕە
ژمارە ٥٩، ١٩٩٨/١٢/٤، ٨ لاپەڕە
ژمارە ٦١، ١٩٩٩/٢/٥، ٨ لاپەڕە
ژمارە ٦٢، ١٩٩٩/٣/٣، ٨ لاپەڕە
ژمارە ٦٣، ١٩٩٩/٤/١، ٨ لاپەڕە.
ژمارە ٦٦، ١٩٩٩/٧/٧، ٨ لاپەڕە

**Kurdish Affairs-**

ئەگەرچی لە هیچ شوێنێکی ئەم گۆڤارەدا نەنووسراوە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریکردووە، بەڵام دوای سۆراغکردن بۆم دەرکەوت بە کۆمەکی یەکێتیی لە ئەمریکا دەرچووە. ناونیشانی کالیفۆرنیای لەسەرە. لە باری چاپ و دیزاینەوە پێشکەوتووە. لە ژمارە (١)دا بابەتێکی مام جەلال سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڵاوکراوەتەوە، کە تایبەت بۆ ژمارە (١)ی ئەم گۆڤارەی نووسیوە. ئەم دوو ژمارەیەم لێ بینیووە:

ژمارە ١، مانگی مایسی ١٩٩٤، ٢٠ لاپەڕە
ژمارە ٢، مانگی ئەیلولی ١٩٩٤، ١٦ لاپەڕە

**- الاتحاد الدولي- گۆڤار**

لەسەر بەرگی نووسراوە؛ گۆڤارێکی مانگانەی گشتی سیاسییە، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کوردستانی عیراق دەردەچێت. بە زمانی عەرەبییە، یەکەمین ژمارەی بەبۆنەی یادکردنەوەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٦) دەرچووە. ئەوەندەی بزانم سێ

ژمارەی لێدەرچووە.

**– کوردستانی نوێ "نۆڤی کوردستان"**

ئەم رۆژنامەیە بە زمانی رووسی دەرچووە، ژمارەی (١)ی لە یادی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە (١)ی حوزەیرانی (١٩٩٧) لە شاری سانکت پیتربورگ لە وڵاتی روسیا چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ئەوەندەی بزانم (٥١) ژمارەی لێدەرچووە. نۆڤی کوردستان رۆژنامەیەکی سیاسیی مانگانە بووە. سەرنووسەری مانگنامەی نۆڤی کوردستان بۆ دوو ژمارەی یەکەم مەغدید سەپان بووە و بۆ ژمارەکانی داهاتووش دەستەی نووسەران: مەغدید سەپان، یولیا سەعید بوو. خاوەنی ئیمتیاز: لیزا سەپان بوو. شۆڕش خالید سەعید رۆڵی دیار بووە لە دەرکردن و بەردەوام بوونی رۆژنامەکەدا. دوای ژمارە بیست ستافی نووسینەکەی گۆڕانکاریی تێداکراوە. ئەگەرچی ئەم رۆژنامەیە مانگنامەیەکی سیاسی بووە، بەڵام بابەتگەلێکی زۆری لەسەر دۆخی کورد، مێژووی کورد، ناودارانی کورد، ئەدەب و فەرهەنگ و دابونەریتی کوردی بڵاوکردۆتەوە. نۆڤی کوردستان لەباری تایپ و دیزاین و چاپدا، بۆ ئەوێ رۆژێ پێشکەوتوو بووە.

**– روانگە**

بڵاوکراوەیەکی وەرزی بووە، یەکێتیی نیشمانیی کوردستان کۆمیتەی بەنەلۆکس (هۆڵەندا، بەلجیکا، لۆکسۆمبۆرگ) دەریکردووە. بە زمانی کوردییە، قەبارەکەی فۆڵسکابە، بابەتەکانی بە ئامێری کۆمپیوتەر تایپکراون و پاشان دیزاین کراون. بابەتەکان لە رۆژنامەکانی جیهان وەرگیراون و بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراون. من تەنیا ئەم ژمارەیەم لێ بینووە: ژمارە (١) لە بەهاری ساڵی ١٩٩٨ دەرچووە. ٢٢ لاپەڕە. دەڵێن ژمارەی دیکەشی بەدواداهاتووە.

– هەواڵ

لێی نووسراوە؛ "گۆڤارێکی سیاسی گشتییە، فۆنداسیۆنی کورد دەری دەکات. لە بەرگی پێشەوەیدا هاتووە؛ "لە یەک کاتدا لە واشنتن و بەرلین و ستۆکهۆڵم بڵاودەکرێتەوە. هەواڵ لەسەر ئاستی جیهان بڵاودەبێتەوە. هەواڵ هەموو پڕوپاگەندەیەکی بازرگانی و ئابووری بڵاودەکاتەوە". ئاگادارم، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پشتیوانی لەم پڕۆژەیە کردووە. بەدەستپێشخەریی هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد بووە. خەلات عومەر سەرپەرشتی کاروباری نووسینی دەکرد. تەنیا یەک ژمارەی لێدەرچووە: ژمارە ١، رۆژی ١٩٩٨/٤/١٥، ٦٢ لاپەڕە.

– رۆژنامەی الاتحاد– چاپی دەولی

هەفتەنامەی الاتحاد، ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە زمانی عەرەبییە. سەرەتا لە هەولێر، دوایی لە سلێمانی، پاشان لە بەغدا درێژەی بەدەرچوون داوە. لە سەرەتاکانی ساڵی (٢٠٠١) چاپی لەندەن–ی بۆ زیاد کراوە و هەموو رۆژانی هەینی لە رێگای هێڵی ئینتەرنێت بۆ بەریتانیا دەنێردرا، لەوێ چاپدەکرا، لە ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا دابەشدەکرا. لە سنگی لاپەڕە (١)دا لەژێر ناوی الاتحاد نووسراوە: "تصدر في السليمانية–كردستان العراق... و تنتقل عبر الانترنيت الى لندن حيث تطبع و توزع في جميع انحاء العالم". بە هەمان قەبارە و دیزاین و ناوەڕۆکی چاپەکەی سلێمانی لە لەندەن چاپ دەکرایەوە، لەرێگای پۆست بەسەر کۆمەڵە و رێکخراو و دەستە و کەسایەتی و رێکخستنەکانی یەکێتیی و باڵیۆزخانەی وڵاتاندا دابەش دەکرا. پرۆژەیەکی تەمەن کورت بوو.

### - بڵاوکراوەی ڕێکخستن

پێشتر مەڵبەندی دەرەوە لە ڕێگەی بڵاوکراوەکانی "بڵاوکراوەی ناوخۆ" و "هەواڵنامە"دا ڕێکخستنەکانی لە ڕووداوەکانی ناوخۆی باشووری کوردستان ئاگادار دەکردەوە، دوایی ئۆرگانەکەی خۆی ناو "بڵاوکراوەی ڕێکخستن"، لەژێر ناوی بڵاوکراوەدا نووسراوە: "بڵاوکراوەیەکی سیاسی ڕێکخراوەییە مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوەی (ی. ن. ک) دەری دەکات، تەنیا بۆ ئەندامانە". چاپەکەی ئاساییە، وەک دەردەکەوێت بابەتەکان بە ئامێری کۆمپیوتەر تایپ و دیزاینکراون، پاشان بە ئامێری فۆتۆکۆپی دانەی لەبەر گیراوەتەوە. ئەم ژمارانەی لێدەرچووە:

ژمارە ١، تشرینی دووەمی ١٩٩٩

ژمارە ٢، کانوونی یەکەمی ١٩٩٩

ژمارە ٣، شوباتی ١٩٩٩

ژمارە ٤، مارتی ١٩٩٩

ژمارە ٥، نیسانی ١٩٩٩

ژمارە ٦، مایسی ١٩٩٩

هەر یەکێک لەو ژمارانە چوار لاپەڕەیە. لەڕێگەی پۆست "بەرید" بۆ ئەندامان ناردراوە.

### - تیشک

بڵاوکراوەیەکی سیاسی ناوخۆیی ڕێکخراوەییە، مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریکردووە. یەکەمین ژمارەی ساڵی (٢٠٠٠) دەرچووە. تەمەنی زۆر درێژ نەبووە. ساڵی (١٩٩٩) ئۆفیسی مەڵبەندی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بەریتانیا بۆ هۆڵەندا

گواسترایەوە، ئەم بڵاوکراوەیەش لە هۆڵەندا دەرچووە. پەیامی هۆشیاریی و گەیاندنی زانیاریی بووە بە ریزەکانی ڕێکخستن. ئەوەی من بینیوومە ئەم ژمارانەیە و نازانم ژمارەی دیکەی لێدەرچووە، یان نا؟

ژمارە ١، کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٢

ژمارە ٢، شوباتی ساڵی ٢٠٠٢

ژمارە ٣، مارتی ساڵی ٢٠٠٢

بابەتەکان بە کۆمپیوتەر تایپ و دیزاینکراون، بەئامێری فۆتۆکۆپی دانەی لەبەر گیراوەتەوە، پاشان بە پۆست بۆ ستافی کۆمیتەکان و ئەندامان ناردراوە. قەبارەکەی ئەی فۆڕە.

**– پێشهات**

وەرزە گۆڤارێکی سیاسی رووناکبیریی، ئەدەب و هونەرییە، راگەیاندنی کۆمیتەی ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەڵمانیا دەریکردووە. بە زمانی کوردییە. بەڕێوەبەری گۆڤار؛ حەمەزیاد مەولود. دەستەی نووسەران؛ ئازاد وەرتی، ئیبراهیم جەلال، سالار حەمەسوور باسیرە، سەردار عەبدولکەریم، عەبدولموئمین دەشتی، قادر مینە. لە ژمارە (٢)دا ناوی پێشڕەوی سەید برایمی بۆ دەستەی نووسەران زیاد کراوە. لە ژمارە (٥)دا ناوەکەی نەماوە. لە ژمارە (٧–٨)دا ناوی ئازاد وەرتی لەگەڵ دەستەی نووسەران نەماوە. لەباری چاپ و دیزاینەوە گۆڤارێکی پێشکەوتووە. بە ئۆفسێت چاپکراوە. تەنیا ژمارە (١) لە قەبارەی (٢٠) بە (١٤) سم، ئەگەرنا ژمارەکانی تر لە قەبارەی (١٩) بە (٢٤) سم دایە. گوایە (١٥) ژمارەی لێدەرچووە:

ژمارە ١، ساڵی ٢٠٠٣، ١١٨ لاپەڕە

ژمارە ٢، حوزەیرانی ٢٠٠٣، ١١٢ لاپەڕە

ژمارە٣، ئەیلولی ٢٠٠٣

ژماره ٤، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣، ١١٨ لاپەڕە
ژماره ٥، ئاداری ٢٠٠٤، ١٢٠ لاپەڕە
ژماره ٦، حوزەیرانی ٢٠٠٤
ژماره ٧– ٨، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٤، ٢٠٤ لاپەڕە
ژماره ١٥، هاوینی ٢٠٠٧ دەرچووە و دوا ژمارەیە.

**– تێگەیشتنی راستی**

Несмотря на то, что иракский режим арестовал и казнил большинство активистов Лиги трудящихся Курдистана, ПСК сумел укрепить свое влияние в Курдистане. За 2 года (до 1977 г.) были установлены отношения со многими странами Ближнего Востока и Западной Европы. К этому времени издавались 2 центральные газеты на арабском и курдском языках, работала также радио станция ПСК. В начале 1977 г. Джалаль Талабани вернулся в Курдистан и на общем собрании участников Союза официально был избран Генеральным Секретарем ПСК.

движения Курдистана Али Аскери, Халид Саид, Шейх Хуссейн Баба Шейх и другие.

Обезглавив вновь созданный Союз, лидеры ДПК предполагали, что тем самым на деятельности ПСК будет поставлена точка. Но несмотря на это ПСК смог выстоять и сплотить вокруг себя еще большее число своих сторонников.

В 1984 году ПСК выдвинул новый лозунг борьбы " Демократия-Ираку, самоопределение-кур-

**В этом номере можно прочитать:**

- *История курдской журналистики в Южном Курдистане – 2 стр.*
- *Интервью с первой курдянкой – доктором наук – 2 стр.*
- *20 миллионов мин в Курдистане –3 стр.*
- *Блиц-интервью на улицах Санкт-Петербурга –4 стр.*
- *Новые книжные издания, полученные редакцией – 4 стр.*

**کوردستانی نوێ بە زمانی رووسی**



NEW KURDISTAN

کوردستانی نوێ

مانگنامەیەکی سیاسی و رۆشنبیرییە، بیرۆی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (٦٢) چوارشەممە ٣ی مارتی ١٩٩٩

Issue 62 Wednsday 3 March 1999

سەبارەت دەستگیرکردنی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان..
سەرکردەی شۆڕشی لیبیا موعەممەر قەزافی:

تورکیا لە مێژوو تێ ناگا

(بڕوانە ل ٤)

## مام جەلال: کاتی ئەوە هاتووە کە دان بە ڕاستیی هەبوونی گەلی کورد لە تورکیادا بنرێت

## لە ئەنجامی تیرۆرکردنی (آیة الله الصدر) دا
## خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین لە بەغداو شارەکانی خواروو

ایە الله محمد صادق الصدر خەڵکی

## هەڤاڵ مام جەلال پێشوازی لە نێردراوی بەڕێز مەسعود بارزانی کرد

## پارێزەرەکەی ئۆجەلان دەست لەکارەکەی دەکێشێتەوە

چاپی ئەوروپای رۆژنامەی کوردستانی نوێ

ئاشتی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ، مافی چارەنووس

پێشەنگ

ئەرکی سەرەکیی ئەندامانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەرەوەی وڵات تێکۆشانی بێ وچانە لەپێناو ناساندنی مافی رەوای گەلەکەمان بە گەلانی دنیاو پێ داگرتن لەسەر دەستەبەرکردنی تەبایی و ئاشتی لە نێوان رۆڵەکانی گەلی کورددا، چ جای نێوان ئەندامانی یەکێتیی نیشتمانی خۆیان، بە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی باڵای گەلی کوردو سەیرکردنی کێشەکەیان لە ئاسۆیەکی بەرفراوانترو ئاواڵاترەوە، کە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی دنیای ئەمڕۆدا بگونجێ.

بڵاوکراوەیەکی سیاسیی رێکخراوەییە . مەڵبەندی رێکخستنی دەرەوەی ی.ن.ك دەری دەکا ژمارە ١ ٢٠٠٢/١

## وتەی تیشك ...

هەڤاڵانی بەرێز:

وەك هەموومان ئاگادارین، لەم دواییانەدا، رووداوی گەلێ گرنگ لە جیهاندا روویانداوە، بە تایبەت دوای ١١ ی سپتەمبەر. جەنگ دژی تیرۆریزم لە ئەفغانستان، هەروەها ئاماژە بە درێژەپێدانی ئەم جەنگە تا ئەهێشتنی دوایین بنکەی تیرۆریستی لە جیهاندا کراوە، کە پێدەچێ ئەو وڵاتانەش بگرێتەوە کە بوونەتە پەناگەو یارمەتیدەری دەستەو تاقمە تیرۆریستییەکان.

گەلی کوردیش هەر لە دێرزەمانەوە بریشکی تیرۆریزمانی بەرکەوتووەو مافەکانی زەوت کراون. ئەمە جگە لەوەی لە کوردستانیشدا دەستەو تاقمی گێرە شێوێن و چاو هەڵنەهاتوو بە حکومەتی هەرێم بوونیان هەیەو دەیانەوێ ئاساییشی کوردستان بە فیتی بێگانە تێك بدەن.

بۆیە ی.ن.ك و حکومەتی هەرێم هەڵمەتێکی دیپلۆماسیی لەو بارەیەوە دەست پێکردووە. بۆ ئەم مەبەستەش نوێنەرانی ی.ن.ك و حکومەتی هەرێم چالاکانە دەستیان بە چاوپێکەوتنی لێپرسراوانی وڵاتانی دەرەوە کردووە بۆ مەبەستی شیکردنەوەی بارودۆخی کوردستان و عێراق لەلایەکەوەو لە لایەکی تریشەوە هەڵوێست دەربڕین بەرامبەر بە دەستەو تاقمە گومان لێکراوەکان.

جگە لەوە هەوڵ و تەقەلای بێ وچانی ی.ن.ك لە ناو وڵاتدا لەگەڵ حیزب و رێکخراوە سیاسییەکاندا لەپێناو یەکخستنی هەڵوێست و زیاتر گونجاندن و تەبایی پەیداکردن و هەماهەنگی لەنێوانیاندا لە بەرامبەر ئەگەرەکانی گۆڕانکاری لە ناوچەکەدا.

لەو هەوڵ و تێکۆشانە دیپلۆماسییانەی ئەم دواییە، سەردانی سەرۆکی حکومەت بوو بۆ تاران بۆ شیکردنەوەی هەڵوێستی حکومەت بەرامبەر بە تاقمە دڕندەکەی بەناو ( جند الإسلام ).

هەروەها سەردانی لێپرسراوی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی، بەڕێز کۆسرەت رەسوڵ عەلی بۆ بریتانیا، کە لە گەشتەکەیدا چەندین چاوپێکەوتنی گرنگی لەگەڵ گەورە لێپرسراوانی ئەو وڵاتەدا ئەنجام دا.

شایانی باسە، هەر لە بواری کاری دیپلۆماسیدا، لە وڵاتانی دراوسێ و دەرەوەدا چاوپێکەوتن و دیداری هەمە لایەنە لە پێشن تا لە روونکردنەوەی هەڵوێستی خۆمان و پاشان راو بۆچوونی وڵاتانی دیکەش بە ئاگا بین، کارێ بکەین بە هەموو لایەك، کە نەبینە پاشکۆی رووداوەکان، بەڵکو کاریگەرانەترین رێ بگرینە بەر لەپێناو بەرژەوەندییەکانی گەلی کورددا.

## لەم ژمارەیەدا

* بەڕێز مام جەلال نامەیەکی لە ئەندامێکی پەرلەمانی نەرویجەوە پێدەگا

* بەڕێز کۆسرەت رەسوڵ عەلی چاوی بە لێپرسراوانی بریتانیا دەکەوێ

* بێن برادشۆ دەربارەی جند الاسلام بۆ ئان کلۆید دەنوسێ

* چەمکی عیلمانییەت

* ی.ن.ك پارێزەری مافی ژنانە

* چالاکیی کۆمیتەکانی دەرەوەی وڵات

* پەیوەندییەکانی دەرەوەی وڵات

بڵاوکراوەی مەڵبەندی دەرەوە

# بەشی پێنجەم؛

# چالاكی لەپێناوی؛ هاودەنگی و هاوكاری

## دەسپێک

ئەرکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە تاراوگە، تەواوکەری ئامانج و ئەرکەکانی یەکێتیی یە لە ناوەوە، بەڵام لە ژینگە و ڕەهەندی جیاوازدا. بۆ پێشڤەچوونی پەیوەندییەکان هەر زوو یەکێتیی، ئەمریکا و ئەوروپای کردە چەقی چالاکییەکانی زۆربەی ئەندامانی دامەزرێنەر لە ئەوروپا دەژیان، ئەوانی دیکەش دەیانتوانی سەردانی ئەوێ بکەن، هۆیەکی دیکەش کۆمەڵێک حزبی سۆشیالیست و کۆمۆنیست و سۆشیالدیموکرات لە ئەوروپا هەبوون، لە هەندێک وڵاتدا لەسەر دەسەڵات بوون، دەتوانرا پەیوەندییان پێوە بکرێت، مەبەستمان لە ئەوروپای ڕۆژئاوایە، نەک ئەو وڵاتانەی تا (١٩٩١) سەر بە بلۆکی سۆسیالیستی بوون.

## گەڕان بەدوای دۆست

مام جەلال لە نامە و ڕێنماییە حزبییەکانیدا هەمیشە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر و سەرکردەکانی یەکێتیی ئاگادار دەکاتەوە، کە لە دەرگەی حزبە پێشکەوتنخواز و سۆسیالیست و دیموکراتیخوازەکانی جیهان بدەن بە مەبەستی هاوکاری و پشتیوانی لە کێشەی کورد و خەڵکی کوردستاندا «بۆ کۆنفرەنسی پارتی سۆشیالیست بچوون و نامەشیان بۆ (تألیف) بکەن و (ئەمنیش) ئیمضای دەکەم!». (نامەی مام جەلال بۆ ئەحمەد بامەڕنی ١٩٨٥/٥/١٥)، ئەمە و چەند ساڵێک پێش ئەم نامەیە، نامەیەک بۆ سەرکردەی حزبە سۆشیالیست و کرێکاری و کۆمۆنیستەکان لە ئەوروپا دەنێرێت و عومەر شێخمووس دەکات بە نوێنەری بەردەوامی یەکێتیی لەلای ئەو حزب و ڕێکخراوانەدا». (نامەی مەکتەبی سیاسی بە ئیمزای مام جەلال بۆ سەرکردەی حزبە سۆشیالیست و کرێکاری و کۆمۆنیستەکان لە ئەوروپا

١٩٧٩/٦/١٥). بۆ ماوەی چەندان ساڵ عومەر شێخمووس بەرپرسی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی یەکێتیی بووە لە دەرەوە .

لەم نامەیەدا مام جەلال، داوا لە هەڤاڵێکی یەکێتیی دەکات پەیوەندی بە کۆمەڵێک حزب و لایەن بکات؛ «تکایە بەناوی (م. س)ەوە نامە بنێرن بۆ دەوڵەتە گەورەکان و أحزابی سوور و سۆشیالیست و هیئة الامم و یەکێتی ئەفریقیا و جامیعەی عەرەبی و حیاد دژی شەڕی کاولکردنی کوردستانی عراق، دژی رەفتاری فاشیانەی میری، داوای راگرتنی چەک لێیان بکەن، و بڵێن کە ئیتر عراق هەقی لەسەر کوردستان نەماوە چونکە قراراتی عصبة الامم ی پێشێل کردووە، بۆیە ئێمە هەقی چارەنووسی خۆمان داوا دەکەین. هەوڵیش بدەن دەوڵەتێک پەیدا بکەن مەسەلەکەمان بخاتە الامم المتحدة-ەوە». (نامەی مام جەلال بۆ هۆمەر. گەورەدێ ١٩٨٥/٧/١٠). لەم نامەیەشدا پێشنیار دەکات، کە «چالاکی کوردستانی بکەن، چەندین حزبی کوردستانی پێکەوە بەیانێک دەرکەن، یان کارێک بکەن، یا یاداشتێک بدەنە الامم المتحدة، یان کۆبونەوە دەولییەکان و هتد». (نامەی قوی البنیة[١١] بۆ د.فوئاد ١٩٨٣/٤/١٨). لەنامەیەکی دیکەدا داوا لە نوێنەرانی یەکێتیی دەکات، لەگەڵ چەند وڵاتێکی بەهێز و پێگە فراوان قسە بکەن: "هەوڵدەن لەگەڵ سۆڤیەت + چین + ئەمریکا + فەرەنسە + ئەڵمان + هەموو ئەوانەی لە جەنگی جیهانی (سەفەر بەڵکەوە) جەواب دراون! بۆ مافی چارەنووس قسە بکەن" (نامەی مام جەلال بۆ کاکی کاکان[١٢] و د. کەمال و . د. هۆمەر، ١٩٨٥/٣/٤). لەم نامەیەشدا داوایان لێدەکات نامە بۆ سۆنگ بنێرن، خۆشی نامەی بۆ ناردووە: "نازانم نامەتان نارد بۆ (سۆنگ[١٣]). من لە تارانەوە نامەیەکم بۆ ناردوە بەهۆی سەفارەتەکەیانەوە. هەوڵدەن لەشوێنێک لەگەڵ چینیەکان بەناوی (ی. ن. ک)ەوە پەیوەندی بکەن". (نامەی قوي البنية بۆ

١١- مام جەلال
١٢- عومەر دەبابە
١٣- کیم ئیل سۆنگ (١٩١٢- ١٩٩٤) سەرۆکی ئەوسای کۆریا

د.فوئاد، ١٩٨٣/٤/١٨). ئەو جۆرە پەیوەندییانە تا راپەڕینیش بەردەوام بووە و پەرەی پێدراوە. ئەمانە رێنمایی و فەرمانەکانی سکرتێری گشتی بوون بۆ ئەرکە حزبییەکان لە تاراوگەدا.

ساڵی (١٩٩٢) حکومەتی هەرێمی کوردستان لە باشووری کوردستاندا دادەمەزرێت، دوای ساڵێک لە چەند وڵاتێکدا نوێنەرایەتی خۆی دەکاتەوە و زۆرترین پەیوەندییەکان لە رێگەی ئەو نوێنەرایەتییانە دەبێت، حزبەکانیش لەسەر پەیوەندییەکانیان بەردەوام دەبن. دوای (١٩٩٦/٨/٣١)، حکومەتی هەرێمی کوردستان دوولەت دەبێت، نوێنەرایەتییەکانیش دوولەت دەبن، یەکێتیی و پارتی نوێنەرایەتییەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاردەهێنن! دوای ساڵی (٢٠١٠) جارێکی تر نوێنەرایەتییەکان تێکەڵاو دەکرێنەوە. سەدام حوسێن لە (٢٠٠٣) دەڕووخێنرێت و دەستووری عێراق دەنووسرێتەوە، لە دەستووردا شوێنێک بۆ ئەو نوێنەرایەتییانە کراوەتەوە، کە پێویستە وەک بەشی کولتوری لە باڵیۆزخانەکانی عێراق کاروبارەکانیان رایی بکەن، بەڵام حکومەتی هەرێم ئەو خاڵەی دەستوور فەرامۆش دەکات، بەبیانووی ئەوەی حکومەتە فیدرالییەکان لە جیهاندا، دەتوانن نوێنەرایەتی خۆیان لە دەرەوە هەبێت، ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چەندان وڵاتی جیهاندا وەک؛ ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، ئەلمانیا، سوید... تاد. نوێنەرایەتی هەیە و بەرپرسەکانیان بەسەر یەکێتیی و پارتی دابەشکراون.

### هاوەنگی لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکاندا

لەهەر شوێنێکدا، دەرفەتێک هەبووبێت، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چالاکی تێدا نواندووە، بەتایبەتیش لە کۆنفرانس و کۆڕ و کۆبووەکانی وڵاتاندا، یاخود یەکێتیی خۆی پێشنیار و دەستپێشخەریی هەبووە بۆ سازدانی کۆنفرانسی نێودەوڵەتی.

ساڵی (١٩٧٨) لە وڵاتی جەزائیر کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی بۆ یەکڕیزی

عەرەبی سازدەکرێت، رۆژی (١٩٧٨/١/٣٠) یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بروسکەیەک بۆ بەرێوەبەرانی کۆنفرانس دەنێرێت و داوایان لێدەکات هەڵوێستیان هەبێت بۆ ئەو شەڕە دوژمنکاری دژ بە نەتەوەی کورد لە عێراق هەیە (نامەی فەرید[١٤] بەناوی لقی ئەوروپای یەکێتیی، ١٩٧٨/١/٣١). رۆژی (١٩٨٨/١٠/٥) مام جەلال لە ئینستیتوی ئیبلا لە مەدرید- ئیسپانیا موحازەرەیەکی "دەربارەی کێشەی کورد لە عێراقدا" پێشکەشکردووە. ئەو ئینستیتوە پسپۆر بووە لە توێژینەوە لە کاروبارەکانی ئەمریکای لاتین و ئەفریقیا. بابەتەکەی مام جەلال دەچێتە چوارچێوەی باسێکی ئەکادیمی، بە وردی لەسەر کێشەی کورد و چارەسەرەکانی لە عێراقدا وەستاوە. بۆ وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە ناوەڕۆکی بابەتەکە دەکرێت سەیری ئەم کتێبە بکرێت. (جلال الطالباني، حول المشكلة الكردية في العراق، اعداد ومقدمة؛ نوزاد علي احمد، من مطبوعات صحيفة كوردساني نوێ، السيلمانية ٢٠٢٤).

ئەم نامەیەش زانیاری دیکەی تیایە، سەبارەت بە کۆنگرەی پارتی سۆسیالیستی فەرەنسا، «وەکو ئاگادارن مومکینە بەم زووانە لەگەڵ سەید عومەر[١٥] بەرەو طرابلس[١٦] بڕۆین، لەبەرئەوەی نازانین چەندمان پێ دەچێت، بەڵام بە هەموو تقدیرات نیزیکەی مانگێکی پێویستە، بە پێویستم زانی لەم کارانە ئاگادارتان بکەم بۆئەوەی لە لایەن هەڤاڵانی تر جێ بە جێ بکرێن و بڕیاری لەسەر بدرێت: لە مانگی اوکتوبر کۆنگرەی پارتی سۆسیالیستی فرنسا هەیە وە دعوەت کراوین، بۆیە پێویستە یەک، یان دوو هەڤاڵ بەشداری بکەن. اتفاق کراوە لەگەڵ حدکا[١٧] و پسکت[١٨] کۆبونەوەییک بکرێت

---

١٤- د، کەمال فوئاد
١٥- عومەر سەید عەلی
١٦- لیبیا
١٧- حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
١٨- پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا

لەنێوان هەر سێ لامان لە ١٩٨٥/٩/١٠ لە پاریس، ئەو تاریخە لە نهایەتی مانگی حەوت دانرا، بۆ کۆمیتە کوردستانیەکە، هەروەها بۆباسکردنی ئەو مزەکەرەیە، کە بۆ الامم المتحدة نووسراوە، وە ناردنی وەفدێکی ٣ قۆڵی بۆ نیویورک». (نامەی هۆمەر بۆ کۆمیتەی کاری دەرەوەی وڵات، ١٩٨٥/٨/١٨).

عومەر شێخمووس واز لە ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەهێنێت «کۆمیتەی کاری دەرەوەی وڵات[١٩]» لەم کەسانە پێکهاتبوو: «عومەر مستەفا، کەمال فوئاد، عومەر سەید عەلی، حەمەسابیر ئیسماعیل، ئەحمەد بامەڕنی». ئەوسا ئەمانە دەستەیەک بوون ئیدارەی یەکێتیی یان لەدەرەوە دەکرد.

ساڵی (١٩٨٩) لە سوید کۆنفرانسێکی گەورە بەڕێوەچووە، رۆژنامەی «ریبازی نوێ، لە ژمارە ٧ی رۆژی ١٩٨٩/٨/٥» سەبارەت بەو کۆنفرانسە نووسیویەتی: «لە (٢٠) تا (٢٢)ی حوزەیرانی (١٩٨٩)، لە ستۆکهۆلم، پایتەختی سوید، هەژدەمین کۆنگرەی سوسیال ئەنتەرناسیونالّ، لە یادی دامەزراندنی سەد ساڵەیدا و بەبەشداربوونی (١٤٣) وەفد بەسترا، کە (١٥)یان ئەندام و ئەوانی تر وەفدی حزب و رێکخراو و بزووتنەوەکانی رزگاریخوازبوون، گەلی کورد لەو کۆنگرەیەدا بە وەفدێکی ی . ن. ک بە سەرۆکایەتی نەوشیروان مستەفا جێگری یەکێتی، بە ئەندامێتی شازاد صائب، هێرۆخان و محمد سابیر و وەفدێکی تری بەرەی کوردستانی بەشدار بوو. وەفدی یەکێتی راپۆرتێکی بەڵگەداری بەناوی گوند ومزگەوت و کەنیسە و قوتابخانە وێرانکراوەکانی کوردستان و ئینجا تاوانەکانی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و ئیعدام کردن و بێ سەر و شوێن کردنی منداڵ و مێر منداڵانی کورد پێشکەش بە کۆنگرە کرد. وەفدەکە، لە دیداری بەلاوەی لەگەڵ ئەندامانی کۆنگرە، بە درێژی لە سیاسەتی شۆفێنیستانە و جەنگی قەڵاچۆکردنی رژێمی بەعس دژ بە گەلی کورد دوا. هەروەها پڕۆژەیەکی لەمەڕ کێشەی

---

١٩- ماوەیەک بوو یەکێتیی لە دەرەوە، لەتەک دەستەواژەی «کۆمیتەی لقی ئەوروپا»، ئەو دەستەواژەیەشی بەکاردەهێنا.

گەلەکەمان پێشکەش کرد، کە لە سایەی هەوڵ و تەقەلای زۆر و هاوکاری دۆستان، مەسەلەی کورد خرایە نێو کارنامەی کۆنگرە و لە بەیاننامەی کۆتاییدا ئاماژەی بۆ کرا. لەم میانەدا، هەردوو وەفدی کورد رۆژی (٢١)ی حوزەیران، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەگەریی فراواندا، لە کێشەی کورد و باری ناهەمواری پەنابەران دوان و وەڵامی پرسیاری رۆژنامەنووسانیان دایەوە. لە بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرە و راپۆرتی لیژنەی بەرەوانی لە مافی مرۆڤ لە سۆسیال ئەنتەرناسیونال دا، ئاماژە بۆ چارەنەکراوی مەسەلەی کورد و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستاندا کراوە.

لەو کۆنفرانسەدا وەفدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەنێو لیڤاکسێکی «پێرم» رەنگ شینی گەورەدا، کۆمەڵێک بەڵگەنامەی گرنگی بەسەر ئامادەبووان دابەشکرد (نەوزاد عەلی ئەحمەد، دۆسیێ شینەکەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ٦٩٨٥، ٢٠١٦/٥/٣١، ل٦ و ل٧). ناوەڕۆکەکەی بریتییە لەم بابەتانە:

– وتاری یەکێتیی نیشتمانی کوردستان؛ بە واژۆی نەوشیروان مستەفا ئەمین جێگری سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بریتییە لە دوو لاپەڕە، دوای گەیاندنی سڵاوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئومێد دەخوازێت، کە کۆنگرەیەکی سەرکەوتووبێت، پاشان باس لە تاوانەکانی حکومەتی عیراق و بێدەنگی کۆمەڵگەی نێوەدەوڵەتی دەکات، کۆمەڵێک بەڵگەنامە هاوپێچە لەگەڵ وتارەکەدا:

– پاشکۆی A حکومەتی عیراق گوندەکانی کورد خاپوور دەکات: ئەم بەڵگەنامەیە بریتییە لە (١٥) لاپەڕە، ناوی (٧٨١) گوندی کوردی تێدایە، کە حکومەتی عیراق لە نێوان ساڵی (١٩٨٥) تا مانگی حوزەیرانی ساڵی (١٩٨٧) لە سنووری پارێزگاکانی سلێمانی، کەرکوک، هەولێر، دهۆک، دیالە و سەلاحەددین خاپووری کردوون.

– پاشکۆی B داخستنی خوێندنگە لە لایەن حکومەتی عیراق: ئەم

بەڵگەنامەیە بریتییە لە (١٣) لاپەڕە، ناوی (٧٨٠) خوێندنگە هاتووە، کە لە هەردوو ساڵی (١٩٨٦) و (١٩٨٧) لە سنووری پارێزگاکانی سلێمانی، کەرکوک، هەولێر، دیالە و سەلاحەددین لە لایەن حکومەتی عیراقەوە داخراون.

– پاشکۆی c ناوی ئەو کلیسە و دێرە مێژووییانەی تێدایە، کە حکومەتی عیراق خاپووری کردوون. بەڵگەنامەکە دوو لاپەڕەیە و ناوی (١٥) کڵێسە و دێڕ هاتووە، کە حکومەتی عیراق خاپووری کردوون و زۆربەیان کەوتوونەتە پارێزگای دهۆک.

– ئەمنیستی ئەنتەرناشناڵ؛ لە دوو تویێی ئەو دۆسیە رەنگ شینەدا چەندان بەیاننامە و بڵاوکراوەی رێکخراوی ئەمنیستی ئەنتەرناشناڵ هەیە، کە لە ساڵی (١٩٨٨) و (١٩٨٩) دەرچوونە. هەر یەکێک لەم بڵاوکراوانەی ئەمینستی ئەنتەرناشناڵ، دەیان بەڵگە و زانیاری سەبارەت بە تاوانەکانی بەعسی عێراق تێدایە، کە بەرامبەر بە کورد و خەڵکی کوردستان ئەنجامی داون.

– لە دووتویێی (١٠) لاپەرەدا بە کورتی باس لە کوردستان و سیاسەتی دابەشکردن و خەباتی کوردایەتی کراوە، لەو (١٠) لاپەڕەیەدا (٦) لاپەرەی بۆ مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تەرخان کراوە.

– لیستێکی (١٢٦) کەسی: لە چوار لاپەڕەدا ناوی (١٢٦) کەسی مەدەنی لەگەڵ تەمەنیان بڵاوکراوەتەوە، کە رۆژی (١٩٨٧/٤/١٦) لە گوندی شێخ وەسانان بە بۆمبی کیمیایی لە لایەن بەعسەوە شەهید کراون.

– بەیاننامەی یەکێتیی لە رۆژی (١٩٨٩/٦/١): لەم مێژووەدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەیاننامەیەکی سەبارەت بە سیاسەتی راگواستن و تەعریب بڵاوکردۆتەوە لەگەڵ دەقی ئەو ئیستمارەیەی، کە بەعس بەسەر ماڵان دابەشی کردووە بۆ وازهێنان لە موڵک و ماڵیان.

– سێ هەواڵ لە سێ ژمارەی رۆژنامەی OBSERVER: لە ژمارەی رۆژی (١٩٨٨/١٠/٢٠) هەواڵی ژەهر دەرخواردنی کوردی عیراق لە کامپەکانی

تورکیا بڵاوکراوەتەوە، لە ژمارەی رۆژی (١٩٨٩/٥/٧) (١٩٨٩/٥/٢٨) لەژێر ئەم مانشێتەدا "بەغدا دەستی بە راگواستنی ٢٥٠،٠٠٠ کورد کرد" هەواڵێکی ورد و پڕ لە زانیاری بڵاوکردۆتەوە.

- The Kurdish Focus: هەر لە دوو توێی ئەو دۆسیە رەنگ شینەدا" دا، ئەو گۆڤارەش هاوپێچە، لە شوێنێکی دیکەی ئەم کتێبەدا باسم لەم گۆڤارە کردووە.

- SILENCE IS COMPLICITY:

ئەم کتێبە بریتییە لە (١٦٤) لاپەڕە، کتێبێکی بەڵگەنامەیی دەوڵەمەندە. لە شوێنێکی دیکەی ئەم کتێبەی بەردەستتان تیشکم خستۆتە سەر ئەم گۆڤارە.

رۆژانی(١٥ و١٦ و١٩٩١/٣/١٧)، لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید، بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەری حزبە کورد و کوردستانییەکان و نوێنەری سەندیکا و یەکێتییەکانی لاوان، ژنان، کرێکاران، مافپەروەران و رۆژنامەنووسان لە سەرتاپای جیهاندا بە وڵاتانی عەرەبیشەوە کۆنفرەنسێکی گەورە و تایبەت بە کوردستان بەڕێوەچوو، لە ماوەی سێ رۆژدا باس لە کێشەی کورد و ئالنگارییەکان کرا. ئەوسا لە سوید کۆمیتەیەک هەبوو بەناوی کۆمیتەی "مافی مرۆڤی کورد" ئەم کۆنفرانسەی بەڕێوەبرد و لەژێر ئەم دروشمەدا بوو: "داننان بەمافی کورد". کۆنفرانسەکە بۆ ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بوو لەسەر ئاستی نێوەدەوڵەتیدا. باس و بابەتی زۆر گرنگ پێشکەشکران، هەردوو دۆستی کورد لە سوید؛ تۆماس هاممەربێری و لاش گونار ئێرکسۆن رۆڵێکی باشیان بینی لە سازدان و سەرکەوتنی کۆنفرەنسەکەدا. ئەو کۆنفرەنسە ساڵێک زیاتر بوو ئامادەکاری بۆ دەکرا، بەڵام بە رێککەوت، کەوتە نێو رۆژانی راپەڕینەکانی باشووری کوردستان، هەر بۆیە رۆژێکی بۆ درێژ کرایەوە، کە باس لە راپەڕینەکە و دەرهاویشتە و سەرکەوتنەکانی راپەڕینەکە کرا.

مام جەلال ساڵێک و چوار مانگ پێش گرێدانی کۆنفرەنسەکە، نامەیەک بۆ

عومەر شێخمووس دەنێرێت، چەندان پێشنیار دەخاتەڕوو، بەرنامە و رۆژەڤی Agenda کۆنفرانسەکەی بۆ دەنووسێت. وابڕیاربوو مام جەلال بەشداری لە کۆنفرەنسەکەدا بکات، بەڵام بەهۆی راپەڕینی (١٩٩١)، ئەو لەرێگەی سوریا بەرەو باشووری کوردستان گەڕایەوە و نەیتوانی بەشداربێت، ئەمە چەند دێڕێکە لە نامەکەی مام جەلال، کە نەخشەی بۆ رۆژەڤی کۆنفرانسەکە کێشاوە؛

"١- کۆبونەوە جیهانیەکەی ساڵی داهاتوو دەبێ باش ئامادەی بکەن و ئێمەش باش خۆمانی بۆ ساز و ئامادە بکەین. پێویستە هەوڵدەین بۆ:

آ- خەڵکی بێگانە زۆرتر و زلتر بانگ بکەین و بهێندرێن.

ب- کەسانی وڵاتانی سۆشیالیست بانگ بکرێن: سۆڤیەت، بولگاریا، ئەڵەمانیای دیموکرات، هەنگاریا، پۆڵەندە، چیکۆسلۆڤاکیا و چین و کۆریا و ڤیەتنام و کۆبا.

ج- لە ئەمریکا و کەنەدا و لاتین ئەمریکا خەڵک بانگ بکرێن.

د- لە وڵاتانی عەرەبی بەتایبەتی (بەربەری جەزایر و مەغریب) و خەڵک لە کوێت و ئوردن (لیلی شرف) و لوبنان و سوریە و میسر و لیبیا و تونس بانگ بکرێن.

ها- کوردی پاکستان و ئوردن و سۆڤیەت بانگ بکرێن.

و- سۆشیالیست ئینتەرناسیونال (سەرکردایەتی گشتی یان)+ اتحاد نقابات هی رۆژهەڵات و هی رۆژئاوا + ی. ئافرەتانی دنیا+ یەکێتی لاوانی دنیا + یەکێتی قوتابیانی دنیا + مجلس السلم العالمی + یەکێتی رۆژنامەنووسانی دنیا + یەکێتی حقوقیان + ئەمنستی ئینتەرناشیناڵ + یونیسکۆ + لجنة الأمم المتحدة لحقوق الانسان+ المنظمة العربیة لحقوق الانسان+ اتحاد نقابات العمال العرب + اتحاد الحقوقیین والمحامین العرب و هتد بانگ بکرێن.

ز- کورد هەر حزبەکان و هەندێ شخصیاتی ناودار بانگ بکرێن.

٢- پێویستە باشتر رێکخرێت (الامور الاداریة والدعوات والاماکن هتد).

٣- پێویستە وەختەکە (٣-٤) رۆژ بێت: لەدوای هەر فیترەیەک سەعاتێک بەلای کەمەوە بۆ مناقەشە بێت.
٤- هەر بەشەی کوردستان یەک خوتبەی هەبێت.
٥- کاتەکە زۆرتر بۆ دۆستانی بێگانە بێت.
٦- زۆر باشە گەر کۆمیتەکە مشاورات لەگەڵ بەرەی کوردستانی عیراق + تەڤگەر+[٢٠] حدکا بکات لە ئێستەوە یان لە دوو مانگ پێش وەختەوە.
٧- خۆت دەبێ زۆر فعال و مؤثر بیت". (نامەی مام جەلال بۆ هۆمەر. بەرلین ١٩٨٩/١٠/٣٠). ئەمانە تەنیا نموونەی چەند رووداوێک بوون، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەشداربووە، ئەگەرنا لە دەیان کۆنفرانس و کۆبوونەوەی گرنگی دیکەدا بەشدار بووە و رۆڵی دیاربووە لە ناساندن و ئاشناکردنی ئامادەبووان بە کێشەی کورد و خەڵکی کوردستان.

## چاوپێکەوتن و ناردنی رۆژنامەنووسان بۆ کوردستان

تەنیا دوو ساڵە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە و یەکساڵیشە جاڕیی شۆڕشی چەکداریی داوە، دوو رۆژنامەنووسی نەمسایی سەردانی سنووری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی لە باشووری کوردستان دەکەن. وەک لە بەڵگەنامەکان دەردەکەوێت، ئەو دوو رۆژنامەنووسە لە رێگەی سوریا بۆ ناوچەکە سەفەریان کردووە و لەگەڕانەوەیاندا لە سوریا د. فوئاد مەعسوم دەبینن: «ئیمشۆ هەردوو رۆژنامەنووسە نەمساویەکانم دی کە لە وڵاتەوە هاتونەتەوە». (دەفتەری یاداشتەکانی د. فوئاد مەعسوم ١٩٧٧/٧/٢١). چوونی رۆژنامەنووسان بۆ کوردستان، بۆ گواستنەوەی هەواڵەکانی هێزی پێشمەرگە، ئەرکێکی دیکەی رێکخستنەکانی یەکێتیی بووە لە ئەوروپا و ئەمریکادا «لەم بەینەدا وەفدێکی تەلەفزیۆنی ئەم ناوە هاتبون

---

٢٠- هاوپەیمانێتیی نێوان چەند حزب و رێکخراوێکی باکووری کوردستان بوو

بۆ وڵاتەکەی ئێمە[21]، چەند ڕێگایەکم پیشان دابون بگەنە لاتان. بەداخەوە سەری نەگرتبوو، هەتا نەیان هێشتبوو بچنە لای وانێکیش[22]». (نامەی فەرید ١٩٨٥/٩/٣٠). ئەمەش پەرەگرافێکە لە نامەیەکی دیکەی د. کەمال فوئاد بۆ مام جەلال «لەم بەینەدا کابرایەکی تەلەفزیۆنی ئەم وڵاتە[23] دێت بۆ وڵاتەکەی ئێمە[24]. میری بانگی کردووە، زۆر حەز ئەکات لای ئێمە ببینێت، تا بەراوردی بکات لەگەڵ قسەکانی میری، هەوڵ ئەدات بەبۆنەی وانێک، یان مامۆستا[25]وە خۆی بگەینێتە لای ئێمە. لەو بارەیەوە ئێمە لێرە قسەمان لەگەڵدا کردووە. لە دەوروبەری ٩/١٠دا لەوانەیە بگاتە ئەوێ». (نامەی کەمال فوئاد بۆ مام جەلال، ١٩٨٥/٨/١٧). سەرەڕای ئەمە، مام جەلال و ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر و چەند سەرکردەیەکی یەکێتیی، چەندانجار لە ڕۆژنامە و تەلەفزیۆنە گەورەکانی جیهاندا چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە.

لەگەڵ هەڵکشانی ڕۆژانی شۆڕش و چالاکییەکانی پێشمەرگەدا، ڕۆژنامەنووسانی جیهان چەند جارێک بەدواداچوونیان بۆ هەواڵی چالاکییەکانی پێشمەرگە کردووە، بەڵام زۆرنین. دوای کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، دیدارە ڕۆژنامەنووسییەکان زیاد دەبن، پاش ڕاپەڕینی (١٩٩١) ئەو دیدارانە زۆر زیاتر دەبن و ڕۆژنامەنووسانی جیهان گەرمتر بەدوای ڕووداوەکان دەکەون، بەراورد بە پێشوو، ئەمجارە ڕووداوەکان پێچەوانە دەبنەوە، ئەگەر کاتی خۆی ڕۆژنامەوانی جیهان خۆیان لە سەرکردەکانی شۆڕش دزیبێتەوە، بەڵام دواتر هەوڵیاندەدا سەرکردەکان بدۆزنەوە و لێدوانیان لێوەربگرن، ئەگەر لە (١٩٩١ تا ٢٠٠٥)، هەر تەنیا ئەو بەڵگەنامە کۆبکرێنەوە، کە بریتین لە چاوپێکەوتن لەگەڵ مام جەلال لە

٢١- وڵاتی ئەڵمانیا
٢٢- حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
٢٣- وڵاتی ئەڵمانیا
٢٤- کوردستان
٢٥- شێخ عیزەدینی حوسێنی

ڕۆژنامەگەریی ئەمریکی و ئەوروپیدا، بەچەندان بەرگ لە کتێب تەواو نابن، کە دەڵێین ڕۆژنامەگەرییی واتە (خوێندراو، بیستراو، بینراو)، وەک دەزانرێت دوای ساڵی (٢٠٠٠) هۆکاریی دیکەی گەیاندن پەیدابوون، بەتایبەتیش دوای بەخێرا بڵاوبوونەوەی سۆشیالمیدیا، کە ئەرشیفکردنیان بۆ کورد هێشتا کارێکی ئاسان نییە.

## یادکردنەوەی یەکێتیی

هەموو ساڵێک لە ئەمریکا و کەنەدا و وڵاتانی ئەوروپا و وڵاتانی دیکە لە تاراوگەدا، یادی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و جاڕدانی شۆڕشی نوێکراوەتەوە. یادکردنەوەکان پەیوەست بوونە بە ژمارەی ئەندام و لایەنگری یەکێتیی لە وڵاتەکاندا، هەر لە ساڵی (١٩٧٧)ەوە لە وڵاتانی تاراوگەدا ڕێکخستنەکان بە ئامادەبوونی نوێنەری حزبە دۆستەکان یادی یەکێتیی یان بەرز ڕاگرتووە، لە هەندێک وڵاتدا، بە تایبەتیش لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو و دواتریش بۆ شەو ئاهەنگەکان ژمارەی ئامادەبووان لە سەرووی دوو هەزار تا سێ هەزاری تێپەڕاندووە. ئەمە نامەیەکی کەمال فوئاد-ە و باس لە ساڵی ١٩٨٥ دەکات: «لە دەرەوە بەبۆنەی تێپەڕبونی دە ساڵەوە بەسەر دامەزراندنی یەکێتی دا لە گەلێک شار ئاهەنگ ڕێک خرا». (نامەی فەرید، ١٠/١٨/ ١٩٨٥). بۆ یادکردنەوەی یەکێتیی و بەرنامەی یادەکان، دەکرێت سەیری ئەرشیفی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بکرێت، بۆ پێشتریش ڕۆژنامەکانی الشرارة و ڕێبازی نوێ و چاپکراوەکانی دیکە سەرچاوەن.

### راگەیاندنی بەرەی کوردستانی، ژینگەیەکی دیکە

ئەگەرچی دوای راگەیاندنی بەرەی کوردستانی کۆمەڵە خوێندکارییەکانی زۆربەی حزب و لایەنە کوردستانییەکانی باشووری کوردستان لە تاراوگە یەکیانگرتەوە. راگەیاندنی بەرەی کوردستانی وەک چۆن لەناو شۆڕشدا ژینگەیەکی هاوبەشی دروستکرد، لە تاراوگەشدا دەست بە چالاکی و بەکاریی هاوبەش کرا. ئەمە چەند بەیاننامەیەکی هاوبەشی نێوان حزبەکانە:

- بەیاننامەیەکی روونکردنەوە. هاوپەیمانی رێکخراوە سیاسییە کوردستانییەکان لە یەکێتیی سۆڤیەت، نیسانی ١٩٨٨، یەکێتیی تێدایە.

- بەیاننامەیەکی هاوبەشی لقی ئەوروپای؛ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، حزبی سۆسیالیستی کوردستان- عیراق، پارتی سۆسیالیستی کوردستان- پاسۆک. ئەمە بەشێکە لەو بەیاننامە هاوبەشە: «هەست کردن بە ئەرکی مێژوویی ئەم پلە ناسکەی خەباتی گەلەکەمان و سەبارەت بەو هەنگاوە گرنگە مێژووییەی، کە لە کوردستان نراوە لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان- عیراق و پارتی سۆسیالیستی کوردستان- پاسۆک، لە رۆژانی ١٩٨٦/١٠/١٠، وە ١٩٨٦/١٠/١٢ پەیوەندی و کۆبوونەوەی دوولایەنییان پێک هێنا، هەروەها لە رۆژی ١٩٨٦/١١/١٨دا لە شاری ستۆکهۆڵم لە سوید نوێنەرانی لقی ئەوروپای هەر سێ لایەنەکە کۆبونەوەی هاوبەشیان کرد و بۆ جێ بە جێ کردن و بەردەوامی لەسەر ئەم هەنگاوە دڵسۆز و شۆڕشگێڕانەی، کە لە کوردستانەوە نراوە و دەستی پێکردووە. بڕیاریان لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوەدا:

١- پێکهێنانی کۆمیتەی هاوکاری و دیاریکردنی نوێنەرانی.

٢- ئامادەکردنی پرۆگرامێک بۆ خەبات و چالاکی و کاری هاوبەشی کۆمیتەکە.

٣- بەردەوامی هەوڵی دڵسۆزانە بۆ فراوانکردنی بنکە جەماهیریەکەی ئەم

ڕێکەوتنانە تاکو لایەنە نیشتمان پەروەرەکانی تریش بگرێتەوە». هەروەها مانگی ئەیلولی (١٩٨٨) بەیاننامەیەک سەبارەت بە لقی بەرەی کوردستانی عێراق لە یەکێتیی سۆڤیەت بڵاوبۆتەوە؛ بەم شێوەیە دەست پێدەکات: «بۆ رای گشتی سۆڤیەتی. بۆ ڕێکخراوە سیاسییە بیانییەکان لە یەکێتی سۆڤیەتی. بۆ ئەو خوێندکارە کوردانەی لە یەکێتی سۆڤیەت دەخوێنن. ئێمە نوێنەری ئەم حزبانە لە یەکێتیی سۆڤیەت: پارتی دیموکراتی کوردستان. پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان. حزبی سۆسیالیستی کوردستان. پارتی سۆسیالیستی کورد. حزبی شیوعی عێراق. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لقی یەکێتیی سۆڤیەت رادەگەیەنین، کە بە گوێرەی میساقی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی عێراق لە بەهاری ساڵی (١٩٨٨) ڕێکەوتنی بۆ کراوە». ئەو حزبانە لە ئەوروپا و لە ئەمریکادا هەر تەنیا بە دەرکردنی بەیاننامە نەوەستاون، بەڵکو چەندان چالاکی هاوبەشیان پێکەوە کردووە؛ ناردنی وەفد بۆ لای حزبەکانی ئەوروپا، کۆڕ و مانگرتن و خۆپیشاندانی هاوبەش.



١٩٨٩/١٠/٢

براگیان کاک عومەری بەڕێز

سڵاو و ڕێز

شادمان و سەربەرز و دڵشادم داوایە و ئێوەش باش بن. بەداخەوە ئەمجارە نەکرا و نەبوو بە فرسەت بگەین و بە دیدارتان شاد ببینەوە. بۆیە وا بەنامە هەندێ شت و پێشنیارتان پێشکەش دەکەم:

① - کۆبوونەوە جیهانیەکەی ساڵی داهاتوو دەبێ باش ئامادە بکەین و ئێمەش باش خۆمانی بۆ سازو ئامادە بکەین. پێویستە هەوڵ بدەین بۆ:

١ - خەڵکی بێگانە زۆرتر و زیاتر بانگ بکەین و بهێنین

ا - لە ساڵی وڵاتانی سۆشیالیست بانگ بکەین: لە سۆڤییەت (بولگاریا) ئەڵمانیای دیموکرات، هەنگاریا، پۆڵەندە، چیکۆسلۆڤاکیا، چین و کۆریا و ڤیەتنام و کوبا.

ب - لە ئەمریکا و کەنەدا و وڵاتانی ئەوروپا خەڵک بانگ بکەین

ج - لە وڵاتانی عەرەبی بەتایبەتی (بە ڕێبەری جەزایر و مەغریب) و خەڵک لە کوەیت و ئوردن (لیلی شرف) و لە لوبنان و سوریە و میسر و لیبیا و تونس بانگ بکەین.

د - کوردی پاکستان و ئوردن و سۆڤیەت بانگ بکەین.

هـ - سۆشیالیست ئینتەرناسیونال (سەرکردایەتی گشتییان) + اتحاد نقابات هەرە بەرز وڵات و هی دەوڵەتان + ی. ئافرەتانی دنیا + یەکێتی لاوانی دنیا + یەکێتی قوتابیانی دنیا + مجلس السلم العالمي + یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی دنیا + یەکێتی حقوقییان + ئەمنەستی ئینتەرناشنال + یونسکو + لجنة الامم المتحدة لحقوق الانسان + المنظمة العربية لحقوق الانسان + اتحاد نقابات العمال العرب + اتحاد الحقوقيين والمحامين العرب و هتد بانگ بکەین.

و - کورد هەر حزبەکان و هەندێ شەخسیەتی ناودار بانگ بکەین.

② - پێویستە باشتر رێکبخرێت (الامور الادارية والدعوات والدعاية هتد).

③ - پێویستە وەختەکە (٣-٤) ڕۆژ بێت: لە دوای هەر خیتابەیەک سەعاتێک بەلای کەمەوە بۆ مناقەشە بێت.

④ - هەر بەشەی کوردستان یەک خوتبەی هەبێت ... ئەوەی تر بۆ دۆستانی بێگانە بێت.

نامەی مام جەلال بۆ عومەر شێخمووس ١٩٨٩

FOCUS amnesty international

# Children brutally treated in Iraq

**Brutal treatment of children has become routine practice in the prisons of Iraq. Young people have been tortured, often to force them to reveal information about their relatives. Even infants have been ill-treated to compel members of their families to "confess" to alleged political offences.**

A former political prisoner who was detained for five months at al-Karkh Security Directorate, and who was released in April 1985, told AI about the fate of his own family, brought before him and tortured to force him to reveal his political affiliation.

He said: "[my] mother [73 years old], three sisters and three brothers, with five children aged between five and 13, were arrested and brought in front of me. They were subjected to the *falaqa* [beating on the soles of the feet] and electric shocks..."

His testimony also described conditions under which infants have been held in some Iraqi prisons: "Usually they keep such children in a separate cell next to the mother's or father's cell and deprive them of milk in order to force the parents to confess. I saw a five-month-old baby screaming in this state."

Despite the requirements of international law and of Iraq's own legislation children have been victims of the death penalty, political killings, "disappearance", and arbitrary arrest and detention without trial, as well as torture and ill-treatment.

AI believes that Iraq is not fulfilling its obligations under international law; it also believes Iraq's own laws setting out the rights of the child are being flagrantly violated.

During a period of just six weeks in 1987 the authorities were repeatedly in breach of Iraqi legislation which prohibits the use of the death penalty in cases involving people under 18 years of age. Among the victims were a number of alleged supporters of the prohibited Kurdistan Democratic Party (KDP):

- Rizgar 'Abdallah, aged 16, was one of 14 Kurds executed at Mosul Training Camp on 28 December 1987.
- Ismail As'ad and Latif Adel, both aged 15, were among nine Kurds executed on 18 November 1987 in Fa'ideh Garrison.
- Segvan Khaled 'Ali, aged 15, and Hewel Misho Miho, aged 17, were among eight Kurds executed on 10 December 1987 at Fa'ideh Garrison.



**Despite the requirements of international law and of Iraq's own legislation, children have been victims of the death penalty, "disappearance", and arbitrary arrest and detention without trial, as well as of torture and ill-treatment and political killings. Sangar Fakhredin Najib, aged 10, is one of thousands of people—many of them children—who were the victims of chemical weapon attacks by Iraqi forces in the town of Halabja on 16 and 17 March 1988.**

In these cases, as in many similar incidents, sentence of death was carried out after summary proceedings before a military court.

'Abd al-Rahman Ahmad Haji was 17 when he was executed at Abu Ghraib Prison near Baghdad. He had been arrested in 1984 and tortured while in detention; he was executed on 1 November 1985 and his body delivered to his family on 5 November 1985. The Iraqi Government confirmed his execution, stating that he was convicted of crimes including sabotage.

Iraqi law stipulates that the death penalty must be commuted to a lesser sentence if the offender is a minor. The Iraqi Government nevertheless told AI that 'Abd al-Rahman Ahmad Haji had been granted a fair trial "where all judicial and legal measures were fully respected according to the Iraqi Constitution and the laws in force".

The majority of executions in Iraq in recent years have been "extrajudicial", that is, they have been political killings sanctioned by the authorities. Detainees have been executed en masse without prior legal proceedings; among them have been many children and young people.

In late March 1986 Kurdish forces opposed to the Iraqi Government were said to have made an attempt to assassinate the Governor of Arbil, who was wounded in the attack. In an act of retribution 15 students from secondary schools and from the University of Salah al-Din in Arbil were arrested and summarily executed in public in the city between 27 March and 3 April 1986.

In early January 1987, 29 children and youths from the Province of Sulaimaniya, aged between 17 and 23, were executed without trial. Among them were three youths aged 17 at the time of their execution: Dara Hussain Hassan, Dlir Mahmud 'Ali and Salah 'Omar.

## Sources of information

Information on the application of human rights standards in Iraq is often difficult to obtain. Many of those who have been victims of human rights abuses fear to speak about their experiences; those whose families have suffered often fear that if they pursue relatives' cases with the authorities they too may be subjected to ill-treatment, or worse.

AI therefore treats the confidences of those who have reported from Iraq with great care. It carefully establishes the authenticity of reports from sources which cannot be publicly named. These include the families of detainees and victims, former detainees, refugees from Iraq and journalists.

**OBSERVER**

OBSERVER SUNDAY 7 MAY 1989

# Hitler-style genocide threatens the Kurds

**HELGA GRAHAM** pleads for the West to save democracy in Iraq from extermination.

THE ceasefire in the Iran-Iraq war has left in power in Baghdad one of the most ruthless dictatorships in the world — that of Saddam Hussein. It has left the Iraqi President's hands free, behind a carefully crafted camouflage of apparent political openness, to pursue a ruthless extermination of his opposition, in particular its Kurdish component. With Western arms, credits and, incomprehensibly, our tacit consent, one of the most resilient democratic movements in the Middle East is currently under threat of something close to annihilation.

The West, and in particular the UK, one of Iraq's largest aid donors, has one final chance to control a situation that threatens at any moment to spin out of control into mass killing and unbridled genocide.

Saddam Hussein's methods of dealing with his political opponents, Arabs and Kurds, have been movingly described in Amnesty International's February report. Torturers have gouged out the eyes of their victims, cut off their noses, ears, breasts and penises, and axed limbs. Children are tortured wholesale — whipped, sexually abused and given electric shocks. Babies of five months are starved in front of their parents.

However pitiful such cases, the internal problem in Iraq has moved on beyond them. Saddam Hussein has evidently decided to deal with the Kurds — at four million, a quarter of the Iraqi population — *en masse*, as a people.

The process of settling with the Kurds is well under way: its main instrument that horrific form of collective torture, chemical weapons. Chemical bombardments have caused thousands to die — 20,000, maybe 30,000, no one knows how many — and have driven over a million people, mainly poor Kurdish peasants, out of their villages.

Rural Kurdistan is being destroyed both demographically and ecologically; a way of life thousands of years old casually sprayed with chemicals like a garden weed. Imagine the West of England or the South of France with *no villages*. A peasant culture with a peasantry uprooted, landless, idle, living off government handouts.

A quarter of a million Iraqi Kurdish refugees shiver in miserable camps over the Turkish and Iranian borders, largely forgotten by the world. Others have crowded into the Kurdish cities. Up to half a million more are held incommunicado in camps in the southern desert, in Ar Ar, Nukrat Salman, Rutba. A few old men, released to die, have told terrible stories, but we have no real means of knowing the facts.

The next targets are the smaller and medium-sized Kurdish towns. A month ago the entire citizenry of Quala Diza (120,000) and Rania (30,000) were given notice to quit — leaving all but their most intimate possessions behind. In the face of international protest the regime backed off. Yet we know that its displacement progamme, including 22 new towns, away from the mountains and border, remains. The Government has apparently now set this Friday as the new deadline for mass evacuations.

Saddam Hussein is intent on becoming overlord of the area, untrammelled by democratic opposition. The Kurds are the backbone of that Iraqi democratic movement Besides, they have a natural geographical stronghold in their northern mountains. For three decades Kurdish guerrillas have fought for themselves and for the Iraqi middle classes and for three decades they have constituted a thorn in the side of a military dictatorship.

This is what is at stake. For all its nationalist dimension, it is not some kind of esoteric Kurdo-Arab conflict. The Kurds are likely to continue to be the regime's most visible victims. But equally, young Arab pilots are victims, who, their lives under threat, are forced to drop chemical weapons. Twenty-two of them were executed in January for planning to shoot Saddam Hussein — the latest in a long line of attempted military coups.

The Government's objective is clear: the Kurdish population is to be confined to a handful of large cities or penned into army-supervised, regimented new towns. An apparently 'controlled', but in fact totally combustible situation.

At some point the Kurds will revolt. This revolt may be the act of clear-eyed citizens who have understood that once herded together they are especially vulnerable to chemical and biological weapons. Or a riot may break out in the cities among disoriented peasants who believe — perhaps quite mistakenly — that biological agents, typhoid or some killer disease, has been unleashed. Such a scare has already happened in the Kurdish nationalist centre of Sulemanniya, a city bloated by refugees to half a million.

The truth is that the real peril now lies less in Saddam himself than in our supine appeasement of him. 'The plain and hideous fact', said the Archbishop of Canterbury, 'is that Iraq has used these weapons without adverse consequences.' So why should Saddam stop when his goal is within reach?

This, after all, is a regime with a record.

Consider Appendix A of the Staff Report of the US Senate Foreign Relations Committee. It lists 22 occasions from 1984 to 1988 on which the US Administration made public statements denouncing Iraq's use of chemical weapons. Yet no action was taken, not even when 7,000 civilians in the Kurdish town of Helabja died under chemical attack.

Saddam then moved the nightmare to fast forward. One hundred thousand Kurds in August 1988 fled across the border under renewed chemical onslaught. The UN Security Council voted to take 'effective' measures against such action in the future, but neither stopped nor punished Baghdad. The Iraq Foreign Minister pledged a halt, but there were further chemical attacks in October. The Kurds named the villages. No international reaction. In March the UN Human Rights Commission voted not to consider the Kurdish question. Western powers displayed 'outrage and disbelief' at Third World connivance with Baghdad.

The ultimate hypocrisy is that Western powers are providing the massive new credits on which this semi-bankrupt regime is so vitally dependent. Where else would it find loans — from the USSR?

The EC last week, at British instigation, finally called for an ambassador's report. This is too little, too late. Having created our Frankenstein monster, do we believe we can halt it now by shaking a feather duster in its face?

How about stalled credits, military equipment, agricultural exports? Pure panic gripped Baghdad's presidential palace when the US Congress came within a whisker of such action last winter.

How about making it clear to Saddam (as it was not made clear to Hitler after his pogroms of November 1938) that any further move against the Kurds in the north, or the Shia Arabs in the south (who have also had a taste of chemical weapons) will meet with relentless retaliation? How about taking a stand on the unspeakable camps? The massive displacement programme must be halted immediately.

Western powers managed to act decisively and in concert when it came to collecting their debts in January. Let them do so now.

Genocide is *not* an internal affair.

**ستایلی هیتلەری بۆ جینۆسایکردنی کورد، ڕۆژنامەی ئۆبزێرڤەر**



هەڤاڵانی بەڕێزی کۆمیتەی کاری دەرەوەی وڵات (ی.ن.ك)

سڵاوێکی گەرمی شۆڕشگێڕانە وداوای سەرکەوتنتان دەکەم. ١٨/٨/١٩٨٥

وەکوو ئاگادارن موشکیلە بەم زووانە لەگەڵ هەڤاڵ "سید عومەر" بەرەو طرابلس بڕوین،

وە لەبەر ئەوەی نازانین چەندمان پێ دەچێت (بەڵام بە هەموو تقدیرات نیزیکەی

مانگێکی پێدەچێت) بە پێویستم زانی لەم کارانە ئاگادارتان بکەم بۆ ئەوەی لە

لایەن هەڤاڵانی تر جێ بەجێ بکرێن وبڕیاری لەسەر بدرێت.

١- لە مانگی اوکتوبر کۆنگرەی پارتی سوسیالیستی فرنسا هەیە وە دعوەت کراوین.

بۆیە پێویستە یەکێ یان دوو هەڤاڵ بە بەشداری بکەن. لەبەر چەند هۆیێک

من ناتوانم بەشداری بکەم. پێویستە لە ناو خۆتان باسی بکەن وبڕیاری لەسەر بدەن.

بە ڕای من لەبەر ئەوەی مالیان، یا هەڤاڵ ئەحمەد یا هی تر بە تەنها [redacted]

بەشداری [redacted] بکات.

٢- اتفاق کراوە لەگەڵ حدکا وپسکت کە کۆبوونەوەیێک بکرێت

لە نێوان هەرسێ لایان لە ١٠/٩/٨٥ لە پاریس (ئەو تاریخە

لە نزیکەی مانگی هەوت دانرا) بۆ کۆمیتە کوردستانیەکە، هەر

وەها بۆ باسکردنی ئەو مذکەرەیە کە بۆ "الامم المتحدة" نووسراوە، وە

ناردنی وەفدێکی ٣- قۆلی بۆ نیویورک.

بەڵام ئێستا دیموکرات دەڵێت کە ڕای حزبیان ئەوەیە کە ئەو

مذکەرەیە بە ناوی حزبەکان نەبێت، وەکە هیچ ناهەراوی ئەو

ڕێکخراوانە نەچێت. ئێمەش ڕامان لەگەڵ پسکت وایە کە کارەکە

هیچ قیمەتی نابێت ئەگەر بە ناوی حزبەکان وسکرتێرەکانیان نەبێت،

وە وەزنی نابێت ئەگەر وەفدێکی بەهێز نەبێت.

ئێستا حدکا دەڵێن کە نامەی تریان بۆ سکرتێری خۆیان نووسیوە وە

چاوەڕێی وەڵامی دەکەن.

ئەگەر هات وحصر بوون کە بە ناوی حزبەکان وسکرتێرەکانیان نەبێت،

ئەوکات بە ڕای من تەنها نووسراوەکە بنێرین، وەهیچ وەفد نەچێت،

وە ئەگەر قبووڵیان نەکرد با نووسراوەکە بە ناوی ئێمە وپسکت

بچێت.

ئەوا نووسخەی نووسراوەکەی کە ئامادەم کرد وئیشانی کاک کەماڵ

بورکایم کرد وصیاغەکەی لەسەر کرد، وە نووسخە بۆ مرکات

چەندە بۆ ئاگاداری.

٣- بۆ ئاگاداریتان، هەتا ئێستا هیچ کاغەزی زمالەم

بە دەست نەگەیشتووە.

٤- نووسخەی نامەکانی هەڤاڵانی وڵات کە پاش کۆبوونەوەکە

بە دەستم گەیشتوون یان بۆم ناردوون یان بۆم خوێندوون.

نامەی عومەر شێخمووس بۆ کۆمیتەی کاری دەرەوەی یەکێتیی




تاوانەکانی سەدام حوسێن لەم کتێبەدا

بيان حول تشكيل فرع الجبهة الكردستانية العراقية في الاتحاد السوفيتي

الى الرأى العام السوفيتي ...
الى المنظمات السياسية الاجنبية في الاتحاد السوفيتي ...
الى الطلبة الاكراد الدارسين في الاتحاد السوفيتي ...

نحن ممثلوا الاحزاب التالية في الاتحاد السوفيتي : الحزب الديمقراطي الكردستاني - حزب الشعب الديمقراطي الكردستاني - الحزب الاشتراكي الكردستاني - الحزب الاشتراكي الكردى ( باسوك ) - الحزب الشيوعي العراقي - الاتحاد الوطني الكردستاني ، نعلن عن تشكيل فرع الجبهة الكردستانية العراقية في الاتحاد السوفيتي ، الذى تم الاتفاق عليه وفق ميثاق الجبهة الكردستانية العراقية المؤسسة في ربيع عام ١٩٨٨ في كردستان العراق . اننا نهيب بكل القوى الديمقراطية والمحبة للسلام لرفع اصواتها تضامنا مع نضال شعبنا الكردى في سبيل حقوقه القومية العادلة وفي مقدمتها حقه في تقرير المصير . كما ندعوا الجميع الى ادانة النظام الدكتاتورى الفاشي في العراق للجرائم التي ارتكبها ولا يزال بحق شعبنا الكردى . وخاصة جريمة الحرب الكيمياوية التي يشنها في كردستاننا .

ان تشكيل الجبهة الكردستانية وفروعها ومنها فرعنا في أ.س ، يعتبر خطوة نوعية جديدة في تاريخ الشعب الكردى ليس في كردستان العراق وحسب ، بل وفي جميع اجزاء كردستان . انها وحدة قوى حركة التحرر الوطني الكردية المناضلة بمختلف تنظيماتها السياسية ، والداعية الى جبهة وطنية عراقية شاملة تقود نضال الشعب العراقي بعربه وكرده واقلياته القومية في سبيل اسقاط النظام الدكتاتورى الفاشي واقامة الديمقراطية والسلام وضمان الحقوق القومية المشروعة للشعب الكردى .

ان نضال شعبنا الكردى في كردستان يتطلب منا تعزيز جهودنا الموحدة في سبيل دعم ذلك النضال ورفع وتيرة التضامن الاممي معه ، والعمل على تعريف شعوب العالم بنضال شعبنا وحقوقه المشروعة . ان شعبنا بامس الحاجة الى السلام وهو من دعاة السلام دائما . حيث ان وقف الحرب العراقية الايرانية واحلال السلام بين البلدين هو من صلب امال الشعب الكردى ، ولكن ذلك يظل ناقصا ما لم تتوقف الحرب التي يشنها النظام العراقي ضد الشعب الكردى . اننا ندعوا ان يكون السلام ديمقراطيا وعادلا ، شاملا الجميع ، عربا وفرسا وكردا .

كما نعلن عن تضامننا مع نضالات شعوب العالم في سبيل السلام والديمقراطية والتقدم الاجتماعي ، وضد التفرقة العنصرية . وندعم نضال الشعب الفلسطيني البطل وانتفاضته في سبيل حقه في تقرير المصير واقامة دولته المستقلة . ونؤيد مبادرات الاتحاد السوفيتي السلمية . كما ندعوا في نفس الوقت ان يتصاعد التضامن الاممي مع شعبنا الكردى المظلوم ونضاله العادل . خاصة في هذه الفترة التي يتعرض فيها شعبنا لحرب ابادة من قبل النظام العراقي الفاشي الذى كان سباقا ، في فترة حيث يسعى الجميع الى تحريم وازالة السلاح الكيمياوى ، بشن حربه ضد شعبنا مستعملا بالذات الاسلحة الكيمياوية . فيجب ادانة وعزل هذا النظام المجرم في كل مكان . وندعوا الاتحاد السوفيتي الذى يناضل ضد الاسلحة النووية والكيماوية ان يأخذ ذلك بنظر الاعتبار .

عاش نضال شعبنا الكردى ، عاش التضامن الاممي * الموت لاعداء الحرية والسلام .

لجنة فرع الجبهة الكردستانية العراقية في أ . س . ايلول ١٩٨٨

**پێکهێنانی لقی بەرەی کوردستانی لە یەکێتیی سۆڤیەت ١٩٨٨**

# بەشی شەشەم؛

# چاپ و چاپخانە

## دەسپێک

بە مەبەستی باشتر و زووتر گەیاندنی ئامانج و پەیامەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە رێکخستن و دۆست و لایەنگر و رایگشتی لە تاراوگەدا، هەر ئەدەبیاتێک لە سوریا و لە شاخ دەردەچوو، بە گوێرەی دەرفەت لە ئەوروپا چاپ و بڵاودەکرایەوە، سەرەتا ئەڵمانیا و سوید و ئینگلتەرا مەکۆی سەرەکی بوون بۆ چاپکردنەوەی ئەدەبیاتەکانی یەکێتیی، بەڵام دوایی قورساییەکە کەوتە وڵاتی سوید، لەوێ چاپخانەیەکی سادە داندرا و دەست بە چاپکردنەوەی بەیاننامە، کتێب و رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی یەکێتیی کرا، هەروەها بە گوێرەی سۆراغەکانم لە ناوەڕاستی هەشتاییەکانی سەدەی رابردوودا، لە ئەمریکا چاپخانەیەک هەبووە بەناوی شەهید ئارام.

دوای شەهیدکردنی جەمال تاهیر، لە ساڵی ١٩٨٥-وە چاپخانەکەی سوید ناودەنرێت، بە چاپخانەی شەهید جەمال تاهیر، کە پێشتر لەسەر نێوی کۆمەڵەی گەلی کوردستان بوو. ئەوسا کۆمەڵەی گەلی کوردستان ئۆفیسێکی هەبوو، چاپخانەکەش لەوێ بوو، دوایی کۆمیتەی رێکخستنیش بەشێکی ئەو شوێنەی کرد بە بارەگای بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی.

## کتێب

لە چاپخانەی شەهید جەمال تاهیر، زۆربەی ژمارەکانی الشرارة و رێبازی نوێ و گۆڤاری کۆمەڵە و رۆژنامەی رزگاری و کۆمەڵێک کتێب چاپکراون و چاپکراونەتەوە، هەروەها لە وڵاتەکانی دیکەشدا، بەهۆی ئامێری فۆتۆکۆپی ئەدەبیاتەکانی یەکێتیی دانەی لەبەرگیراوەتەوە. دەکرێت وەک نموونە، چەند دانەیەک لەو کتێب و نامیلکانەی یەکێتیی بناسێنین، کە لە

تاراوگەدا چاپکراون:

– بە بۆنەی یادی دەساڵەی هەڵگیرساندنی شۆڕش: نامیلکەیەکی (٥٦) لاپەڕەیە، بریتییە لە وتاری مام جەلال بە بۆنەی دەساڵەی هەڵگیرساندنی شۆڕشی نوێ، کە ڕۆژی (١٩٨٦/٦/١) پێشکەشی کردووە، ئەم چاپە لەلایەن ڕێکخراوی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە چاپخانەی شەهید جەمال تاهیر لە سوید چاپکراوەتەوە، بەڵام چاپی یەکەمین لە نێو شۆڕش لە چاپخانەی شەهید جەعفەر چاپکراوە.

– دەنگی شۆڕشی عیراق "صوت الثورة العراقية": ئەم نامیلکەیە بریتییە لە (١٤) لاپەڕە، ساڵ و شوێنی چاپکردنی بە سەرەوە نییە بەڵام بە گوێرەی وتارەکان و ئەم پەرەگرافە بێت، ساڵی (١٩٨٣) لە ئەوروپا چاپکراوە: "كان البث الاذاعي سيئا هذا اليوم، لذا نامل ان قرائنا الاعزاء يسامحونا من الاخطاء و النواقص التى وردت في هذه النشرة."ئەم نامیلکەیە؛ حەوت وتار بە زمانی کوردی و هەڵبژاردەیەک لە ڕۆژنامەکانی جیهان و بەیاننامەیەک و وتارێکی بە زمانی عەرەبی تێدایە.

– صوت الثورة العراقية: ئەم نامیلکەیە (٢٩) لاپەڕەیە، تەواوی بابەتەکان بە زمانی عەرەبییە. لە ئەوروپا لە ئێستگەی دەنگی گەلی شۆڕشی عێراق (دەنگی گەلی کوردستان) ئەنسات کراون و لەسەر بەرگی پێشەوەیدا نووسراوە: "من اذاعة صوت الثورة العراقية" و لە بەرگی دواوەشدا نووسراوە: "من مطبوعات الاتحاد الوطني الكردستاني فرع اوروبا". بۆ باشتر ناسینی ناوەڕۆکی نامیلکەکە چەند ناونیشانێک دەنووسمەوە؛ "من هم اعداء الشيوعية. قوات ايرانية تقصف قرية شينى و مقرات الاتحاد الوطني الكردستاني في وادي ناوزەنگ و زەلی. عمليات الهروب من الجيش و من خدمة النظام الفاشي. نصر اخر لثوار كركوك الاشاوس... هتد" لەم نامیلکەیەدا نۆ بابەت بڵاوکراوەتەوە.

– نقلا عن اذاعة صوت الثورة العراقية: ئەم نامیلکەیە بە زمانی

عەرەبییە و بابەتەکانی ئێستگەکەی یەکێتین لە ئەورووپاوە ئەنساتکراون و چاپکراون، بریتییە لە (٢١) لاپەڕە. ئەوەی لە دوو نامیلکەکەی تر جیای دەکاتەوە، بابەتەکانی بە دەستخەت نووسراونەتەوە و پاشان بە ئامێری کۆپی دانەی لەبەر گیراوەتەوە، بەڵام نامیلکەکانی دیکە بە ئامێری تایپ بابەتەکانی تایپکراون. لەسەر بەرگی پێشەوەیدا نووسراوە: "من منشورات التحاد الوطني الكردستاني فرع اوربا" لە بەرگی دواوەشدا نووسراوە مانگی حوزەیرانی ساڵی (١٩٨٤) چاپکراوە. لە دووتوێی لاپەڕەکانیدا شەش وتار بڵاوکراوەتەوە. ئەمەش ناونیشانی بابەتەکانە: "مسألة الحدود الادارية لكردستان. من تاريخ الحركة القومية الكردية انتفاضة السادس من ايلول ١٩٣٠. حول مشكلة الحدود الادارية لمنطقة الحكم الذاتي. مقتطفات من تاريخ الحركة القومية الكردية. التلاحم الكفاحي بين العرب و الاكراد في العراق. لمصلحة من زرع العقبات امام الحل السلمي؟".

- بيان المكتب السياسي للاتحاد الوطني الكردستاني حول الإتفاقية المشئومة بين الحكومتين التركية والعراقية: ئەم نامیلکەکەیە لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لقی ئەورووپایە، بریتییە لە (١٦)، لە بەرگی دواوەیدا بە زمانی عەرەبی نووسراوە: ئەمە لە ئێستگەی دەنگی شۆڕسی عێراق رۆژی (١٩٨٤/١٠/٢٤) وەرگیراوە.

- جوڵانەوەی رزگاریخوازانەی کورد لە خەباتیدا بۆ سەربەخۆیی نەتەوایەتی و سیاسی: ئەم کتێبە لە نووسینی رادۆڤاچ یاڤیچ- ەو مەحمود مەلا عزەت لە زمانی عەرەبییەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەریگێڕاوە. نووسەر مێژوونوسێکی یوگسلاڤی یە، ئەم بابەتەی وەک موحازەرەیەک ساڵی (١٩٧٠ )پێشکەشی کردووە، دوایی کراوەتە عەرەبی. ئەم کتێبە لە (٨٢) لاپەڕە پێکهاتووە و ساڵی (١٩٨٥) لە چاپخانەی شەهید جەمال تاهیر لە سوید چاپکراوە.

- گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ میری: ئەگەرچی ناوی نووسەر لەسەر

کتێبەکە نەنووسراوە و بەناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڵاوبۆتەوە. دوای پرس و ڕاگۆڕینەوە بۆم ساغبووەوە، مام جەلال نووسیویەتی. بریتییە لە (١٢٣) لاپەڕە. یەکەمجار لە شاخ لە چاپخانەی شەهید جەعفەر چاپکراوە، دووەمجار لە چاپخانەی شەهید جەمال تاهیر لە سوید چاپکراوەتەوە و لە بەرگی دواوەی نووسراوە؛ دووبارە چاپکراوەتەوە لەلایەن لقی ئەورووپای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەرەوەی وڵات.

- چەپکە گوڵێک بۆ گیانی نەمری شەهید سەید کەریم: نامیلکەیەکی (٢٨) لاپەڕەییە، ئەم بابەتانە لە دووتوێی دایە؛ "بەیاننامەی مەکتەبی ساسی: تاوانێکی تری جاشەکانی رژێمی بەغدا، لەیادی هاوڕێی خۆشەویستدا سەید کەریم، لەچلەی قارەمانێکی کوردستاندا نووسینی؛ مام جەلال، شەڕەفی نەتەوەیەک گرنگترە لەکامەرانی ژیان، شەهیدان و ژیان و مردنی سەربەرزانە". ئەم نامیلکەیە لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەزگای راگەیاندن-ە، یەکەمجار لە کوردستان لە چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ لە مانگی تشرینی دووەمی (١٩٨٤) چاپکراوە، پاشان لە دەرەوە لەلایەن لقی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەرەوەی وڵات چاپکراوە.

- داڵ، چیرۆکە شیعر: شیعرێکی درێژی شێرکۆ بێکەس- ە. بریتییە لە (٨٦) لاپەڕە،ساڵی (١٩٨٧) لە چاپخانەی شەهید جەمال تاهیر لە سوید چاپکراوە.

- الاتحاد الوطني الكردستاني، حول الحركة الثورية و التحررية للشعب الكردي في كردستان العراق "بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی و رزگاری خوازی گەلی کورد لە کوردستانی عیراقدا": لەسەر بەرگی نووسراوە: لە چاپکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لقی ئەمریکای باکوور، ئەمە زنجیرە دووە لە چاپکراوەکانی لقی ناوبراو، ساڵی (١٩٧٦) چاپکراوە و بریتییە لە (٧٠) لاپەڕە.

- REVOLUTION IN KURDISTAN ”شۆڕش لە کوردستان“: کۆمەڵێک بەڵگەنامەی یەکێتیی یە، بە زمانی ئینگلیزییە، لە چاپکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە لە ئەمریکا، زنجیرە زنجیرە (١)ی لەسەر داندراوە ساڵی (١٩٧٧) چاپکراوە و بریتییە لە (٧٥) لاپەڕە. تەواوی بابەتەکان عومەر شێخمووس بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەریگێڕاون.

- سەنگەر: چیرۆکێکی شانۆییە، جەلال میرزا کەریم نووسیویەتی، ساڵی (١٩٨٣) لە ئەمریکا لە چاپخانەی شەهید ئارام چاپکراوە و بریتییە لە (٢٦) لاپەڕە.

- الحكومات العراقية والمسألة الكردية؛ بریتییە لە چەند وتارێک، کە سەبارەت بە کێشەی کورد و حکومەتەکانی عێراق نووسراون. کتێبەکە لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لقی ئەوروپایە و لە چاپخانەی شەهید جەمال تاهیر لە سوید چاپکراوە.

- هەردوو بەرنامەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی: ساڵی (١٩٨٢) کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان دووەمین کۆنفرانسی خۆی لە شاخ سازکرد، لە کۆنفراسەکەدا ئەم دوو بەرنامەیە پەسندکرا (بەرنامەی پێشکەوتی کۆمەڵایەتی) و (بەرنامەی چارەسەکردنی کێشەی نەتەوایەتی نەتەوەی کورد). هەردوو بەرنامەکە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەرگێڕدراوە و ساڵی (١٩٨٣) لە لەندەن رێکخراوی دەرەوەی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان چاپ و بڵاویکردۆتەوە. کتێبەکە بریتییە لە (٢٨) لاپەڕە.

ئەمانە تەنیا نموونەی چەند کتێب و ناملکەیەک بوون، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە تاراوگە چاپیکردوون، یاخود بۆ جاری دووەم چاپیکردوونەتەوە. ناساندنی کتێبە چاپکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناوەوە و دەرەوەدا پڕۆژەی داهاتوومە و لەژێر ئەم ناونیشانەدایە؛ (رابەری کتێبی یەکێتیی ١٩٧٥-١٩٩١).

## بنكەی رۆشنبیری ئەرکی نوێ لە سوید

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٨٧)، بنکەی رۆشنبیری ئەرکی نوێ ی لە سوید دامەزراند، ئەو دەستەیەی، کە سەرپەرشتی ئەو بنکەیەیان دەکرد لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٨٧) تا هەمان مانگی ساڵی (١٩٨٨) بڵاوکراوەکیان بەناوی "ئەرکی نوێ" دەرکردووە و (٦) ژمارەیە. ئەو بنکەیە سەرەڕای دەرکردنی بڵاوکراوەی (ئەرکی نوێ)، گرنگی بە چاپکردنی کتێبیش داوە. (مەحموود مەلا عززەت، شێرکۆ بێکەس، رێکەوت عوسمان) سەرپەرشتیاریی بنکەکەیان دەکرد. ئەمە چەند کتێبێکە، کە لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ناوبراوە و زۆربەیان لە چاپخانەی شەهید جەمال تاهیر چاپکراون:

- أغد وديمقراطي وحرمان شعب حتى من حق الحلم؟: ئەم کتێبە مام جەلال نووسیویەتی، بۆ یەکەمینجار لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٨٨) لە شاخ چاپکراوە، بریتییە لە (٤١٢) لاپەڕە. پاشان ساڵی (١٩٨٩) لە سوید وەک یەکێک لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان/ بنکەی رۆشنبیری ئەرکی نوێ چاپکراوەتەوە، چاپەکەی شاخ ناوی مام جەلال-ی بەسەرەوە نییە، ئەوەی سوید لە چاپە ئۆرجیناڵەکەیدا ناوی مام جەلال نووسراوە، بەڵام، کە خراوەتە بەردەم خوێنەران، ناوی مام جەلال بەهۆی جێگیرکردنی لەتە کاغەزێک شاردراوەتەوە و کراوەتە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆتە خاوەنی کتێبەکە.

- سەرنج: ئەم کتێبەش یەکێکە لە بڵاوکراوەکانی بنکەی رۆشنبیری ئەرکی نوێ و ساڵی (١٩٨٩) چاپ و بڵاوکراوەتەوە، کتێبەکە لە نووسینی "رەوا"یە، واتە "رێکەوت عوسمان" لە پێشەکی کتێبەکەیدا ئەم پەرەگرافەی نووسیوە؛ "سەرنج؛ تێبینی و روانینی شەخسی تاکە کەسێکە، لێکدانەوەی هەندێ باسی سیاسی ناوەڕۆکی بابەتەکانن، تەقەلایەکە بۆ کردنەوەی دەرگەی گفتوگۆ و خۆشکردنی زەمینەی لێدوانێکی زانستیانە لەسەر ئەو

بابەتانەی جێی مشت و مڕو و لێکۆڵینەوەن، ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی بابەتی بنچینەی زانستی و دیموکراسیەتە". کتێبەکە بریتییە لە (٥٠) لاپەرە.

– الجبهة الكردستانية العراقية، ميثاق الجبهة و نظامها الداخلي: یەکێکە لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ڕۆشنبیری ئەرکی نوێی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بریتییە لە (٣٠) لاپەڕە، وەک چۆن لەسەر بەرگەکەیدا هاتووە، دەقی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی بەرەی کوردستانی تێدا بڵاوکراوەتەوە، بە زمانی عەرەبییە.

– ڕاپەڕینی کوردان لە ساڵی ١٩٢٥: "ڕاپەرینی کوردان ساڵی ١٩٢٥ بە سەرکردایەتی شێخ سەعیدی پیران". ئەم کتێبە بەشێکی کتێبەکەی م.ا.حەسرەتیان- كردستان تورکیا بين الحربين. وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: سەعدەدین مەلا و باقی نازێ. سەربەست کەرکوکی لە زمانی عەرەبی بۆ سەر زمانی کوردی وەریگێڕاوە و وەک بڵاوکراوەیەکی تری بنکەی ڕۆشنبیری ئەرکی نوێ ساڵی (١٩٩٠) چاپکراوە. (٤٨) لاپەڕەیە. ئەم کتێبە بەسەر ئەم ناونیشانەدا دابەشکراوە: خۆئامادەکردن بۆ ڕاپەرینەکە. ڕێڕەوی ڕاپەڕینەکە. تەقەڵا و یاسا سوپاییەکانی ڕژێمی تورک بۆلەناوبردنی ڕاپەڕینەکە. هۆکانی سەرنەکەوتنی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید. گرتن و بەدادگادانی ڕابەرانی ڕاپەڕینەکە. مۆرک و ڕوخساری ڕاپەڕینەکە.

## كراس دەوری حول القضية الكردية في صحافة العالم

مام جەلال لە نامەکانیدا، دووبارە و چەند بارەی کردۆتەوە، کە پێویستە لە تاراوگە یەکێتیی بڵاوکراوەیەک بۆ بژاردەی ڕۆژنامەکانی جیهانی چاپ و بڵاوبکاتەوە، بۆ ئەو بابەتانەی، کە تایبەتن بە کێشەی کورد و خەڵکی کوردستان. ئەم کتێبەی لێرەدا وردەکارییەکانی دەخەینەڕوو، تەنیا نمونەیەکە لەو دەیان کتێبانەی، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چاپ و بڵاویکردوونەتەوە؛ ناونیشانی کتێبەکە: "سەبارەت بە کێشەی کورد لە ڕۆژنامەکانی جیهاندا"، "كراس دەوری حول القضية الكردية في صحافة

العالم“، کۆمیتەی ئەورووپا-ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ساڵی (١٩٧٩) بڵاویکردۆتەوە و بریتییە لە (٤٤) لاپەڕە، قەبارەکەی ئەی فۆڕە و بە زمانی عەرەبییە. بابەتەکان بە زمانی عەرەبی و هۆڵەندی، ئینگلیزی و فارسین. ئینگلیزی و هۆڵەندی و فارسییەکان بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕدراون، یاخود ئامادەکراون. ئەمەش ئیندێکسی بابەتەکانە: (وشەیەک. دوو شەڕی ناوخۆ لە ئێران، هێزەکانی حکومەت شەڕی (دیموکراتیخواز و کورد) دەکات. لە پێناوی بەرگرتن لە دژە شۆڕش، ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی یەکگرتوو و هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە عەلمانییەکان لە بەرەیەکی نیشتمانیدا. گفتوگۆی دیموکراتی تاکە چارەسەری داواکراوە لە ئێراندا. ئیمپریالیەت تا ئێستا ماوە. تاران هەموو رۆژنامەکانی ئۆپۆزسیۆن قەدەغە دەکات. خومەینی؛ یاخیبوونی کورد لە گۆڕ دەنێین. دیوارێکی خەڵکی کورد بەرامبەر بە زرێپۆشەکان لە گوندێکی ئێراندا. خومەینی لێبوردن بۆ کوردە یاخییەکان دەردەکات. کورد ماندەگرێت. خوێندکارانی کورد دەستبەسەر کۆنسولخانەی ئێران دا دەگرن. خومەینی بە توندی رووبەڕووی یاخیبوونی کورد دەبێتەوە. لە کاتێکدا وەفدی کورد پڕۆژەی ئاشتی پێشکەش دەکات خومەینی گرفت بۆ گفتوگۆ درووست دەکات، خومەینی ئاواتی ئاشتی لە کوردستان دەکوژێت. سازدانی کۆنفرانسێکی جیهانی سەبارەت بە کورد رێگایەکی درووستە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکان. ئێران دەبابەکانی جولە پێدەکات تا وا لە کورد بکات تەسلیم بێت. سوپای ئێران هەڕەشەی بۆردومانی کورد دەکات. گەلی کورد (٦٠٠٠) ساڵە لێرە دەژیت. ئەجەڤیت بەهۆی کورد لە دۆخێکی ناخۆش دایە. وتەبێژێک بەناوی کورد لە عیراق؛ ئۆتۆنۆمی بەبێ دیموکراتی نایەتەدی. بەرامبەر بە رووداوەکانی کورد لە ئێراندا، تورکیا نیگەرانە. یەکێتیی سۆڤیەت یارمەتی کورد دەکات. هێزەکانی ئێران چوونە ناو شاری مەهاباد. لە سێدارەدانی (٣) دیموکراتیخواز لە مەهاباد. راپۆرتێک لە ئێرانەوە سەبارەت بە بارودۆخی هەرێمە کوردییەکان. چاوپێکەوتنێک لەگەڵ دکتۆر رەحیمی قازی. یەکێتیی سۆڤیەت و جەلال تاڵەبانی پەیوەندییان بە رووداوەکانی کوردستان نییە“. ناونیشانەکان

بەشێکن لە هەواڵ و ڕووداوەکانی ساڵی (١٩٧٩)، ئەم کتێبە وەک بەڵگەنامە بۆ توێژەران زۆر گرنگە

لە لاپەڕەی سەرەتای کتێبەکەدا بە ئیمزای کۆمیتەی لقی ئەورووپای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وتەیەک نووسراوە و لە دەستپێکدا هاتووە: "کە بیرمان لەو دەستپێشخەرییە کردووە، سەرەتا وامانزانی بە ئاسانی جێبەجێدەکرێت، بەڵام لە پراکتیکدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک گرفت بووینەوە، دیارترینان کۆکردنەوەی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤار و بەڵگەنامانەن، کە گوزارشتیان لە رایگشتی و بیروڕا و هەڵوێستە جیاوازەکانی ڕێکخراو و هێزە سیاسییەکان لە جیهاندا بەرامبەر بە کێشەی کورد دەکرد و کارێک بوو پێویستی بە کات و سۆراغکردنی سەرچاوەی هەمەجۆر هەبوو، ئەگەر بمانەوێت بابەتیانە کاربکەین بۆ دەرخستنی بیروڕا و هەڵوێستی جیاواز، پێوستە بەدوای ئەو سەرچاوانە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و... هتد بگەڕێین، کە بە وردی گوزارشت لەبیروڕا و هەڵوێستەکان دەکەن. گرفتێکی دیکە لە وەرگێڕانی دەق، یان بڕگەی وتار و لێدانەوەکان بوو، کە بە چەندان زمان بوون. ئەم نامیلکەیە بریتییە لەو وتار و لێدوان و شرۆڤانە، کە لە ڕۆژنامە گەورەکانی جیهان بە تایبەتیش لە ئەورووپا سەبارەت بە کیشەی کورد، هەروەها لە ئێران بڵاوبونەتەوە، ئامانج لەم نامیلکەیەدا بریتییە لە کۆکردنەوەی ئەو نووسینانەی، کە سەبارەت بە گەلی کورد و بزووتنەوە رزگاریخوانەکەی نووسراون. لە مانگەکانی دوایدا هەواڵەکانی کوردستانی ئێران و دۆخەکە لاپەڕەی یەکەمینی ڕۆژنامەکانی جیهانی بۆ خۆی بردووە، بابەتی باش بوون بۆ کۆکردنەوە لەم نامیلکەیەدا" لە بڕگەی کۆتایی نووسینەکەدا نووسیویانە؛ "ئەو بابەتانەی لەم نامیلکەیەدا هاتوون گوزارشت لە هەڵوێست و بیروڕای یەکێتیی ناکەن، بەڵکو گوزارشت لە بیروڕا و هەڵوێستی سەرچاوە هەمەجۆرەکانی نامیلکەکە دەکەن. ئەم پێشەکییە سەرەتای مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٧٩) نووسراوە.

ئەم هەواڵەش لەو نامیلکەیە وەردەگێرم، هیوادارم لە دەرفەتێکدا، بتوانرێت، هەموو بابەتەکان بە وەرگێڕدراوی لە کتێبێکی سەربەخۆدا چاپبکرێنەوە: "ڕۆژی ١٩٧٩/٩/٢ ڕۆژنامەی DIE PRESSEی نەمسایی

دیداریکی لەگەڵ نەوشیروان مستەفا بڵاوکردۆتەوە، ئەمە چەند دێڕێکە لەو دیدارە: نەوشیروان مستەفا ئەمین ئەندامی دەستەی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەو ڕێکخراوەی، کە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانی عیراق دەکات، لە کورتە سەفەرێکی سەردانی نەمسای کردووە، نەوشیروان مستەفا پێشتر خوێندکار بووە لە نەمسا، ساڵی ١٩٧٦ وازی لە خوێندن هێناوە بۆ کوردستان گەڕاوەتەوە، تا بەشداری لەگەڵ پێشمەرگەدا بکات لە شۆڕشی گەلەکەیدا، هەروەها لەو سەردانەیدا بەشداری لە کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی نیشتماندا دەکات، کە لە گراتس بەڕێوەدەچێت. ئەمین روونی کردۆتەوە، کە حزبەکان لە کوردستانی عیراق، یاخود ئێران داوای جیابوونەوەیان نەکردووە، بەڵکو داوای ئۆتۆنۆمیان بۆ کوردستان کردووە، ئەو ئامانجەش بە بێ دیموکراتی نایەتەدی. رژێمی عیراق بەردەوامە لەسەر فراوانکردنی شەڕی لەناوبردنی گەلی کورد، وەک چۆن لە رابردوودا بەردەوام بووە، ئەزموونەکانی رابردوو لەگەڵ رژێمی بەعس لە عیراقدا فێرمان دەکات، کە هیچ خێرێک لەم رژێمەش چاوەڕێ نەکەین. ئەمین لە درێژەی دیدارەکەدا دەڵێت: "دەبێت چاوەڕێی لێکنزیک بوونەوەی سەدام حوسێن و خومەینی بکەین، کە ئامانجیانە تورکیاش پێیان پەیوەست بێت، وەک ئەوەی لە جەزائیر ساڵی ١٩٧٥ روویدا". هەروەها دەڵێت: "یەکێک لە بەندە نهێنییەکانی ئەو ڕێککەوتنە، کە ئێران، ئۆتۆنۆمی بە کوردی ئێران نەدات". سەردانی سوپاسالاری تورکیا بۆ عیراق، پاشان بۆ ئێران بۆ هەمان مەسەلە بووە، هەروەها بۆ درێژکردنەوەی حوکمی عورفی بووە لە پارێزگاکانی رۆژهەڵاتی تورکیا، کە کوردی لێ دەژیت.



# حول الحركة الثورية والتحررية للشعب الكردي
# في كردستان العراق

## بزوتنەوەی شۆرشگێری و رزگاری خوازی گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا

من مطبوعات الاتحاد الوطني الكردستاني - فرع امريكا الشمالية -

العدد (٢)

لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان - لقی ئەمریکای باکوور

ژمارە (٢)

السعر - ٢ - دلار

نرخ - ٢ - دولار

يرجى ارسال المعونات والمراسلات على العنوان التالي :

تکایە یارمەتی ونامە بەم ناونیشانەی خوارەوە بنێرن :

PUK,
C/O P.O. Box 72,
East Amherst,
N.Y. 14051

**کتێبێکی دەوڵەمەند لە دەستپێکی شۆڕشی نوێدا**




نووسینی جەلالی میرزا کەریم لە چاپخانەی شەهید ئارام چاپکراوە



REVOLUTION

IN

KURDISTAN

THE ESSENTIAL DOCUMENTS OF THE PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN (PUK)

PUK - Publications,
No. 1 - Jan. 1977,
Price: $ 1.00

شۆڕش لە کوردستان لە ئەمریکا چاپکراوە




له بڵاوكراوەكانی لقی ئەوروپای یەكێتی




توێژینەوەیەکی گرنگی مام جەلال، دووەمین چاپی لە سوید کراوە




كراس دوري حول القضية الكردية في صحافة العالم يصدره
الاتحاد الوطني الكردستاني - لجنة فرع اوروبا
ثمن النسخة في أوروبا ٨ ماركات ألمانية أو ما يعادلها


KURDISTAN TOILERS LEAGUE

(KTL)

PROGRAMMES FOR

NATIONAL LIBERATION

&

SOCIAL PROGRESS

FOR THE PEOPLE

OF KURDISTAN.

هەردوو چارەسەرەکەی کۆمەڵەی رەنجدەران بە ئینگلیزی

# بەشی حەوتەم؛

# چەتر و سێبەرەکانی یەکێتیی

## دەسپێک

پەیوەندی کورد لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەورووپی و ئەمریکی لە دەستپێکدا لە زۆربەی وڵاتاندا تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، لەسەر ئاستی تاکەکەس بووە، بەتایبەتیش ئەو چەند خوێندکارەی، کە روویان لە تاراوگە کردبوو بەهۆی خوێندن و سەردان و گەشت.

تێکەڵاوبوونی هەردوو کۆمەڵگەی کوردی و ئەورووپی زۆر بەدرەنگەوە بووە، تا ئێستاش چەند وڵاتێکی ئەورووپی گلەیی لە پەنابەران دەکەن و دەڵێن تێکەڵاو بە کۆمەڵگەکەمان نابن، بەڵام تا ئێستا زیاتر لە پێنج نەوەی خێزانی کورد لەو وڵاتانە دەژین و زۆربەیان تێکەڵاو بە کۆمەڵگەکان بوونە، ئەمە و زۆربەشیان زمان و کولتوری کوردییان پاراستووە.

بەرێکخراوبوونی کورد لە دەرەوە پێش چوونی حزب و رێکخراوە سیاسییەکان بووە، سەرەتا دەستەبژێرێک ئەو پەیوەندییانەیان دامەزراندووە، دەستە و رێکخراوی دۆستایەتییان دروستکردووە. کۆتایی پەنجاکان، بەتایبەتیش لە سەرەتای شەستەکاندا حزبی کوردی لە تاراوگەدا، هەوڵیداوە رێکخراوی کوردیی دروست بکات بۆ چالاکی نواندن و پەیوەندی بەستن لەگەڵ وڵاتاندا، لەو رووەوە نابێت رۆڵی «کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا KSSE“ فەرامۆش بکرێت و بەهەند وەرنەگیرێت، کە بنەمای ئەو پەیوەندییانە ئەوان دایانڕشت و کۆمەڵێک کەسایەتی، ئیدارەی چالاکییەکانی ئەو رێکخراوە خوێندکارییەیان دەکرد.

ساڵی (١٩٧٥)، وێستگەیەکی دیکە، لە خەباتی دامەزراندنی کۆمەڵە و دەستەی کوردی هاتە ئاراوە، بەڵام دوای (١٩٨٠) چالاکی ئەو رێکخراوانە گەشەی زیاتر دەکات و بەرهەمیان زۆرتر دەبێت. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە وڵاتاندا چەندان رێکخراوی دروستکرد، ئەمە و بێجگە لە ”کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات- ئەکسا ١٩٧٦-

١٩٨٩“، که یەکێتیی پێگەیەکی بەهێزی لەو ڕێکخراوەدا هەبووە.

**ئەو ڕێکخراوانە بۆ؟**

سیستەمی سیاسی لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا شتێکی تێدانییە بۆ ئازادی کارکردنی حزب و ڕێکخراوی سیاسی وڵاتانی دیکە، لەسەر خاکی وڵاتەکانیاندا. سیستەمی بەڕێوەبردن لەو وڵاتانەدا بەشێوەیەک داڕێژراوە بە ئاشکرا و ڕەسمی لەگەڵ هیچ حزب و گروپێکی سیاسی لەو وڵاتانەدا پەیوەندی گرێنادات، کە وەک ئۆپۆزسیۆنی چەکدار و قەدەغەکراو لە وڵاتەکانی خۆیاندا خەبات دەکەن و لەسەر خاکی ئەو وڵاتانەدا خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆیان بەڕێوەببەن، بەڵام دەریچەیەک هەیە، کە لە ڕێگەی ڕێکخراوی کولتوری و کۆمەڵایەتی و خوێندکاریی دەتوانن وەک سێبەر و چەتر سوودیان لێ ببینین و مۆڵەتی کۆبوونەوە و کۆڕ و خۆپیشاندان وەربگرن، هەروەها لەناوچوارچێوەی ئۆفیسی ئەو ڕێکخراوانەدا دەتوانن چالاکییە حزبییەکانیان بەڕێوەببەن. ئەم ڕێکخراوانە ساڵانە ڕاپۆرتی خۆیان بەلایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەو وڵاتانە دەدەن، بەمەبەستی وەرگرتنی بودجەی ساڵانەیان.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا لەو چەشنە ڕێکخراوانەی دروست کرد، بەتایبەتی لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا، لە زۆربەی وڵاتاندا چەندان ڕێکخراوی دروستکرد، پێشتر بۆ بەڕێوەچوونی چالاکییەکانیان سوودیان لە لقەکانی «کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات- ئەکسا» دەبینی، پاشتریش بەهەمان شێوە، لقەکانی ئەو ڕێکخراوە ڕۆڵیان دیاربووە لە چالاکییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دا.

ئەم کتێبە فریای نووسینی مێژووی ئەو هەموو ڕێکخراوانە ناکەوێت، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەک ڕێکخراوی چەتر و سێبەر بۆ بەڕێوەچوونی چالاکییەکانی لە تاراوگەدا دروستی کردوون، بەڵام دەکرێت

ئاماژە بە چەند ڕێکخراوێک لەو ڕێکخراوانە بدەین.

**– کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات– ئەکسا**

هەرەسی (١٩٧٥)، وەستانێکی کاتی بوو بۆ کایەکانی ژیانی تاک و بە کۆمەڵی کورد، وەک چۆن کوردستان تەمێکی رەش دایگرت، لە تاراوگەشدا، تاکی کورد، بەردەوام ئەم پرسیارەی دەکرد. بۆچی؟ ئەمە چی بوو روویدا؟ بۆ نموونە ڕێکخراوێکی گەورە و خاوەن پێگەی وەک «کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا KSSE»ی شڵەژاند و پەرتیکرد. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە یەکەمین نووسراوی فەرمیدا بۆ کەسایەتی و یەکێتییەکان، کە رۆژی (١٩٧٥/٧/٧) دەرچووە داوا دەکات، «پاراستنی یەکێتی کۆمەڵە شتێکی زۆر پێویستە بۆیە ئەبێ زۆر هەوڵدەین تاکو کۆمەڵە پارچە پارچە نەبێت».

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا KSSE لە ماوەی (١٩٥٦–١٩٧٥) شانزدە کۆنگرەی گرێدا، کۆنگرەی حەڤدەمینی لە رۆژی (٢٧ تا ٣١ی مانگی ئابی ساڵی ١٩٧٥) لە بەرلینی رۆژئاوا سازکرد، کاریگەرییەکانی شکستی خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان هەر لە یەکەم ساتی دەستپێکردنی کاروبارەکانی کۆنگرەکە رەنگی دایەوە و زۆربەی ئەندامان رەخنەیان لەو سەرکردایەتییە دەگرت، کە بزووتنەوە چەکدارییەکەی باشووری رووبەڕووی شکست کردەوە. کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە کۆنگرەکەدا لێکترازا، باڵە زۆرینەکەی ئەندامانی کۆنگرەی حەڤدەمین هەڵوێستیان وەگرت، هەر زوو دەستیان بە دیدار و کۆبوونەوە کرد لەپێناوی خۆسازدان بۆ کۆنگرەی حەڤدەمین، ئەوان کۆنگرەکەی بەرلینی رۆژئاوایان بە ناشەرعی دەزانی. لیژنەیەکی ئامادەکردنیان بۆ کۆنگرە پێکهێنا، کۆنگرەی حەڤدەمینی خۆیان لە رۆژانی (١٣ تا ١٧ی مانگی ئابی ١٩٧٦) لە شاری فرانکفورت سازکرد. کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی

ولآت ناوەکەی بە زمانی ئینگلیزی بریتییە لە Association of Kurdistan Students Abroad کورتکراوەکەی کراوەتە AKSA بە زمانی کوردیش زیاتر بە (ئەکسا) ناوی هاتووە، ئەم ریکخراوە دوای ساڵی (١٩٧٥) یەکێک بوو لە ریکخراوە هەرە چالاک و گەورەکانی خوێندکاران لە دەرەوەی ولآت، لقی لە زۆربەی هەرەزۆری ولآتانی ئەوروپا و یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکادا هەبوو، ئەگەرچی وەک ریکخراوێکی نزیک لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان باسی لێوە کراوە، بەڵام سەرکردە و ئەندامانی چەندان حزب و هێزی کورد و کوردستانی لە ریزەکانی ئەکسا کاریان دەکرد و ئەندامی چالاک بوون لە ریکخراوەکەدا، تا ساڵی (١٩٨٩)، ساڵانە کۆنگرەی خۆی بەڕێوەبردووە، بە بڕیارێکی بەرەی کوردستانی، زۆربەی هەرەزۆری ریکخراوە کوردی و کوردستانییەکان یەکیانگرتەوە، کۆمەڵەی خوێندکارانیش چووە ژێر فەرمانی ئەو بڕیارە.

ساڵانی (١٩٧٦) تا (١٩٨٨) ئەو کۆمەڵەیە بووە چەترێکی گەورە بۆ چالاکییە ریکخراوەییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەتایبەتیش دوای ئەوەی نوێنەری دوو حزبی باکوور لە دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵەکە کشانەوە، ئەوە قسەی من نییە، بەڵکو بەڵگەنامەکان گەواهیی دەدەن، کە چالاکترین ریکخراوی خوێندکاریی بووە لە ئەوروپا و تا ئاستێک لە ئەمریکاشدا. بۆ پەیام و ئەرک و بەرهەمەکانی (ئەکسا) دەکرێت سەیری ئەم کتێبەم بکرێت. (نەوزاد عەلی ئەحمەد، کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی ولآت، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری، سلێمانی ٢٠٢٢). ئەم ریکخراوە لقی لە زۆربەی ولآتانی ئەوروپا و ئەمریکا هەبووە، ئەو لقانە خاوەنی ئەرشیفێکی دەوڵەمەندن، لە ئەرک و کاردا.

### – کۆمەڵەی گەلی کوردستان لە سوید

سەرەڕای بوونی لقی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لە سوید، لقێکی چالاکیش بوو، بەڵام یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە زۆربەی وڵاتاندا، دەستی بە پێکهێنانی کۆمەڵە و ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی و کولتوری کرد، چونکە یەکێتیی نەیدەویست، کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان بۆ هەموو چالاکییەکانی بەرکاربهێنێت.

لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٨١) یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە وڵاتی سوید کۆمەڵەیەکی بەناوی (کۆمەڵەی گەلی کوردستان) دامەزراند، عەبدولرەزاق فەیلی بەهاوکاری چەند ئەندامێکی یەکێتیی ڕۆڵی دیاریان هەبوو لەو دامەزراندنەدا. ئەو کۆمەڵەیە لە سەرەتاکانی ساڵی (١٩٨٢) دەستی بە چالاکی کردووە وەک: سازکردنی کۆڕ و کۆبوونەوە و ڕێپێوان و خۆپیشاندان و بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی و دەرکردنی بەیاننامە. بۆ ئەو دۆخەی ئەوێ ڕۆژێ، کە کۆمەڵەکەی لێدامەزراوە، لە ژمارە (١) ی بڵاوکراوەی (ئاشتی)دا نووسراوە: (ناوەڕۆکی پێشکەوتنخوازانەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردمان لەپاش هەڵگیرساندنی شۆڕش لە ساڵی (١٩٧٦)وە چەندین پێداویستی لەگەڵ خۆیدا هێنایە مەیدانی خەباتەوە، کە بێ گومان شۆڕش خۆی زەمینەکەبوو، خەباتکردن بەتایبەتی خەباتی دیموکراتی و پێشکەوتنخوازانەی ئەو کوردانەی لە دەرەوە، یان دەرەوەی سنووری کوردستان بوو بە خاڵێکی گرنگ لەو پێداویستیانە بە لاوان و خوێندکاران و ئافرەتان و.. هتد، بۆیە کۆمەڵەی گەلی کوردستان لە سوید وەک ڕەنگ دانەوەیەکی سروشتیانەی سەرەتا پێشکەوتنخوازەکانی شۆڕش هاتە مەیدانی خەباتی جەماوەرییانەی کوردستان لە دەرەوەی وڵات). ئەو کۆمەڵەیە تا ئێستاش بەردەوامە و زۆربەی چالاکییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەژێر چەتری ئەم کۆمەڵەیە لە ستۆکهۆڵم بەڕێوەدەچێت، لە

شارەکانی دیکەشدا، کۆمەڵەی هاوشێوەی هەیە.

کۆمەڵەی گەلی کوردستان ساڵی (١٩٨٣) دوو ژمارە لە بڵاوکراوەیەک بەناوی (ئاشتی) دەردەکات. ئەم دروشمە لەسەر بڵاوکراوەکەدا نووسراوە: «بەرەو ئاشتییەکی رەوا و ئاسوودەیی گەلان». ئەمەش ئیندێکسی ئەو بابەتانەیە، کە لە هەردوو ژمارەکەدا بڵاوکراونەتەوە:

* ژمارە (١) ساڵی ١٩٨٣ دەرچووە، بریتییە لە (٦) لاپەڕە:

ناونیشانی بابەتەکان: (پێویستی هاتنەکایەی کۆمەڵەی گەلی کوردستان. بۆچی ئاشتی؟!. ئاشتی و خەباتی گەلان. با لە پێشمەرگەوە دەرسی ورە بەرزی فێربین. شۆڤێنیزم بە شۆڤێنیزم چارەسەر ناکرێت).

* ژمارە (٢) ساڵی ١٩٨٣ دەرچووە، بریتییە لە (٨) لاپەڕە.

ناونیشانی بابەتەکان: (کام ئاشتی. پروپاگەندەکان چی دەگەیەنن. دیموکراسیەتی شەرمەزاری. ئەی سەدام پاساری چەند قادسیەیەکی نازداری. با لە ئاستی فیداکاری پێشمەرگە دابین. ئاشتی لەڕوانگەی شەهید-ئارام-ەوە. ئاوڕدانەوەیەک لە کوردستانی بەشی تورکیا). ئەم کۆمەڵەیە، چەند ساڵێک لە ستۆکهۆڵم، هەفتەی یەک رۆژ و بۆ ماوەی کاتژمێرێک، یاخود زیاتر بەرنامەی رادیۆشی هەبوو، لەکاتی تەنگژەکانی کوردستاندا، بەئاشکرا بەرگری لە سیاسەتەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکرد.

## - مەڵبەندی کوردی و یانەی کوردی لە هۆڵەندە

لە هۆڵەندا ساڵی (١٩٨٤) بە هەوڵی شازاد شائیب (مەڵبەندی کوردی لە ئەمستردام) دامەزراوە و چالاکییەکانی یەکێتیی لەو وڵاتەدا لەژێر چەتری ئەو رێکخراوە بەڕێوەدەچوون. دوایی هەر لە هۆڵەندا لایەنگر و دۆستانی (ئاڵای شۆڕش) رۆژی (١٩٨٩/١٢/٢٢) رێکخراوی (یانەی کوردی)یان دامەزراندووە، تا ساڵی (١٩٩٣) ئەم رێکخراوە دژە یەکێتیی بوو، دوایی کەوتەژێر دەسەڵاتی کادرانی یەکێتیی، بەڵام وەک چەتری

چالاکییەکانی بەکاریناهێنێت، ئەوە نەبێت، کادرەکانی کەسایەتی میدیا دیارن و لەبۆنەکاندا دەزانرێت ئەمانە میدیا بەڕێوەدەبەن. پێشتر میدیای کوردی لە چەندان شاری هۆڵەندا هەبوو، ئێستا تەنیا لە ئەمستردام و ڕۆتردام ماوە، میدیای ئەمستردام دوو بڵاوکراوە دەردەکات، بڵاوکراوەی (میدیا) (١٧) ژمارەی لێدەرچووە و بەردەوامە، (ژمارە١، کانوونی دووەمی ١٩٩١) و ژمارە (ژمارە ٢، نیسانی ١٩٩١) دەرچووە. (دەنگی میدیا)یش ژمارە ١ لە حوزەیرانی ١٩٩٧ دەرچووە، یانەی کوردی لە ڕۆتردام دەریکردووە، لە (١٢٧) ژمارەی بڵاوکراوەی (بێوار)دا، تەنیا لە ژمارە (١- ٦) بە کۆمەکی ئەو یانەیە دەرچووە، ئەم بڵاوکراوەیە لە ساڵی (١٩٩٦-٢٠٠٧) هیوا سەرهەنگ لە ڕۆتردام دەریکردووە. ئەمە و  یانەی کوردی لە ڕۆتردام ماوەیەک هەفتانە بەرنامەی رادیۆشی هەبوو. (چاوپێکەوتن لەگەڵ سەردار فەتاح، لە ڕێگەی تەلەفۆن، ٢٠٢٦/١/٢٤).

**- مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان لە بەرلین**

یەکێک لە ڕێکخراوە هەرە چالاکەکانی ئەورووپا، مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان بووە، خاوەنی سەدان کار و بەرهەمە ( ئەم مەڵبەندە ساڵی ١٩٩٦ دامەزراوە، ساڵی ١٩٩٧ یەکەمین کۆنفرانسی خۆی ساز کردووە، دوای ساڵی ٢٠١٠ لە چالاکی کەوت و هەڵوەشایەوە). لە ئۆفیسەکەیاندا کاتی خۆی کتێبخانە و ئەرشیفێکی دەوڵەمەندیان هەبوو لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە، کە هەندێکیان زۆر دانسقە بوون، نازانم چارەنووسی ئەو کتێبخانەیە چی لێهاتووە! ئەو مەڵبەندە ساڵی (١٩٩٩) بۆ یەکەمجار چوار لە بەرهەمەکانی نەوشیروان مستەفا ئەمین چاپ و بڵاودەکاتەوە.  ئاوەدانی بڵاوکراوەی تایبەت بەخۆیان هەبووە، کە چالاکییەکانی ئاوەدانی تیایە بڵاوکردۆتەوە. بڵاوکراوەکە ناوی (ئاوەدانی)یە، (ژمارە ١، ئازاری ١٩٩٨) و (ژمارە ٦، ئەیلول و تشرینی یەکەمی ١٩٩٨) دەرچووە، پێشڕەو سەید

برایم سەرپەرشتی دەرچوونی کردووە. ئەمە و لە ژمارە (٢٩)ەوە ئەرکی چاپکردنی رۆژنامەی (سەکۆ) دەکەوێتە سەر مەڵبەندی ئاوەدانی، ئەو رۆژنامەیە (ژمارە١، تشرینی دووەمی ١٩٩٦) دەرچووە و ژمارە (٥٠) دوا ژمارەیە و (تەمووزی ٢٠٠١) چاپ و بڵاوبۆتەوە. ئەم رۆژنامەیە پێشرەو سەید برایم و عەبدولموئمین دەشتی سەرپەرشتی دەرچوونیان کردووە.







**دوو کارتی کۆمەڵەی خوێندکاران «ئەکسا» بۆ دوو بۆنەی جیاواز**

...بە هەزاران هەزار دەست و تفـەنك
هەلدەگیرسینینەوە مەشخەلی جەنك...



هاوری شەهاب شیخ نووری
شەهیدی ریگای رزگاری گەل

**Kurdish Revlutionarv Martvr**
**Camrade SHEHAB SHEKH NOURI**

کومەلەی خویندکارانی کوردستان لە دەرەوەی ولات

**شەهید شەهاب لە بڵاوکراوەیەکی کۆمەڵەی خوێندکاران «ئەکسا»**




**یەکێک لە چالاکییەکانی کۆمەڵەی گەلی کوردستان لە کوردستانی نوێ**

# پوختە و ئەنجام

- کۆچی کورد بۆ تاراوگە، سەرەتا بە تاک و پاشان دەبێت بە گرووپ. پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی رابردوو، کورد لە تاراوگەدا دەست بە چالاکی رێکخراوەیی دەکات.

- بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مانگی مایسی (١٩٧٥) لە دیمەشق دەنووسرێت و لە بەرلین خاڵی کۆتایی بۆ دادەندرێت، ئەو دوو شوێنە دەبن بە تەواوکەری یەک بۆ دامەزراندنی یەکێتی.

- مانگی تەمووزی هەمان ساڵ دەست بە خۆسازدان و کاری خۆ رێکخستن دەکرێت، کۆمیتەی لقی ئەورووپا دادەمەزرێنێت و رێکخراویش بۆ وڵاتان دادەندرێت.

- دۆخی دوای هەرەس لە بەرژەوەندی یەکێتی بوو، تا بە خێرایی کاروبارەکانی بەرەو پێشەوە بچن و خەڵکانێکی زۆر پشتیوانی لەو پرۆژە تازەیە بکەن، کە ناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو.

- کاری راگەیاندن، نەخشەی هەرە لە پێشینەی یەکێتی بوو لە تاراوگەدا، لە ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا چەندان گۆڤار و بڵاوکراوەی دەرکردووە، هەروەها چاپکراوەکانی ناوەوەش، ئەوانەی لە شاخ دەردەچوون جارێکی دیکە چاپدەکاتەوە و بە فراوانی دابەشدەکرێن.

- بۆ باشتر بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکادا رێکخراوی سێبەر دروست دەکات.

# سەرچاوەکان

## کتێب؛

سەلاح رەشید «ئامادەکردن»، مام جەلال دیداری تەمەن لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ٢٠١٧

Rohat alakom, Kurderna- Fyrtio år i Sverige ,Serkland Sweden

نەوزاد عەلی ئەحمەد، دەنگدان لە دەرەوە، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان، هەولێر، ٢٠١٥

نەوزاد عەلی ئەحمەد، بیبلیۆگرافیای رۆژنامەگەریی نهێنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ١٩٧٥-١٩٩١، لە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ، کەرکوک ٢٠١٤

نەوزاد عەلی ئەحمەد، پشکۆیەک لە خۆڵەمێشدا، بەشێکی گرنگ لە ژیاننامەی عومەر شێخمووس، یەکەم چاپ، سوید ٢٠١١

نەوزاد عەلی ئەحمەد، سەرەتای کاروانەکە، لە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوک ٢٠١١

نەوشیروان مستەفا ئەمین، لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی عیراق ١٩٧٥-١٩٧٨، بەرلین ١٩٩٩

## رۆژنامە و گۆڤار؛

چاوپێکەوتنی ستران عەبدوڵڵا لەگەڵ د.کەمال فوئاد، رۆژنامەی کوردستانی نوێ، رۆژی ١٩٩٦/٦/١٠

چاوپێکەوتن لەگەڵ د. کەمال فوئاد، یەکەمجار بە زمانی عەرەبی لە هەفتەنامەی الاتحاد بڵاوبۆتەوە، پاشان بە زمانی کوردی لە گۆڤاری ڕێبازی نوێ، ژمارە ١٩ی مانگی حوزەیرانی ٢٠٠٠ بڵاوبۆتەوە.

د. خدر مەعسوم، دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ڕۆژی ٢٠٢٥/٥/٢٧

ڕۆژنامەی ڕێبازی نوێ، لە ژمارە ٧ی ڕۆژی ١٩٨٩/٨/٥

**ئەرشیڤ؛**

ئەرشیڤی د. مۆفەق دەرگەڵەیی

دەفتەری یاداشتەکانی د. فوئاد مەعسوم ١٩٧٥/٣/٦

**چاوپێکەوتن؛** لەگەڵ سەردار فەتاح- هۆڵەندا، لە ڕێگەی تەلەفۆن، ٢٠٢٦/١/٢٤

**سایتی ئەلیکترۆنی؛** ئەنستیتیوی کورد لە پاریس

WWW.INSTITUTKURDE.ORG/EN/KURDORAMA

## کتێبە چاپکراوەکانی؛ نەوزاد عەلی ئەحمەد
## ١٩٨٥-٢٠٢٥

١- پۆلووی ژووری نووتەک، شیعر، چاپخانەی شەفیق، بەغدا ١٩٨٥

٢- ساکەدەشت، شیعر، بە یارمەتی ئەمیندارێتی گشتی رۆشنبیری و لاوان چاپکراوە، چاپخانەی حسام، بەغدا ١٩٨٨.

٣- مرۆڤ و تابووت، شیعر، هەولێر ١٩٩١

٤- یەکێتی نووسەرانی کورد، یان یەکێتی نووسەرانی کوردستان، لێکۆڵینەوە، هەولێر ١٩٩١

٥- بازنەکانی مردن، شیعرێکی درێژە، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر ١٩٩٣

٦- پاڵتۆی حزب، شیعر، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر١٩٩٥

٧- بەرەو سەرەتا، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی زاموا، دووەمین چاپ هەمان ساڵ لەسەر ئەرکی نووسەر، چاپخانەی روون، سلێمانی ١٩٩٨

٨- بیبلیۆگرافیای هەردوو گۆڤاری نووسەری کورد و نووسەری کوردستان، پرۆژەی هاوبەش لەگەڵ؛ یاسین قادر بەرزنجی، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی ١٩٩٨

٩- کێشەی ئاو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لێکۆڵینەوە- ئامادەکردن، لە بڵاوکراوەکانی بەشی ڕووناکبیری، مەکتەبی رێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سلێمانی ١٩٩٨

١٠- منداڵ و ئەدەب، لێکۆڵینەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی روون، سلێمانی ١٩٩٨. چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی سۆران لە هەولێر، ٢٠٠٦

١١- شەبەک (مێژوو، ئاین، سەرژمێر) لێکۆڵینەوە- وەرگێڕان، لە بڵاوکراوەکانی بەشی رووناکبیری مەکتەبی رێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سلێمانی ١٩٩٩

١٢- گۆڤاری گزنگ- لێکۆڵینەوە و بیبلیۆگرافیا، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ١٩٩٩.

١٣- مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و رۆژنامەی خەبات، لێکۆڵینەوە، سلێمانی ٢٠٠٠

١٤- کوردستانی نوێ- یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی راپەڕین، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ، سلێمانی ٢٠٠١

١٥- شۆڕشی رۆژنامە- رۆژنامەی شۆڕش، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، سلێمانی٢٠٠١

١٦- رابەری رۆژنامەگەریی نهێنی کوردی ١٩٦١-١٩٩١، بیبلیۆگرافیا، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی ٢٠٠١

١٧- رۆژنامەی کورد رۆژنامەی سێپتەمبەر، لێکۆڵینەوە، سلێمانی ٢٠٠٢

١٨- رۆژنامە و جەنگ، وتار، لە بڵاوکراوەکانی بەشی رووناکبیری مەکتەبی رێکخستنی یەکێتیی، سلێمانی ٢٠٠٣

١٩- رۆژنامەگەریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەرەوەی کوردستان، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ، سلێمانی ٢٠٠٤

٢٠- رابەری رۆژنامەگەریی نهێنی کوردی ١٩٢٣-١٩٦٠، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی٢٠٠٤

٢١- کێشەی ویلایەتی موسڵ لە دوو رۆژنامەی سلێمانیدا، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی شارەوانی سلێمانی، سلێمانی٢٠٠٤

٢٢- هونەرەکانی ئەدەب لە رۆژنامەگەریی نهێنی کوردیدا ١٩٦١-١٩٩١، لە بڵاوکراوەکانی زنجیرە کتێبی رووناکبیری مەکتەبی رێکخستنی یەکێتیی،

سلێمانی ٢٠٠٥
٢٣- ڕۆژنامە لە کتێبدا، بەرگی یەکەم، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی ٢٠٠٨
٢٤- ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا و ئەمریکادا ١٩٤٩- ١٩٩٠، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری کوردۆلۆجی، سلێمانی ٢٠٠٨
٢٥- ئەرشیفکردنی وێنە لە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریی، عامر ئیبراهیم قەندیلچی، وەرگێڕان، لە بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی ٢٠٠٨
٢٦- خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٨
٢٧- ئەستێرە؛ یەکەمین گۆڤاری نهێنی بۆ منداڵانی کورد، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کەرکوک ٢٠٠٨
٢٨- پارتی دیموکراتی کوردستان لەنێوان کوتەک و تەسلیم بووندا، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپی بەدرخان، هەولێر ٢٠٠٩.
٢٩- الصحافة الاتحاد الوطني الكردستاني في اوروپا ١٩٧٦- ١٩٨٣، من منشورات مركز ژين، سليمانية ٢٠٠٩
٣٠- کۆمەڵێک بەڵگەنامەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا ١٩٦٣- ١٩٧٣، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٩
٣١- ڕۆژنامە لە کتێبدا، بەرگی دووەم، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی ٢٠٠٩
٣٢- صحافة الحزب الديمقراطي الكردستاني، خارج الوطن "في الاشهر الأخيرة من ثورة أيلول" من منشورات مركز ژين، السليمانية ٢٠١٠
٣٣- پشکۆیەک لە خۆڵەمێشدا- بەشێکی گرنگ لە ژیاننامەی هۆمەر شێخمووس، سوید ٢٠١٠، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠١٨
٣٤- سەرەتای کاروانەکە، بەڵگەنامەی دانسقە، لە بڵاوکراوەکانی

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، سلێمانی ٢٠١١
٣٥- مافی چارەی خۆنووسین لە ئەدەبیاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادران- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سلێمانی ٢٠١١.
٣٦- هەواڵنامەی کوردستانی عیراق، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادران- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سلێمانی ٢٠١١
٣٧- خەبات، لسان الحزب الديمقراطي الكردستاني، السويد ٢٠١١
٣٨- کوردستان، گۆڤاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد ١٩٥٨-١٩٧٤، لە بڵاوکراوەکانی؛ پڕۆژەی هاوبەشی: ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادران- بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠١١.
٣٩- ئاڵا، بڵاوکراوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان/ ئەمریکای باکوور، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادران- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سلێمانی ٢٠١١
٤٠- کتێبێکی تر بۆ کوردستانی نوێ، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، سلێمانی ٢٠١٢
٤١- کۆمەڵە؛ ئۆرگانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادران و بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠١٢
٤٢- بیبلیۆگافیای کتێبی نهێنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سلێمانی ٢٠١٢
٤٣- چوار ڕۆژنامە لە چوار مەڵبەند، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سلێمانی ٢٠١٢.
٤٤- نووسەری نوێ؛ گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کوردستان/ لقی هەولێر "شاخ"، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد/ لقی هەولێر،

هەولێر ٢٠١٢

٤٥- ڕاپەڕین، ئۆرگانی کۆمەڵەی مارکسی-لینینی کوردستان/ ئەوروپا، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کەرکوک ٢٠١٣

٤٦- ئەرکی نوێ، بڵاوکراوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەوروپا، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کەرکوک ٢٠١٣

٤٧- هەواڵنامەی کوردستان لە ئەوروپا، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، کەرکوک ٢٠١٣

٤٨- ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چاپی یەکەم، بەرهەمی هاوبەشە لەگەڵ چەند کەسی دیکە، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هوشیاری و پێگەیاندنی کادیران- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سلێمانی ٢٠١٣

٤٩- کتێبی سەردەریا، شیعر، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد-مەڵبەندی گشتی، هەولێر ٢٠١٣

٥٠- بەشێک لە بەرهەمەکانی د.کەمال فوئاد، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر ٢٠١٣

٥١- ذ سپارک "SPARK THE"، ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە زمانی ئینگلیزی، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، کەرکوک ٢٠١٣

٥٢- ڕۆژنامە لە کتێبدا، بەرگی سێیەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی نما، هەولێر ٢٠١٣

٥٣- وەرەوە برادەر وەرەوە، نامەکانی عومەر شێخمووس بۆ شێرکۆ بێکەس، هەولێر ٢٠١٣

٥٤- بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی نهێنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

١٩٧٥-١٩٩١، له بڵاوكراوەكانی رۆژنامەی كوردستانی نوێ، كەركوك ٢٠١٤
٥٥- رۆژنامە لە كتێبدا، بەرگی چوارەم، لە بڵاوكراوەكانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر ٢٠١٤
٥٦- دەنگی یەكێتی، بڵاوكراوەی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان – لقی ئەوروپا، لە بڵاوكراوەكانی مەكتەبی راگەیاندنی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان، هەولێر ٢٠١٥
٥٧- الكادر، مجلة الحزب الديمقراطي الكردستاني، اربيل ٢٠١٥
٥٨- دەنگدان لە دەرەوە، لێكۆڵینەوە، لە بڵاوكراوەكانی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی كوردستان، هەولێر، ٢٠١٥
٥٩- كەمال، رێزلێنان لە شەست ساڵی خەباتی هەڤاڵ د. كەمال فوئاد، بە هاوبەشی لەگەڵ رۆژنامەی كوردستانی نوێ، لە بڵاوكراوەكانی لیژنەی ساڵڕۆژ، سلێمانی ٢٠١٥
٦٠- رۆشنبیری، بڵاوكراوەی یەكێتیی شۆڕشگێڕانی كوردستان، هەولێر ٢٠١٦
٦١- كتێبخانە، نووسینی: ئیبراهیم ئەمین باڵدار، ئامادەكردنەوە، هەولێر ٢٠١٦
٦٢- مجلة صرخة كردستان، المجلد الاول، من منشورات جريدة كوردستانى نوى، السليمانية ٢٠١٧
٦٣- مجلة صرخة كردستان، المجلد الثاني، من منشورات جريدة كوردستانى نوى، السليمانية ٢٠١٧
٦٤- رۆژنامە لە كتێبدا، بەرگی پێنجەم، لە بڵاوكراوەكانی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان- لقی سلێمانی، بە كۆمەكی بۆردی سلێمانی پایتەختی رۆشنبیری، سلێمانی ٢٠١٧
٦٥- دایە شیعر قەدەغەیە، شیعری شاعیری شەهید؛ بارزان عوسمان، ئامادەكردنەوە، سلێمانی ٢٠١٧

٦٦- بڵاوکراوەی ناوخۆی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری ئایدیا، سلێمانی ٢٠١٧

٦٧- بەشێکی تر لە بەرهەمەکانی د.کەمال فوئاد، کتێبی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر ٢٠١٧

٦٨- جمرة تحت الرماد، مذكرات عمر شيخمووس، ترجمة: ياسين حسين، السليمانية ٢٠١٧. طبعة ثانية، مصر القاهرة ٢٠١٨. طبعة ثالثة، قامشلو ٢٠٢١

٦٩- چریکەی کوردستان (گۆڤار)، بەرگی سێیەم، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، سلێمانی ٢٠١٨. دوو بەرگەکەی دیکە، یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی ساڵی ٢٠١١ ئامادەی کردووە و چاپی کردووە.

٧٠- ڕاپەڕین، گۆڤاری کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاویکردۆتەوە، سلێمانی ٢٠١٩

٧١- سەنگەر، گۆڤاری مەڵبەندی (٢)ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاویکردۆتەوە، سلێمانی ٢٠١٩

٧٢- سروشت، یەکەمین گۆڤاری نهێنیی زانستی منداڵان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاویکردۆتەوە، سلێمانی ٢٠١٩

٧٣- هەڵوێست، گۆڤاری مەڵبەندی (٤)ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاویکردۆتەوە، سلێمانی ٢٠١٩

٧٤- گۆڤاری پێشمەرگە، پاشکۆی گۆڤاری "ڕاپەڕین"ی هەولێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاویکردۆتەوە، سلێمانی ٢٠١٩

٧٥- ژیانی ڕێکخراوەیی مان، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاویکردۆتەوە، سلێمانی ٢٠١٩

٧٦- کوردستان، ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەیە ١٩٦١، بە هاوبەشی لەگەڵ؛ د. هیمداد حوسێن، لە چاپکراوەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ،

سلێمانی ۲۰۱۹
۷۷- شنروێ- ئاسۆگە، یەکەمین گۆڤاری هەڵەبجە، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان- لقی هەڵەبجە، سلێمانی ۲۰۱۹
۷۸- باڵیۆزی کوردایەتی، کتێبێکی هاوبەشە لەگەڵ؛ خەلەف غەفور و رزگار چوچانی، لە بڵاوکراوەکانی مەودا میدیا، سلێمانی ۲۰۲۰
۷۹- رێزگرتن لە (۸۰) ساڵەی تەمەنی عومەر شێخمووس، شۆڕشگێڕ، ئەکادیمی و دیپلۆماتی کورد، پڕۆژەی هاوبەشە لەگەڵ؛ ئەحمەد ئەسکەندەری، هاشم ئەحمەدزادە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی ۲۰۲۲
۸۰- کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری، سلێمانی ۲۰۲۲
۸۱- ئەگنێتا؛ یەکەمین ژنە پێشمەرگەی بیانی لە شۆڕشی نوێدا، لە بڵاوکراوەکانی ئینستتیوتی نارین، سلێمانی ۲۰۲۲
۸۲- آگنیتا کلینگ، اول امراة سویدیة بین صفوف الپیشمرگة، ت: یاسین حسین، الناشر: مرکز نارین، سلیمانیة ۲۰۲۳
۸۳- هونەرەکانی ئەدەب لە رۆژنامەگەریی نهێنی کوردیدا ۱۹۶۱-۱۹۹۱، تاران ۲۰۲۳ "نامەی ماجستێر"، چاپخانەکانی تاران ۲۰۲۳
۸٤- ئایکۆنی بەرەنگاری لە هەردوو گۆڤاری نووسەری کورد و نووسەری کوردستاندا، تاران ۲۰۲۳ "تێزی دکتۆرا"، چاپخانەکانی تاران ۲۰۲۳
۸۵- ب خاترێ تە ستۆکهۆڵم! د. سەلاحەددین راستگەلدی، رۆهات ئالاکۆم، پیتگۆڕین، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر ۲۰۲۳
۸٦- مێژووی رۆژنامەگەریی پارتی دیموکراتی کوردستان- باڵی مەکتەبی سیاسی (۱۹٦٤-۱۹۷۰)، هەولێر ۲۰۲۳

٨٧- دەربارەی پێویستی بوونی پارتی پێشڕەومان، جەلال تاڵەبانی، پێشەکی و ساغکردنەوە؛ نەوزاد عەلی ئەحمەد، سامی قادر، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی ٢٠١٤

٨٨- حول المشكلة الكردية في العراق، جلال الطالباني، اعداد ومقدمة؛ نوزاد علي احمد، من مطبوعات صحيفة كوردستانی نوێ، مطبعة كارۆ، السليمانية، ٢٠٢٤

٨٩- رۆژنامە و رۆژنامەنووس ئاوابن، مام جەلال، ئامادەکردن و پەراوێزنووسین؛ ستران عەبدوڵڵا، نەوزاد عەلی ئەحمەد، لە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ٢٠٢٥

٩٠- BIR KURDT DEVRIMCISI OMER SEYHMUS un HAYATINDAN KESITLER. وەرگێڕانی کتێبی پشکۆیەک لە خۆڵەمێشدا بۆ سەر زمانی تورکی، لە بڵاوکراوەکانی وەشانخانەی دۆز، ئیستەنبوڵ، ٢٠٢٥

٩١- AGNETA KLING Pesmerge Saflarinda Isvecli Bir Kadin، وەرگێڕانی ئەم کتێبەمە بۆ سەر زمانی تورکی " ئەگنێتا؛ یەکەمین ژنە پێشمەرگەی بیانی لە شۆڕشی نوێدا". لە بڵاوکراوەکانی وەشانخانەی دۆز، ئیستەنبوڵ ٢٠٢٥

٩٢- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، مانیفێستی شۆڕش لە برادۆست، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای راگەیاندن و هۆشیاری- بۆردی هۆشیاری/ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سلێمانی ٢٠٢٥

٩٣- Bizota Di Bin Xweliye De، پشکۆیەک لە خۆڵەمێشدا، بە کرمانجی، لە بڵاوکراوەکانی وەشانخانەی DOZ دۆز، ئیستەمبۆڵ ٢٠٢٥

٩٤- AGNETA KLING، د ناڤ رەفێن پێشمەرگەیان ژنەکە سویدی، بە کرمانجی، لە بڵاوکراوەکانی وەشانخانەی DOZ دۆز، ئیستەنبوڵ ٢٠٢٥

## بڵاوكراوەكانی بۆردی هۆشیاری بۆ ساڵانی ( ٢٠٢٤- ٢٠٢٦)

| ت | ناوی بڵاوكراوەكان | نووسەر - وەرگێڕ | ژ. لاپەڕە | زمان | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١- | الدولة الفاشلة | عدنان منصور | ١٧٦ | عەرەبی | ٢٠٢٤ |
| ٢ - | پێكهاتنی ژیانی حزبایەتی لەجیهاندا | محمد فاتح | ٤٢٠ | كوردی | ٢٠٢٤ |
| ٣ - | مواقف و آراء | جلال طالباني | ٣١٢ | عەرەبی | ٢٠٢٤ |
| ٤ - | شۆڕشی نویَ له پراكتیكدا | جەلال تاڵەبانی | ٢٩٤ | | ٢٠٢٤ |
| ٥ - | الهم الوطني – دوو بەرگ | اعداد: محمد شيخ عثمان | ٩٦٩ | عەرەبی | ٢٠٢٤ |
| ٦ - | یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و ڕەهەندەكانی جەنگی جیهانی دژ بە تیرۆر-ژ. (١) زنجیرە نامیلكەی هۆشیاری | فەرید ئەسەسەرد | ٩٤ | كوردی | ٢٠٢٤ |
| ٧ - | پۆپۆلیزم و دیدگای یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان – ژ. (٢) زنجیرە نامیلكەی هۆشیاری | ڕێكەوت اسماعیل | ٦٤ | كوردی | ٢٠٢٤ |
| ٨ - | بیرەوەرییەكانم | نەجمەدین گلی | ٢٢٤ | كوردی | ٢٠٢٤ |
| ٩ - | دەركەوتن لە میدیا – ڕێنمایی سەرەتایی بۆ كاندید | بەهێز حسێن | ٣٦ | كوردی | ٢٠٢٤ |
| ١٠ - | سنورەكانی دیموكراسی لە هەرێمی كوردستان | د. ئەكرەم میهرداد | ٦٢ | كوردی | ٢٠٢٤ |
| ١١ - | بەشێك لە وتارە ڕۆژنامەوانییەكان – بەرگی یەكەم | سامی قادر | ٢٩٤ | كوردی | ٢٠٢٤ |
| ١٢ - | تۆماری سەروەری (٨ بەرگ) | ئازاد سەراوی | ٥٢٣٠ | كوردی | ٢٠٢٤ |
| ١٣ - | جەنگی سارد | ڕێكەوت ئیسماعیل | ٥١٠ | كوردی | ٢٠٢٤ |
| ١٤ - | ڕەهەندی تەندروستی ـ بەرگی دووەم | گۆران سەلام محمد | ٥٥٢ | كوردی | ٢٠٢٥ |
| ١٥ - | ڕەهەندی تەندروستی ـ بەرگی سێهەم | گۆران سەلام | ٥٤٠ | كوردی | ٢٠٢٥ |
| ١٦ - | الشرارة – دوو بەرگ | پرۆژەی هاوبەش – بنكەی ژین | ١٥٢٧ | عەرەبی | ٢٠٢٥ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| -١٧ | ڕاگەیاندن و هونەر لە شۆڕشی نوێدا | عەباس عەبدولڕەزاق | ٢٠٩ | کوردی | ٢٠٢٥ |
| - ١٨ | شۆڕشەک ژ هەلەمورا شۆڕشەکێ ٣٨ کاروانێ شۆڕەشگێران | ن: بلند شالی<br>کوردیکرن: محسن عەبدولڕەحمان | ١٢٨ | کوردی | ٢٠٢٥ |
| ١٩ - | پارتیزانەکانی دوای ئەنفال | محمد تەقی | ٤٥١ | کوردی | ٢٠٢٥ |
| ٢٠ - | فەرهەنگی سیاسی | برایم جەلال | ٢٣٦ | کوردی | ٢٠٢٥ |
| ٢١ - | سەروەرانی زیندانیانی موسڵ | ئامادەکردنی: ئەمیرە محمد | ٢٥٧ | کوردی | ٢٠٢٥ |
| ٢٢ - | شۆڕشی نوێ و یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لە شاخ | محمد شێخ عبدالکریم سۆڵەیی | ٥٧٨ | کوردی | ٢٠٢٥ |
| ٢٣ - | في ادبيات حركة الكردايتي | ن: ستران عبدالله<br>ت: علي شمدين | ٥٣ | عەرەبی | ٢٠٢٥ |
| ٢٤ - | کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد | جەلال تاڵەبانی | ٤٥٨ | کوردی | ٢٠٢٥ |
| ٢٥ - | یەکیتیی نیشتمانی کوردستان بۆچی؟ لەگەڵ دەقە عەرەبییەکەیدا | دەقی عەرەبی: جەلال تاڵەبانی<br>وەرگێران: شاسوار جەلال | ٩٢ | کوردی | ٢٠٢٥ |
| ٢٦ - | سەنگەر و خوێن | ئامادەکردنی: ئەمیرە محمد | ٤٤٨ | کوردی | ٢٠٢٥ |
| ٢٧ - | بنیادی خەباتی نهێنی و کۆمیتەی ئاگر | ئەمیرە محەمەد | ٤٣٨ | کوردی | ٢٠٢٥ |
| ٢٨ - | گەشتێک بەناو فیکر و فەلسەفەی جیهاندا | ئەردەڵان عەندوڵڵا | ٥٧٦ | کوردی | ٢٠٢٥ |
| ٢٩ - | كركوك الهدف الخفي و هوية المكان | لطيف فاتح فرج | ١٥٨ | عەرەبی | ٢٠٢٥ |
| ٣٠ - | نامیلکەی مام جەلال – لەپەراوێزی ئەدەبیاتی مورافەعەی کەرکوکەوە- ژ. (١) زنجیرە نامیلکەی هۆشیاری | ستران عەبدوڵڵا | ٣٤ | کوردی | ٢٠٢٥ |
| ٣١ - | شەوێک لە شازدە مانگەی ئینفرادی ئەمنی هەولێر | محەمەد مەنگوڕی | ٩٤ | کوردی | ٢٠٢٥ |
| ٣٢ - | چراکانی شاخ – چەپکێ لە خەباتی مامۆستایانی شۆڕشی نوێ | محەمەد حەمە تەقی | ٢٣٨ | کوردی | ٢٠٢٥ |
| ٣٣ - | نەفرەتا زێڕێ ڕەش – ئەزمونا حوکلڕانی یا کوردی | د. هاشم زێباری | ٢٣٤ | کوردی | ٢٠٢٥ |
| ٣٤ - | مؤتمرات المعارضة العراقية و خطاب مام جلال الوحدوي – مؤتمر لندن نموذجا | عەدالەت عەبدوڵڵا | ٨٤ | عەرەبی | ٢٠٢٥ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| -٣٥ | مقالات فكرية صحفية | جلال طالباني<br>اعداد و كتابة<br>هوامش: سامي قادر | ٣٦٦ | عەرەبی | ٢٠٢٥ |
| ٣٦ - | ئەدەبیاتی مام جەلال – کلیلێک بۆ مام ناسی | ستران عەبدوڵلا | ١٧٦ | کوردی | ٢٠٢٥ |
| ٣٧ - | شکاندنی زیندانیانی سێدارەی موسڵ(١٩٨٠- ١٩٨١) | دەرسیم پێشەوا | ٢٤٠ | کوردی | ٢٠٢٥ |
| ٣٨ - | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان - مانیفێستی شۆڕش لەبرادۆست | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ١٧٤ | کوردی | ٢٠٢٥ |
| ٣٩ - | خەرمانی خزمەت – بیرەوەری و دیدارەکانی شێخ بایز تاڵەبانی | ئامادەکردن و پێداچونەوە<br>هێمن کامل – بارام سوبحی | ٢٠٠ | کوردی | ٢٠٢٥ |
| ٤٠ - | هونەری ژیانێکی باش | وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محمد کریم عارف | ٣٨٠ | کوردی | ٢٠٢٥ |
| ٤١ - | وهج التاريخ | عماد احمد<br>ترجمة: د. بندر علي اكبر شاكه | ٣٠٨ | عربی | ٢٠٢٦ |
| ٤٢ - | کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان | ئاوات محمد امين | ١٦٨ | کوردی | ٢٠٢٦ |
| ٤٣ - | طريق الحرير | عدنان منصور | ٢٠٢ | عربی | ٢٠٢٦ |
| -٤٤ | منداڵ لەجینۆسایدی ئەرمەندا | وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:<br>محەمەد حەمە ساڵح | ٢٠٢ | کوردی | ٢٠٢٦ |